پ.د. تەها جابر عەلوانی

وەرگێڕانی: د.حەسەن محەمەد

پێکەوە خوێندنەوەی سرووش و گەردوون

(الوحي والكون)

له بڵاوكراوەكانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی (٤٩)

پێکەوە خوێندنەوەی سرووش و گەردوون

پ.د. تەها جابر عەلوانی

ئەم كتێبە:

لێكۆڵینەوەیەكی كورتە توێژەران لە هەموو تایبەتمەندییە جۆاوجۆرەكان بەئامانج دەگرێت، بۆ تێگەیشتن و بەرجەستە كردنی هەردوو خوێندنەوەكە، خوێندنەوەی سرووش (وحی) و خوێندنەوەی گەردوون (الكون) لە هەموو كایەكانی ژیاندا، بۆ ئەوەی لێهاتوانیان لە لایەنە جۆراوجۆرەكانی ئەم بابەتە بكۆڵنەوە، هەریەكەیان لە ڕووی پسپۆڕی و گرنگی پێدانی خۆیەوە ئەم بابەتە تاووتوێ بكات، بەمە ئەم بابەتە دەوڵەمەند دەبێت و وردەكارییەكانی پێدەگات، ئاسان دەبێت بۆ ئەوەی پێشكەشی توێژەران بكرێت بەوپێیەی بكرێتە دیاریكەرێكی (محدد) پەیڕەویانە كە لەداهاتودا لەدوا پێیگەیشتن و گەڵاڵەبوونی هاوكارێكی باش بێت بۆ چارەسەر كردنی زۆرێك لە ئاریشە مەعریفییە جیاوازەكانی وەك: فەلسەفەی زانستە سروشتیی و لێكۆڵینەوە ئاینیی و تەواوی زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتیی و هەندیك لە بابەتە فیكرییەكان.



پ.د. تەها جابر عەلوانی

- سالی (١٣٥٤ك/١٩٣٥ز) لە عێراق لەدایكبووە.
- خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە بواری (أصول الفقه) لە كۆلێژی شەریعە و یاسا لە زانكۆی ئەزهەر سالی (١٣٩٢ك/١٩٧٣ز).
- بڕوانامەی ماستەری لە كۆلێژی شەریعە و یاسا لە زانكۆی ئەزهەر لە سالی (١٣٨٨ك/١٩٦٨ز)بەدەستهێناوە.
- بڕوانامەی لیسانسی لە كۆلێژی شەریعە و یاسا لە زانكۆی ئەزهەر لە سالی(١٣٧٨ك/١٩٥٩ز) بەدەستهێناوە.
- بەشداری لە دامەزراندنی پەیمانگای جیهانی فكری ئیسلامی لە ویلایەتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا سالی (١٤٠١ك/١٩٨١ز) كردووە، پاشان بووەتە سەرۆكی پەیمانگەكە بۆ ماوەی ١٠ سال (١٩٨٦-١٩٩٦).
- سەرۆكی زانكۆی (القرطبة) بووە لە ویلایەتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا لە سالی (١٩٩٦ز) تا سالی (٢٠١٤)
- ئەندامی كۆڕبەندی فیقهی نێودەوڵەتی بووە لە (جدە) و سەرۆكی ئەنجومەنی فیقهیی بووە لە ئەمریكای ژورو.

....

وەرگێڕ:

د. حەسەن محەمەد ئیبراهیم.

- لەدایكبووی سالی: ١٩٧٧.
- دكتۆرا لە زانستە ئیسلامییەكان - پسپۆڕی لە بنەماكانی فقهـ و مەبەستەكانی شەریعەت.
- مامۆستا لە كۆلیجی زانستە ئیسلامیەكان/ زانكۆی سەلاحەدین.
- خاوەنی دوو كتێبی چاپكراو و چەندین توێژینەوەی زانستییە.

سەنتـەری زەهاوی بۆ لـێكـۆڵـیـنـەوەی فـیـكـریـی

سەنتەرێكی كوردستانی ناحكومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێكردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەكان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێكستە پیرۆزەكان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمكە مەعریفی و بەبایەخەكانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەكانی سەردەمدا.

ئامانجەكانی سەنتـەر:

- بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەكارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانكۆیی و پەروەردەییەكاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خودییەكانی ئەكادیمیانی كوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.
- پەرەپێدان و پەسەندكردنی روانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەركردنی كێشە و گرفتە هزرییەكاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەكاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتیبوون.
- كاراكردنی كەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەكانی بیری ئیسلامی لە كۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمكە فیكرییە دوێنراوەكان لە مێژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوكردنی گۆڕانەكانی سەردەم.
- پەرەپێدانی چەمكی ئیعتیدال لە كایە فیكری و مەعریفییە جیاوازەكاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.
- سەنتەر كاردەكات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێكەری، بەڵكو بە نەفەسێكی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشكاو و نەقڵی سەلمێنراو.

كۆكردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەكەدا

سرووش و گەردوون (الوحي و الكون)

دانانی:

أ. د. طه جابر العلواني

وەرگێڕانی

د. حسەین محەمەد پشدەری

تەواوكاری زانستەكان

....

لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی
ژمارە (٤٩)

- نووسینی: أ. د. طه جابر العلواني
- وەرگێڕانی: د. حەسەن محەمەد پشدەری
- بابەت: هزری
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەكەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارە (   )ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

ناوەڕۆك

پێشەکی ٥
فەرمانکردن بەهەردوو خوێندنەوەکە ١٣
خوێندنەوەی یەکەم ٢٠
خوێندنەوەی دووهەم ٢٤
خوێندنەوەی دوو کتێبەکە ٢٦
خوێندنەوەکە دەبێت مرۆڤانەبێت ٢٧
یەکێتی مرۆڤایەتی ٢٨
هەڵەو نەرێنییەکانی خوێندنەوە تاکەکەسییەکان ٢٩
پشتگوێخستنی خوێندنەوەی یەکەم ٣٠
پشتگویٚ خستنی خویندنەوەی دووهەم ٣٥
پڕۆگرامسازی مەعریفی قورئانی پیرۆز ٣٦
محددات ومعالم ٤١
ڕۆڵی خوێندنەوەی فەرمووده (السنة) ٤٣
کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکەو دەروازەکانی ٥١
١. دابەزاندنی قورئان بۆ سەر دڵ و دەروون لەلایەن خوێنەرەوە ٥٢
٢. دەروازەی باوەڕبوون بە (یەکێتی بینای قورئانی پیرۆز) ٥٣
٣. دەروازەی دەرچوون لە باوەڕبوون بە (یەکێتی سوورەت)ـەوە ٥٣

٤. دەروازەی بەهابەرزەکان (یەکتاپەرستی،خۆپاککردنەوە، ئاوەدانکردنەوە)... ٥٥
١. دەروازەی چوونە نێو مەیدانی قورئانی پیرۆز ٥٩
١. دەروازەی (ڕێکخستنی بابەتییانە) ٦١
٢. دەروازی لێکۆڵینەوە لە گونجاندنەکان ٦٤
دەروازەکانی خوێندنەوەی گەردوون ٦٦
١. دەروازەی دروستبوون ٦٦
٢. دەروازەی بایەخپێدان ٧٨
٣. دەروازەی تێڕوانین لە ژینگەی بابەتییانەی دەرەکی ٨٨
چۆنیەتی کۆکردنەوە لەنێوان هەردوو خوێندنەوەکە ٩٠
١- دووبارە بنیاتنانەوەی تێڕوانینی ئیسلامی مەعریفییانە ٩٨
٢- دووبارە پشکنین ودانانەوەی بناغەکانی پرۆگرامە ئیسلامییەکان.. .. ٩٩
٣- ڕێکخستنی پرۆگرامێك بۆمامەڵەکردنی لەگەڵ قورئانی پیرۆز ٩٩
٤- پرۆگرامی مامەڵەکردن لەگەڵ سوونەتی پێغەمبەر(درودی خوا لەسەر) ١٠٢
٥- دووبارە خوێندنەوەی کەلەپووری ئیسلامی ١٠٩
٦- دروستکردنی مەنهەجێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری ١١٠
کارەکە قورئانیە، هەروەها جیهانییشە ١١٣
پرۆگرامێتی قورئانی پیرۆزو چارەنووسی مرۆڤایەتی ١١٧
پاشەکی ١٢٥
لیستی سەرچاوەکان ١٢٩

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان، داوای لێخۆشبوون و یارمەتی و ڕێنمایی لێ دەکەین و پەنا دەگرین بە پەروەردگار لە خراپی دەروون و کردەوە هەڵەکانمان.

درووود و سڵاو دەنێرین بۆ سەر گیانی پاکی محەممەد بەندەو نێردراو و پاڵفتەکراو و خۆشەویستی پەروەردگار و هەڵبژێردراوی لەنێو دروستکراوەکانی، هەروەها بۆ سەر گیانی خاو و خێزانە پاك و بێگەرد و هاوەڵ و هاوڕێ بەڕێزەکانی و هەرکەسێکیش شوێنی ڕێنماییەکانی بکەوێت، تا ڕۆژی دوایی.

لە پاشان: بەڕاستی قورئانی پیرۆز و بەشکۆ کە فەرمایشتی پەروەردگارە (بەرز و پیرۆز بێت) ناردوویەتی بۆ سەر دڵ و دەروونی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر بێت) بۆ ئەوەی ببێتە مژدەبەخش و ترسێنەر بۆ جیهان. ئەم قورئانە، ڕۆشنکەرەوەیەکی ئاشکرایە، یاد و باسە پڕ داناییەکانە، پەڕتووکی خودای باڵادەستە، خەڵکی لە کێشە و گرفتەکان دەردەهێنێت و لە مەینەتیەکان ڕزگاریان دەکات و دڵە نەخۆشەکانیش چارەسەر دەکات: **{يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ}**﴿المائدە: ١٦﴾.

ماناى: بێگومـان خـوا بـەم قورئانـە پـیرۆزە رێنمـوویی ئـەو کەسـانە دەکات کە شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسـوودەیی و لـە تاریکیـەکان دەریانـدەهێنێت و دەیانخاتـە نێـو ڕووناکییەوە بە فەرمانی خۆی و ڕێنموییشیان دەکات بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست. ئەو قورئانە پیرۆزە رێنماییمان دەکات بۆ ڕێگەی ڕاست، مایـەی ڕزگارییە لە گومڕایی، سەرسوڕهێنەرەکانی کۆتاییـان پێنایـەت، بـەهۆی زۆر خوێندنەوەو دووبارەکردنەوەیشی کۆن نابێت.

زانای پێشەوا، محەممەدی کـوڕی وەزیـر (لـە سـاڵی ٨٤٠ ك، کۆچـی دوایی کردووە)، لەکاتێکدا دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە گەڕانەوە بۆ قورئانی پیرۆز، زۆر پێویستە، پێغەمبەری خوا (درروودی خوا لەسـەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) هانمان دەدات لەسـەر پێویـستی پێشخـستنی لەسـەر هـەموو شـتێکی دیکـە، دەفـەرمویت: "... بـا تـەنها یـەك فەرمودەی بەناوبانگ (مشهور) بەنموونە بهێنینەوە کە هاوشێوەکانیمان بەبیر دەهێنێتەوە، کە گـەورە و پێـشەوا ئـەبو تالیـب (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) لـە پەڕتووکەکـەی (الأمـالي) و هـەروەها حـافزی فـەرموودەناس، پێـشەوا ئـەبو عیـسای تیرمیـزی[١] لـە سـوونەنەکەی

([١]) ئەم فەرموودەیە ئیمامی تیرمیزی لە جامیعەکەیدا (١٧٢/٥) بـە ژمـارە (٢٩٠٨) لـە بـابی (فضل القرآن) ڕیوایەتی کردووە، هەروەها خاوەنی کتێبی (إیثـار الحـق) لـە کتیبەکـەی (تـرجیح أسالیب القرآن علی أسالیب الیونان) لا:١٥ دار الکتب العلمیة، هێناویەتی.

(الجامع الكبير)دا له حاريسى كوڕى عەبدوڵلا دەيگێڕێتەوە، هەمەزانى هاوڕێى پێشەوا عەلى (سەلامى خواى لەسەر بێت) دەفەرمووێت: چووم بۆ مزگەوت، بينيم خەڵك دەميان خستۆتە نێو قسە و قسەلۆك و چيرۆك و شتى بێ سوودەوە، چووم بۆ لاى پێشەوا عەلى (سەلامى خواى لەسەر بێت) ئەوەم پێ ڕاگەياند، فەرمووى: ئەو كارە دەكەن؟! وتم: بەڵێ، فەرمووى: دەبزانە گوێم لە پێغەمبەرى خوا بوو (دروودى خوا لەسەر خۆى و بنەماڵەكەى بێت) دەيفەرموو: (ألا إنها ستكون فتنة، فقلت: ما المخرج منها يا رسول الله؟ قال: كتاب الله فيه نبأ ما قبلكم و خبر ما بعدكم، و حكم ما بينكم، و هو الفصل ليس بالهزل، من تركه من جبار قصمه الله، ومن ابتغى الهدى في غيره أضله الله، وهو حبل الله المتين، وهو الذكر الحكيم، وهو الصراط المستقيم، هو الذي لا تزيغ به الأهواء، ولا تلتبس به الألسنة، ولا يشبع منه العلماء، ولا يخلق على كثرة الرد، ولا تنقضي عجائبه، هو الذي لم تنته الجن إذ سمعته حتى قالوا: {**إِنَّا سَمِعْنَا قرآنا عَجَبًا يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ**} من قال به صدق، ومن عمل به أُجِر، ومن حكم به عدل، ومن دعا إليه هُدى إلى صراط مستقيم).

ماناى: بزانن لە مەودوا فيتنە بەرپا دەبێت، وتم: ئەى پێغەمبەرى خوا ئەى دەرچە و فريادڕەسمان چى بێت؟ فەرمووى: با پەڕتووكى پەروەردگار (قورئان) فريادڕەس و دەرهێنەرتان بێت، چونكە قورئان هەواڵى گەلانى پێش ئێوەى تێدايە و هەواڵى دواى ئێوەشى تێدايە، فەرمانڕەوا و داوەرە لە نێوانتان، بەڕاستى قورئان جياكەرەوەيەكە

گاڵتەی پێناکرێت، هەر کەسێك وازی لێ بهێنێت لە دەسەڵاتداران، خوا دەیشکێنێت، هەرکەسێك بێجگە لەو بەدوای ڕێنماییدا بگەڕێت، خوا گومڕای دەکات، ئەو گوریسی پتەوی خوایە، ئەو یادخەرەوەی پڕ دانابییە، ئەو ڕێگەی ڕاستە، ئەو بە ئارەزووبازی، خواروخێچی تێدا دروست نابێت، لەسەر زمانی ئیمانداران ئاسانە و لێیان تیکەڵ نابێت، زانایان تێری لێناخۆن، کۆن نابێت و بەهۆی زۆر خوێندنەوەو دووبارەکردنەوەی لێی بێزار نابین، ئەو، ئەو قورئانەیە کە جنۆکەکان وازیان نەهێنا کاتێك کە گوێیان لێ بوو، هەتا وتیان: **{إِنَّا سَمِعْنَا قرأنا عَجَبًا يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ}**.

مانای: ئێمە گوێمان لە خوێنراوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگەی ڕاست. هەرکەسێك بەم قورئانە قسە بکات ڕاست دەڵێت، هەرکەسێك کاری پێبکات پاداشتی دەدرێتەوە، هەرکەسێکیش فەرمانڕەوایی پێ بکات، دادپەروەری دەنوێنێت، هەرکەسێکیش بانگەوازی بۆ بکات ڕێنمای کراوە بۆ ڕێگەی ڕاست. (ئەم فەرموودە گەورەیە کۆتایی هات).

هەروەها زانای پێشەوا ئەبوتالیب (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە سەنەدێکی دیکە نزیك لەو مانایە لە پەڕتووکەکەی (الأمالي) لە مەعازی کوڕی جەبەل (خوا لێی ڕازی بێت)[1] لە پێغەمبەری خواوە (دروود و

([1]) ئەم ڕیوایەتەی مەعاز لە پێشەوا عەلی لە کتێبی (مجمع الزوائد)دا (١٦٤/٧) هاتووە.

سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) دەیگێڕێتەوە. هەروەها ئەبوسەعادات ئیبن ئەسیر لە پەڕتووکی (جامع الاصول) لە ڕێگەیەکی سێهەمەوە لە عومەری کوڕی خەتابەوە (خوا لێی ڕازی بێت)[1]

([1]) ئەم ڕیوایەتە لە ئیمامی عومەر (خوا لێی رازی بێت) لە کتێبی (جامع الاصول) بە ژمارە (٦٢٣٢) دەستتدەکەوێت، بەڵام لەوێ لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە، زانای لیکۆڵەری کتێبەکە مامۆستا عەبدولقادر ئەرنائوت دەفەرمووێت: لە وێنەی ڕەسەنی کتێبەکەدا بەو شێوەیە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووە، بەڵام لە چاپکراوەکەدا لە ئیمامی عومەرەوە هاتووە ئەو زانایە هیچ یەکێك لە ڕیوایەتەکانی بە پەسەند دانەناوە و جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ڕیوایەتەکەی ئیمامی ئەبوتاڵیب و ئیمامی تیرمیزی هەیە. ئەم فەرموودەیە زانای فەرموودەناس (ڕەزین)یش ڕیوایەتی کردووە، ئیبن کەسیریش لە کتیبی (فضائل القرآن)دا لە دوای فەرموودەکەی عەبدوڵلای کوڕی مەسعود بە مانا باسی کردووە، پاشان فەرموویەتی: ئەم فەرموودەیە ئەبو عوبەیدی قاسمی کوڕی سەلام لە کتیبی (فضائل القرآن)دا ڕیوایەتی کردووە و فەرموویەتی: ئەم فەرموودەیە لەم ڕووەوە غەریبە.

لە سونەنی دارەمییدا لە (٥٣٢/٢)دا بە ژمارە (٣٣١٥) لە عەبدوڵلاوە ئەم فەرموودەیە هاتووە و بەوە دەستپێدەکات کە دەفەرمووێت: (إن هذا القرآن مأدبة الله، فتعلموا من مأدبته ما استطعتم..). کۆتایی هێناوە بەوەی دەفەرمووێت: (فاتلوه فإن الله يأجركم على تلاوته...) بەڵام بەو لەفزەی کە هێناومانە ئیمامی دارەمی هێناویەتی بە ژمارە (٣٣٣١، ٣٣٣٢)... (نووسەر لێرە بەدرێژی باسی سەنەدی ئەم فەرموودەیەی کردووە، بە پێویستمان زانی کورتی بکەینەوە). (وەرگێڕ).

لە کۆتایی ئەم پەراوێزەدا، نووسەر دەفەرمووێت: ئەم فەرموودەیە لەوە زیاتر نییە کە فەرموودەی ئیمامی عەلی بێت (ڕەزای خودای لێبێت)، لەڕاستیدا فەرمایشتێکی جوان و ڕاستە لە ڕووی ماناوە، هاوشێوەی ئەم فەرموودەیە کەشایەتە لەسەر دروستی لەئیبن مەسعودەوە (ڕەزای خودای لێبێت) ڕیوایەت کراوەو ئایەتی ژمارەدوو لە سورەتی (جن)یش بەڵگەیە لەسەر دروستی مانایەکەی.

له هەندێك له سەرچاوەكانی شەرحكردنی فەرموودەكاندا پێناسەی (گرفتی فەرموودە، یان فەرموودەكان)ـیان بەوە كردووە كە بریتی بووە لە: گرفتی وابەستەبوون بە گێڕانەوەی فەرموودە و سوونەتەكان و وازهێنان لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و نەگەڕانەوە بۆ لای قورئان بەشێوەیەكی بەردەوام، هەندێكیشیان وتویانە بریتی بووە لە: گێڕانەوەی فەرموودە و ڕووداوەكان بە ڕەهایی، كەواتە هەر كامێكیان بووبێت ڕێگر بووە لە خەریكبوون بە قورئانی پیرۆزەوە، هەندێك لەوانەی وا دەڵێن سوودیان لەو فەرموودانە وەرگرتووە كە ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودەكان دەكەن و خەریكنەبوون بە بێجگە لە قورئانەوە، دووپات دەكەنەوە. طە دەڵێت: بەڵام جیاوازییەكە زۆر گەورەیە لە نێوان خەریكبوون بە فەرمایشتە ڕاستە بەرزكراوەكانەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەكەی بێت) كە بە شێوەی ڕوونكردنەوە بە هەموو جۆرەكانیەوە بۆ قورئانی پیرۆز هاتووە، لە نێوان خەریكبوون بە فەرموودەوە بە ڕەهایی، جیاوازییەكی گەورە هەیە لە نێوان خەریكبوون بۆ ڕوونبوونەوە و خەریكبوون بە مەبەستی دانانی فەرموودە لە جێگای قورئان و بێنیاز بوون لێی، بە بەڵگەی ئەوەی كە فەرموودەكان هەموو قورئان و مانایەكیان لە خۆگرتووە، یان بە هەر بەڵگەیەكی دیكە.

مەزهەبە فیقهییەكان لە سەدەی چوارەمی كۆچییدا بەتەواوی جێگیر بوون و ڕاوەستان لە تێكۆشان (الاجتهاد)ـی ڕەها، شوێنكەوتوانی مەزهەبەكانیش خەریكبوون بە فەرموودەی پێشەوایەكانیانەوە و نووسینەوەی سەرگوزشتە و ژیاننامەكانیان و كاركردن لەسەر كۆكردنەوەی خەڵك بۆیان، هەر كەس بۆ مەزهەب و پێشەواكەی خۆی.

هەندێكیان فەرموودەی ئەو پێشەوایانەیان وەك دەقە شەرعیەكان لێكردبوو، هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن و نەسخ و بابەتەكانی تایبەت بە دەقە شەرعیەكانیان لە دەقی فەرموودەی ئەو زانایانە بەكاردەهێنا. لە سەردەمی هاوەڵاندا ـ بەتایبەتی سەردەمی پێشەوایان ئەبوبەكر و عومەر (ڕەزای خوایان لێبێت) ـ هیچ شتێك سەرقاڵی نەدەكردن لە خەریكبوون بە قورئانەوە، كاتێك ساڵی چلەمینی كۆچیی تەواو بوو، چەندین تێڕوانینی فیقهی دەركەوت و خەڵكی پێیانەوە سەرقاڵ بوون.

کاتێکیش عەبدولعەزیزی باوکی عومەر والی بوو لە ساڵی (٨٣ هـ) بیری لە کۆکردنەوەی فەرموودە کردەوە، ئەوە پرۆسەیەك بوو کوڕەکەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز تەواوی کرد، بۆ ئەوەی فەرموودەکان ببن بە فیقهێکی جێگرەوەی فیقهی خیلاف، بۆ ئەوەی خەڵکی بۆ لای بگەڕێنەوە و ڕێگە فیقهییەکان جیاوازی لەناویاندا دروست نەکات، بەڵام خەڵکێکی زۆر خۆیان بە فەرموودەوە خەریك کرد و وازیان لە قورئانی پیرۆز هێنا، بە بەڵگەی ئەوەی هەر مانایەکانی قورئانی پیرۆز بگریت لەنێو ئەو فەرموودانەدا هەیە و پەیوەندی پێوەی هەیە، لەنێو فەرموودەکاندا بەڵگەیان بۆ فەرموودەی پێشەوا فیقهییەکان هێنایەوە، پاشان سەرقاڵبوون بە فیقهی پێشەوایەکانەوە و وازیان لە فەرموودەش هێنا، وایان لێهات فەرموودەی پێشەوایەکانیان دەوتەوە و جۆر و بە شیان لێدەکردەوە، تاوای لێهات نزیکبوو بوترێت شەریعەت بریتیە لە فەرموودەی ئەو پێشەوایانە، بە شێوەیەك زانای بەناوبانگی حەنەفی مەزهەب (الكرخي) رێگەی بۆ خۆی خۆشکرد، تا بڵێت: (هەر ئایەتێك پێچەوانە بێت لەگەڵ ڕای هاوڕێیانی مەزهەبی ئێمە، ئەوە، یان دەبێت تەئویل بکرێت، یان نەسخ بووەتەوە)!!

(جا هەر پاساوێك بهێنرێتەوە بۆ مەبەستی ئەو زانایە، یان وتەکەی سادە بکرێتەوە.. لە ڕاستیدا هەر قسەیەکی زۆر بوێرانەیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕەگەزپەرستی مەزهەبی لەو کاتەدا گەیشتووەتە ئاستی نەخۆشیی، بە شێوەیەك کە بنچینە بووەتە شوێنکەوتەی لق، بەڵکو بڕیاردەر لەسەری، کەواتە ناتوانین دووبارە بگەڕێینەوە بۆ بنیادنانەوەی ئوممەت و دەستکردنەوە بە ئامادەبوونی لە ڕووی شارستانیەتی و شایەتیدانی لەسەر خەڵکی، تاوەکو ئەم نەخۆشییە ترسناکانە تێنەپەڕێنین و چارەسەر نەکەین، خەڵکیش نەگەڕێنەوە بۆ قورئانی پیرۆز و نەیکەنەوە بە سەرچاوەی یەکەم و بنیادنەری بڕیارە شەرعییەکان و هەموو کاروبارەکانی ژیانمان، چونکە خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: **{وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِمْ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَى هَؤُلَاءِ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ}**. (النحل: ٨٩)

مانای: ڕۆژێك دێت لە هەموو ئوممەتێکدا شایەتێك دەنێرین لە خۆیان بۆ سەر خۆیان، تۆشمان هێناوە ئەی محەممەد (دروودی خوای لەسەر بێت) کە شایەت بیت لەسەر ئەو خەڵکە، قورئانیشمان بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، هیدایەتبەخش و ڕەحمەت و

دەیگێڕێتەوەو پاشان دەفەرموویێت: ئەم فەرموودەیە زانایان تاوەکو ئێستا دەیگێڕنەوە، ئەم فەرمودەیە لەگەڵ ناسراویشی، مەرجەکانی زانایانی فەرموودەناسی تێدایە و لەلایەن زانایانی بنەمایەکانی شەریعەت (أصول الفقه) وەرگیراوە، کەواتە بەپێی کۆدەنگی زانایانی زانستی فەرموودەناسی و مەعقول، مانایەکەی دروستە.

خوای پەروەردگار لەنێو پەرتووکەکەیدا شەریعەت و پرۆگرامی تەواوی داناوەو ئێمەی پێ ڕزگار کردووە لە گومڕایی و دەرگاکانی میهرەبانی و ڕێگەکانی ڕێنمایی خۆی بەم قورئانە لە گەردوون کردووەتەوە.

دەی سوپاس بۆ خوای پاك و بێگەرد لەسەر ڕێنماییەکەی و سوپاس بۆ ئەو لەسەر چاودێری و چاکەکانی، خوای بالادەست ئێمەی بێنیاز کرد لە هەموو شتێك، بێجگە لەم قورئانە، وەك خۆی دەفەرموویێت:

مزگێنیشە بۆ موسوڵمانان، لە هەر شتێکیشی جیاوازییمان هەبوو، پێویستە بگەڕێینەوە بۆی، هەروەها بگەڕێینەوە بۆ سوونەتی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت)، چونکە خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموویێت: {.. لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ.}. (النحل: ٦٤) مانای: بۆ ئەوەی هەرچی ئەو شتانەی خەڵکی کێشەیان لەسەری هەیە، بۆیان ڕوون بکەیتەوە.

کەواتە ئەو مانایەی کە لە فەرموودەکەدا، یان ئەسەرەکەدا هاتبوو، مانایەکی دروستە و خودی قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەکان شایەتی بۆ دەدەن. والله اعلم.

{أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ}. (العنكبوت: ٥١)

ماناى: ئایا بەس نییە بۆیان کە بەڕاستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆت و بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە، بێگومان لەو قورئانەدا ڕەحمەت و یادەوەری ئاشکرا هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمان دەهێنن.

لە خوای بەرز و بڵند داوا دەکەین وەك چۆن قورئانی گەورەو پێغەمبەری بەڕێزی (دروود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) پیٚ بەخشین، ئاواش قورئانی پیرۆز بکاتە بەهاری دڵەکانمان و ڕووناکی چاو و دڵمان و ئەوەی لێی نازانین فێرمانی بکات، ئەوەی لەبیرمان براوەتەوە لێی، بەبیرمان بهێنێتەوە و بیکات بە بەڵگە بۆمان، نەك لە سەرمان و ئەم قورئانە دەستمان ڕابکێشێت بۆ بەهەشتی بەرین، ئەو بیسەر و وەڵامدەرەوەیە.

فەرمانکردن بە هەردوو خوێندنەوەکە:

خوای گەورە هەر لە سەرەتایەکانی ناردنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز و لە سەرەتای ناردنی سرووشەوە، فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی (دروود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) کردووە بە دوو جۆر لە خوێندنەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ: {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥)}. (العلق: ١ـ٥)

ماناى: ئەى محەممەد (دروودى خواى لەسەر بێت) بخوێنە، بەناوى ئەو پەروەدگارەتەوە کە هەموو شتێکى دروستکردووە، مرۆڤى لە خوێنپارەیەکى هەڵواسراو دروستکردووە، بخوێنە پەروەردگارى تۆ لە هەموو کەس بەخشندەترە، مرۆڤى فێرى ئەو شتانە کردووە کە نەیزانیوە.

لەبەرئەوەى قورئانى پیرۆز دووبارەبوونەوە و هاوواتایى (مترادف) تێدانییە، ئایەتە پیرۆزەکانیشى پێویستى بە بەکارهێنانى ئامرازەکانى دووپاتکردنەوە نییە، بۆیە هەروشەیەك لە وشەکانى - ئەگەرچى لە سەرەتاوە هاوواتا، یان هاوشێوە دەربکەوێت، لەگەڵ وشەیەکى دیکە - بەڵام مانایەکى نوێ و جیاواز لەخۆدەگرێت، چونکە ئەگەرچى بە خودى وشەکەش، بە بەکارهێنانى قورئانییش بۆى ئەو مانایە نەگەیەنێت، بەڵام لە بوار و میانەى ڕیزبەندیى (السیاق)ى[1] وشەکاندا و بەپێى

---

[1] مەبەست بە ڕیزبەندى (سیاق): ڕیزبەندى لە قورئانى پیرۆزدا بریتیە لە بەرهەمهێنەرى گەیاندنى مانا و ئاڕاستەکەر بۆ ماناکان، لەگەڵ زۆر بایەخدانى ڕەوانبێژەکانیش بەم بابەتە و قسەى زۆریان لەبارەیەوە، بەڵام نابینین پێناسەیەکى گشتگیر و تەواویان بۆ کردبێت، وەك بڵێى وایان داناوە کە بەبێ پێناسەکردن، مانایەکەى دەزاندرێت، یان وتویانە بە باسکردنى، وەسفەکانى روونکردنەوەى شوێنەوارەکانى، بۆیە پێناسەیان نەکردووە. زانایانى ئوصولێش گرنگییەکى زۆریان داوە بە ماناى ڕیزبەندى (السیاق)، چونکە ڕیزبەندى ڕێنماییمان دەکات بۆ ڕوونکردنەوەى ڕستە کورتەکان و دیارییکردنى مانا لێکنزیك و تێکەڵەکان و دڵنیاکردنمان لەوەى تەنها لە ڕیزبەندییەکە دیارییکراوە، هیچ مانایەکى دیکە هەڵناگرێت، چونکە ماناى دەقەکان دوو جۆرن: ماناى ڕاستى (الحقیقي) و زیادە (إضافي)، ماناى ڕاستى، شوێن ویستوو مەبەستى قسەکەر

ڕەچاوکردنی شوێن و پـێش و پـاش (سـیاق)ـی[1] هـەر مانایـەکی تـازە دەگەیەنێت، ئەمەش لە نیشانەکانی ئەو ئیعجازەیەتی کە بەرز و باڵاتری کردووە لە قسە و ئاخافتنی مرۆڤەکان، بۆیـە شـێوازی فـەرمانکردن بـە خوێندنەوە - کە دوو جار لەم پێنج ئایەتەدا دووبارەبووەتەوە - مانـای دووپاتکردنەوە، یان هاوواتـایی، یـان دوبارەکردنـەوە ناگەیـەنێت، وەك هەندێك لە زانایانی ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز بـۆی ڕۆیـشتون[2]، بـەڵکو

دەکەوێت و ئەم جۆرەیان جیاوازی تێدا دروست نابێت، بەلام زیادە (إضـافي) شـوێن تێگەیـشتنی گوێگر و چاکی هزر و زیرەکی و ڕوونی مێشك و شارەزایی بـە وشـەکان و پایـەکانیان دەکـەوێت، ئەم جۆرەیان جیاوازی زۆری تێدا دروست دەبێـت بـە گـوێرەی جیـاوازی گوێگرەکـان بـۆی. . . بگەڕێوە بۆ (بدائع الفوائد لإبن القيم) (١٠/٩١٤) واعلام الموقعين (١/٣٥٠، ٣٥١)، کچی خۆمان د. روقیە درێژەیەکی گرنگی لە بەرای مانای سیاق هێناوە و ئەو دابەشبوونانەشی لـە کـۆن و نوێدا بۆ کراوە، هێناویەتی، بەشێوەیەك کە توێژەران لـەم بارەیـەوە بێنیـاز نـابن لـە گەڕانـەوە بـۆی، بۆیە بگەڕێرەوە بۆ ئەم بابەتە لە توێژینەوە بەنرخەکەی (اثر العرف في فهم النـصص: قـضاية المراة انموذجا) رسالة الدكتورا، طبع ونشر و توزيع دار الفكر في دمشق، عام (١٤٣٢هـ/٢٠٠٣م) (ص٢٦٠-٢٦٥). هـەروەها بگـەڕێوە بـۆ توێژینـەوەی هاوڕێمـان (ابـراهيم اصـبان) کـە بەهۆیـەوە نمـرەی دکتۆرای بەدەستهێناوە بە ناونیشانی (دلالة السياق في القرأن) تا ئێستا چاپ نەکراوە بە چاپێکی گشتی.

[1] بەلام (السباق) زۆر نزیکـە لـە (الـسباق) کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر زانـینی هۆکارەکـان هەیە، بریتیە لە بەستنەوەی وشەکان و ئایەتەکان و سوورەتەکان بـەپێش خۆیانـەوە و کردنیـان بە یەك ئەڵقە لەنێو زنجیرەکی پێکەوەبەستراودا.

[2] وەك (القرطبـــي) کـە پێیوایـە (اقـرأ)ی دووهــەم دووپاتکردنەوەیـە و کردوویـەتی بـە تەواوکەری ئایەتی یەکەم (٢٠/١١٩). (الآلوسي) (٢٩/١٨٠)، باسنەکردنی وشەی (اقرأ)ی دووهـەم لەلایەن (الطبري) ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە پێیوایـە هاوواتایـە، یـان دووپاتکردنـەوەی یەکەمـە،

دوو فەرمان دەگەیەنێت بە دوو خوێندنەوە، هەریەکەیان مەبەست پێی مانایەکی سەربەخۆیە و هەریەکەیان تایبەتمەندی و مەیدان و پەیوەندی و شێوازی جیای خۆی هەیە.

بگەڕێوە بۆ (٢٥٣/٣٩) لە تەفسیر (الطبري)، بەڵام پێشەوا ڕازی هەریەك لەو دوو (اقرأ)ـانەی بۆ مانایەکی سەربەخۆ ڕاڤە کردووە، لە هەندێك لەزانایان نەقڵ دەکات و دەفەرمووێ: (اقرأ)ی یەکەم بۆ خۆتە، هی دووهەم بۆ ڕاگەیاندنە، یان هی یەکەم بۆ فێربوونە لە جیبریل و هی دووهەم بۆ فێرکردنە، یان هی یەکەم بۆ نوێژی خۆتە، هی دووهەم بۆ دەرەوەی نوێژەکەتە). بڕوانە: تەفسیرەکەی (١٦/٣١). (البغوي)ـش لە تەفسیرەکەیدا (معالم التنزیل)دا دەفەرمووێ: (اقرأ) بۆ دووپاتکردنەوە دووبارەی کردووەتەوە، پاشان بە ڕستەیەکی نوێ دەستی کردووە.. وربك الاكرم) (٤٧٩/٨).

هەرچی (ابن كثير)ـە لەبارەی (إقرأ)ی یەکەم و دووهەم هیچی باس نەکردووە (٤٥٩/٨)ط. دار الشعب، القاهرة، و (ابن الجوزي) لە کتێبی زاد المسير (١٧٦/٩) پێیوایە (إقرأ)ی دووهەم بۆ دووپاتکردنەوە (تأکید) هاتووە. (ابن عاشور)یش لە تەفسیرەکەی (التحرير والتنوير) (١٣٣/٢٠) سێ وتەی لەو بارەیەوە هێناوە: لە دووهەمینیان، لەوانە، دەڵێت: (.. پیتی (باء) لە (باسم ربك) بۆ هاوەڵداری (المصاحبة) هاتووە، (اسم) لە ڕستەکەدا دەبێتە حاڵ بۆ ئەو ڕاناوە(ضمیر)ەی کە لە (اقرأ)ی دووهەمدا شاردراوەتەوە و پێش بکەر (عامل)ـەکەی کەوتووە بە مەبەستی تایبەتکردن (الاختصاص). مانای: هاوڕێ لەگەڵ ناوی خودات، ئەوەی لەمەودوا بۆت سرووش (وحی) دەکرێت، بخوێنەرەوە. هاوڕێیەتی ناوی خودا بۆ تێبینیکردنی گەورەییەکەیەتی، ئەمەش بۆ جێگیرکردنی تاك و تەنیایی خودایە لە خوایەتیدا..).

ئەم ڕایە نزیکترینیانە لە مەبەستی ئێمە، بەڵام (الطوسي) پێیوایە پیتی (باء) زیادەیە، مەفعولی (إقرأ) بریتیە لە (اسم ربك)ـە، (إقرأ)ـی دووهەمیش مەفعولەکەی شاردراوەیە کە بریتیە لە (القرآن). بڕوانە التبيان: (٣٧٩/١٠).

بۆ پاڵپشتی لەم مانایەی سەرەوە، فـەرمانکردن بـە خوێندنـەوە لـە ئایـەتی یەکـەم لەگـەڵ وشـەی {اسْـمِ رَبِّـكَ} هـاتووە و پەیوەنـدی و وابەستەی (صله) وشەی {الـذي}ـیـە بریتییـە لـە وشـەی {الخلـق} لـە ئایەتی {. . . الَّذِي خَلَقَ(١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢)}. (العلق: ١، ٢)، کەواتـە لێـرەدا فەرمانکردنـە بـە فەراهـەمهێنانی کـرداری خوێندنـەوەو مەشقکردنە لەسەری، لەگەڵ داواکردنی هاوکاری لە خوای بەرز و بڵنـد، چونکە ئەو پەروەردگارەتە و دەزانێ تۆ: {وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِـهِ مِـنْ كِتَابٍ ولاَ تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لاَرْتَابَ الْمُبْطِلُونَ}. (العنكبوت: ٤٨)

مانای: تۆ ـ ئەی محەممەد ـ پێشتر هیچ کتێبێکت نەدەخوێنـدەوە و بەدەستی راستت نەتنووسیووە (ئەگەر وا بوایـە) ئەوکاتـە ناڕاسـتەکان (بێباوەڕان) دەکەوتنە گومان سازدان کە گوایـە دانـراو و هەڵبەسـتراوی خۆتە.

بۆیـە ئـەو (پێـت دەخوێنێتـەوە بـە شـێوەیەك هیـچکات لـە بـیرت ناچـێتەوە)، بـە پێـچەوانەی هـەموو خوێنـەرێکی دیکـە کـە دەگونجێـت لەبیری بچێتەوە، یان هەڵە بکات، کەواتە بە ناوی ئەو بخوێنەوە، خـۆت پەنا بدە بە ئەو لە شەیتانی نەفرەتلێکراو: {فَإِذَا قَرَأْتَ القرأن فَاسْـتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ}. (النحل: ٩٨)

مانای: ئەگەر هەر کاتێك ویستت قورئان بخوێنیت پەنا بگـرە بـەخوا لە شەیتانی نەفرەتلێکراو.

ئەو پەروەردگارەی کە تۆ و هەموو مرۆڤایەتی لە زەرووێك (علق) دروستکردووە، توانای هەیە کرداری خوێندنەوەش لە تۆدا دروست بکات، با پێشتریش توانایی خوێندنەوەت نەبووبێت، تەنها ئەوەی پێویستە لەسەرت ئەوەیە کە ئەوەی بۆمان سرووش (وحي) کردوویت ـ کە قورئانە ـ بیخوێنیتەوە. ئەو پەروەردگارەی کە تۆی دروستکردووە و گەورە کردووە لە زەروو (علق) و چاودێری کردوویت و هەموو شتێکی بە ئەندازە و ڕێکوپێکی دروستکردووە، توانای ئەوەی هەیە کە فێری خوێندنەوەشت بکات، وەك چۆن ئادەمی (سەلامی خوای لەسەر بێت) فێری ناوی هەموو شتەکان کرد، هەروەها وەك چۆن بابە گەورەت، ئیبراهیم و هەموو پێغەمبەران و نێردراوانی فێر کرد، ئاوا بە ناوی ئەو، لەسەر ناوی ئەو، لەگەڵ ناوی ئەو، بخوێنەوە.

لەمەشدا، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ئاگادارکردنەوەیەك هەیە بۆ جیاوازی پێغەمبەر (درووود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) لەگەڵ گەل و هۆزەکەی لەوەدا کە ئەوان کارەکانیان بە پشتبەستن بە لات و عوززا و مەناتی سێهەمین دەستپێدەکرد، کە ئەمانە هەمویان بت بوون، بۆ خۆیان دروستیان دەکردن و بتەکان ئەوانیان دروست نەکردبوو، بەڵام پێویستە پێغەمبەر (درووود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) بە ناوی خوا و بە پشتبەستن بە پەروەردگار خوێندنەوەو هەموو کارەکانی دەستپێبکات.

هەروەها لە فەرمایشتی: {. . خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢)}دا ئاگادارکردنەوەیەك بۆ پێویستی خوێندنەوە بۆ بەدیهێنراوەکان هەیە، بەشێوەیەك کە دەستپێبکات بە خوێندنەوە بۆ خودی مرۆڤایەتی، هەر لە سەرەتای دروستبوونەوە تا کۆتایی ژیان بە هەموو دۆخ و قۆناغەکانیەوە، کەواتە بەرنامەی قورئان بۆ خوێندنەوەی بەدیهێنراوەکان لە خوێندنەوەی خود بە ئاڕاستەی بوونەوەر و ئاسۆیەکانی دەستپێدەکات، کە لە ڕاستیدا ئەمەیە خوێندنەوەی گونجاو و دروست.

دەستپێکردن بە یەکتاپەرستی پەروەردگاریەتی (توحيد الربوبية)، نەك یەکتاپەرستی خوایەتی (توحيد الألوهية) ئاگادارکردنەوەی تێدایە بۆ هەنگاوێکی دیکەی بەرنامەدار، کە بریتییە لە دەرچوون لە بەرجەستەکانەوە بەرەو ڕووی نابەرجەستەکان، چونکە مرۆڤ توانای زیاتری هەیە بۆ تێبینیکردنی شتە بەرجەستەکان، نەك تێڕوانین و تێبینیکردنی نابەرجەستەکان، لەبەر ئەوەی دروستکراوەکان و جوانیی دروستکردنیان و ڕێکخستنیان و ڕێسا و یاسایەکانیان بریتین لە شتە بەرجەستەکان کە دەبینرێن و بە هەموو هۆکارەکانی هەستپێکردن، هەستیان پێدەکرێت، بەڵام نابەرجەستە بریتییە لە یەکتاپەرستی (التوحيد) بە هەموو جۆرەکانیەوە کە ـ بە تێڕوانینێکی دروست لە شتە بەرجەستەکان ـ پێی دەگەین.

کەواتە تێڕوانین بۆ شتە بەرجەستەکان کۆتایی ڕێگەکە نییە، بەڵکو سەرەتایە بۆ تێڕوانین و گەیشتن بە نابەرجەستەکان.

لێرەدا دەگونجێت مرۆڤ هەست بە کرداری پەنهان (فعل الغيب) بکات لە ژیانی ڕۆژانەیدا و لەوێوە بگات بەو گرێدانەی کە پێویستە لە نێوان پەنهانی (الغيب) ـ بە هەموو پێکهاتەکانیەوە ـ و لە نێوان مرۆڤ و بوونەوەردا، دروستی بکات.

خوێندنەوەی یەکەم:

کەواتە فەرمانی یەکەم بە خوێندنەوە بریتیە لە فەرمانکردن بە خوێندنەوەیەك کە[1] بە ناوی خواوە بێت، یان لەسەر ناوی خوای باڵادەست و لەگەڵ ئەو بێت، بۆ ئەو سرووشانەی (کە بەدوای یەکدا بۆ پێغەمبەر (دروود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) دێتە خوارەوە و بەردەوام دەبێت هەتا دەبێتە قورئانێکی گەورەو بەڕێز و پارێزراو، قورئانێك ئایەتەکانی ڕوون و ئاشکراو دامەزراو و یەکانگیر و لەگەڵ یەك گونجاو و وێکچوو دەبێت، ئەی محەممەد دەیخوێنیتەوە بۆ خەڵکی و بۆیان ڕون دەکەیتەوە بۆ ئەوەی لێوەی فێری ڕێنمایی و هۆش و گرتنەبەری ڕێی ڕاست بن، تا دەروونیان پاك ببێتەوەو ژیانیان بە خاوێنی بڕوا بەڕێوە، ڕێنمایی لێوەربگرن لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانی جێنیشینییدا (الخلافة)، لە کاتی هەستانیان بەجێبەجێکردنی

---

(١) بگەڕێرەوە بۆ تەفسیری ڕازی، ئەو ئەو ڕایەی بەلاواز داناوە - کە ڕای زۆرێك لە موفەسیرینیشە - کە دەڵێت: پیتی (باء) لە (باسم ربك) زیادە و ئەو ڕایە هەڵدەبژێرێت کە دەڵێت زیاد نییە و سێ ڕای لەبارەوە باس دەکات (١٣/١٣–١٤). بشڕوانە تەفسیری (التحرير والتنوير) (٤٣٦/٢)، لەوێ دەفەرمووێ: پیتی (باء) بۆ هاوکاری وەرگرتن (الاستعانة) و هاوڕێیەتی (المصاحبة)یە، یان بە مانای (علی)یە، ئەمەش نزیکە لەوەی ئیمامی ڕازی باسی کردووە.

ئیمامی ئالوسیش لە (روح المعاني) ط: مكتبة دار التراث — القاهرة، هەر وا دەفەرمووێت، (الطباطايي) لە (الميزان) دەڵێت: پیتی (باء) بۆ هاوکاتییە (الملابسة)یە. (٣٢٣/٢٠)

ئـەو ئـەرك و ئەمانـەت و مـافی ئاوەدانکردنەوەیـەی کـە لەسـەر شـانیان دانراوە.

جا گومانی تێدا نییـە کاتێـك کـە پێغەمبـەر (درووود و سـەلامی خـوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) وەڵامی دایەوە بەوەی کە ئەو خوێنـەر نییە و توانای خوێندنەوەی نییە[1] جوان لـە مەبەسـتەکە تێگەیـشتبوو، کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی ئەوەی کە بۆی دەخوێنرێتەوە، لەکاتێکدا کە ئەو نازانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت و زانیاری لەسەر ئەو شتە نییە کە دەیخوێنێتەوە، هەر بۆیە خوای گەورە خوێندنەوەی لـە ئایەتەکـەدا بەستەوە بەناوی خۆیەوە و فەرمووی: **{بِاسْمِ رَبِّكَ}**.

هەروەکو ئەوەی پێی بفەرموویێت: تۆ لە ئەنجامدانی ئەو کـارەی کـە نایزانیـت تـەنیا نابیـت، بـەڵکو ئـەو پەروەردگارەشـت کـە زۆر شـتی پێبەخشیویت لەگەڵ دەبێت و توانای هەیە لەسەر ئەوەی فێرت بکـات، بەدیاریکراوی چۆن ئەو فەرمانانـەی پێـی کـردووی جێبـەجێیان بکـەی، سەرەرای ئەوەش شتێکی دیکـەت پێدەبەخـشێت کـە ئـەویش ئەمەیـە: هەروەك چۆن ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد، چۆن ئیبراهیم و موسا

---

[1] ئاماژەیە بۆ فەرموودەی (بدء الوحي) کە ئیمـامی بوخـاری ڕیوایـەتی کـردووە لـە بـابي (كيف بدأ الوحي إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم) وقول الله ـ جل ذكره ـ: {**إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِنْ بَعْدِهِ**} (النساء: ١٦٣) الحديث رقم: (٢، ٣).

و عیسا و بێجگە لەوان، لە پێغەمبەران و نێردراوانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) پێش تۆی فێر کرد، ئاوا بە ناوی ئەو بخوێنە.

داوای یارمەتی لە ئەو بکە بۆ خوێندنەوەکەت، ئەو یارمەتیت دەدات و لەگەڵت دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی بۆ خەڵك و فێرکردنیان و بە بەڵگەهێنانەوەی بۆیان.

کە پەروەردگار لە ئایەتەکەدا باسی خودی مرۆڤ و بە دیارییکراوی باسی دروستکردن دەکات، دەیەوێت دڵنیایی ببەخشێت بە پێغەمبەر (درووود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) بەوەی کە بەخشینی توانای خوێندنەوەی سرووش، شتێکی ئەوەندە قورس و گران نییە بەلای ئەو خوایەوە کە هەموو شتێکی دروستکردووە و مرۆڤیشی لە زەروو (علق) دروستکردووە، (بەڵکو ئەوەیانی زۆر بەلاوە ئاسانترە).

هەروەها لە باسکردنی دروستکردن (خلق) لە ئایەتەکەدا، ئامادەکردنی هزر و مێشك و دەروونی پیرۆزیەتی (درووود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) بۆ ڕوونکردنەوەو باسکردنی جۆری دووهەم لە خوێندنەوە.

خوێندنەوەی دووهەم:

بریتیە لە خوێندنەوەی گەردوون و تێڕوانین لە دروستکراوەکان و زانینی ئەوەی مرۆڤەکان بە پێنووسەکانیان تۆماریان کردووە لە تێڕوانین و تێگەیشتنیان بۆی و ئەو ئەزموونەی لەو تێڕوانینەیان فێری بوون، هەر بە گوێرەی ئەم خوێندنەوەیەش، قورئانی پیرۆز (بەڵگەی دروستکردن و بەڵگەی بەدیهێنانی دارشتووە و داوای لە مرۆڤ کردووە تێڕوانینی لۆژیکییانە بکات بۆ بوون و تێڕوانین و خوێندنەوەش بۆ شوێنەواری گەلانی پێشین و زانینی ئەوەی کەبەسەریان هاتووە، بکات).

بەم شێوەیە، ئەم خوێندنەوەیەی فەرمانی پێکراوە دەبێتە دوو خوێندنەوە: خوێندنەوەیەك بەناوی خوا بۆ قورئانی پیرۆز، خوێندنەوەیەکیش بۆ گەردوونی دروستکراو و هەرشتێك کە پەیوەندی پێوەی هەبێت لە جیهانی دروستکراو و ویستی خوایی (التشیؤ)، لەنێو ئەوانیشدا خوێندنەوە بۆ کەلەپوور و شوێنەواری ئەو گەلانەی خوای گەورە چیرۆکەکانیانی لەقورئانەکەیدا تۆماری کردوون، چونکە بە هەردوو خوێندنەوەکە جیاوازی لە نێوان ئەو گەلانەدا دەردەکەوێت کە سوودیان لە سرووشی خوایی وەرگرتووە و شوێنی کەوتوون و ژیانیان پێ ڕۆشن کردووەتەوە، ئەو گەلانەیشی سرووشیان پشتگوێ خستووەو تەنها مامەڵەیان لەگەڵ سرووشت (**الطبیعة**) و گەردووندا کردووە، بێئەوەی ڕێگەی ژیانیان بە ڕێنمایی سرووش ڕۆشن کردبێتەوە، یان گەردوون و ئەزموونی مرۆڤایەتی و ئەو پەندو ئامۆژگارییانەی کە

پێویسته لێی وەربگیرێت به درێـژای مێـژوو فـەرامۆش کـردووە و تـەنها هەستاون بە خوێندنەوەی ئەو سرووشەی بۆ سەر دڵی پیغەمبەر (درووود و سەلامی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکـەی بێـت) هـاتووە، بـە بیـانووی ئەوەی تەنها ئەو بەسە بۆ ژیان و ڕۆچوون تیایـدا. هەرکەسێك بیـەوێت سرووش (وحي) بـە وردی و قـوڵی بخوێنێتـەوە ئـەوە هـیچ کـات بێنیـاز نابێت لە خوێندنەوەی گەردوون و ئەوەی تیایدایـەتی، ئـەوەش بـەوەی وردبێتـــەوە لـــە پـــسپۆڕی و ئـــەزموونی گـــەلانی پێـــشوو، هـــەروەها کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شارسـتانیەتەکانی ڕابـردوو کەچـۆن بـەرپا بوون و گەورە بوون و پاشان لەنێوچوون و کۆتاییان پێهاتووە.

بەڕاستی قورئانی پیرۆز گرنگییەکی لەڕادەبـەدەری بـەم خوێندنەوەیـە داوە و لە چەندین سوورەت و زۆرێك لە ئایەتەکانیشدا سەرنجەکانیشی بـۆ لای ڕاکیشاوە، لەبەر ئەوەی بە جۆریك دەرس و پەند و ئامۆژگاری تێدایـە کە وادەکات نەوەی ڕابردوو توانایان هەبێت و سـوود بگەیـەنن بـە نـەوەی داهـاتوو، بـا کـات و سـاتی زۆریـش لەنێوانیانـدا بێـت، وا دەکـات نـەوەی داهاتوو ئەنجامی کـار و کـرداری نـەوەکانی پـێش خۆیـان ببیـنن، ئـەوکات هەست دەکەن بەوەی کـە کردەوەکـانی ئـەوانیش وەك کـردەوەی نـەوەی ڕابردوو بە باش، یان بە خراپ شـوێنەوار و دەرئـەنجامی دەبێـت، بەمـەش بنەمای (بەرپرسیارەتی تاکی، کاریگەربوونی گشتی، یان کۆمەڵگە) جێگیر دەبێت، لەوێوە مرۆڤەکان فێری پابەندبوون و ڕێکـوپێکی دەبـن لـە کـار و هەڵـسوکەوتەکانیان و عـــەقڵ و دەروونیـــشیان بـــۆ قبـــوڵکردنی بنـــەمای

(پاداشت و سزا) ئامـادە دەبێـت، فێـری تێـڕوانین و وردبوونـەوەش دەبـن لەوەی بە میرات لە باوکەکانەوە بەجێدەمێنێت بەتێڕوانینیکی پەندئامێز و رەخنەگرانە، پاشان ڕزگاریان دەبێت لە زاڵبوونی بنەمای (باوك سالاری) و لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی کوێرانە، لە ڕاست و ناڕاستدا، هەروەها فێـر دەبـــن کـــە لـــە دواڕۆژدا (یـــوم القیامـــة) ئـــەو گەلانـــەی رابـــردوون دەستکەوتەکانیان بۆ خۆیـان دەبێـت و ئێمـەش دەسـتکەوتی خۆمـان بـۆ خۆمان دەبێت و هیچ کەسیکمان لـەلای خـوای پـەروەردگار سـوودمان بـۆ ئەوی دیکەمان نابێت.

خوێندنەوەی دوو کتێبەکە:

کەواتــە بۆمــان دەرکــەوت: بــۆ ئــەوەی مــرۆڤ ڕزگــاری بێــت لــە دەردی کۆیلایـەتی بـە هـەموو جـۆر و ماناکانیـەوە، پێویـستە دوو کتێـب بەیەکـەوە بخوێنێتـــەوە: کتێبێکیـــان خـــوای بالادەســـت ناردویەتیـــە خـــوارەوەو دەخوێنریتـــەوەو دەستەوەســـتانکەر (معجـــز)ـــــە کـــە قورئـــانی پـــیرۆزە، کتێبێکیشیان دروسـتکراوەو هەمیـشە کراوەتـەوەو ئاوەڵایـە کـە گـەردوون و دروسـتکراوەکانی ناویـەتی و ئـەزموونی مرۆڤایەتییـە لەنێویـدا، لەنێویـشیدا مامەڵەیە لەگەڵ خودی مرۆڤەکان، چونکە مرۆڤیش بەشێکە لـە سرووشـت و کوڕی شەرعی سرووشتە، خوای گەورە دەفـەرمووێت: **{مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى}**. (طه: ٥٥) مانای: ئێمە ئێوەمان هـەر لەم زەویە دروستکردووە، پاشانیش هەر دەتانگەڕێنینـەوە نـاوی، پاشـان جارێکی دیکە دووبارە لەم زەویە دەرتاندەهێنینەوە.

خوێندنەوەکە دەبێت مرۆڤانەبێت

ئــەم خوێندنەوەیــەش پێویــستە لــە مرۆڤــەوە دەســتپێبکات، ئــەو پێویستە هەردوو خوێندنەوەکە ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی زانیاری لەســەر ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە تەواوی پەیدا بکات، بەشێوەیەك بتوانێت ئــەو پەیمانــەی داویــەتی جێبــەجێی بکــات و ئــەو ئەمانەتــەی لەســەر شانیەتی بیگەیەنێتە شوێنی خۆی و هەستێت بە کاروباری جێنشینی و پێویــستیەکانی ئاوەدانکردنــەوە دابــین بکــات و لــەو تاقیکردنەوەیــەی تووشی بووە، سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

ئەمەش بەتــەنها لــە ڕێگــەی وەرگــرتن و پێوتنــەوەوە فێــری نابێــت، بەڵکو بە وەرگرتن لە غەیری خۆیشی، لە گەلانی پێشین و هاوسەردەمی خۆی، دەبێــت وەریبگریــت بــە گەڕانــەوە بــۆ مێــژوویان و خوێندنــەوەی پــەڕتووك و نووســینەوەو وەرگێڕانــی گــەلان و گواســتنەوەو ئــاڵوگۆڕی پسپۆڕیی و شارەزایی و زانست و زانیاری لەنێوان مرۆڤ و درێغی نەکردن لە وەرگرتنی شارەزایی و زانست لە هەر شوێنێك هەبێت و مامەڵــەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو.

یەکێتی مرۆڤایەتی:

لەمەشـدا یـەکێتی مرۆڤایـەتییمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوەو پێویـستی نەوەکانی داهاتوومانبۆ دەردەکەوێت بۆ سوودوەرگرتن لە تایبەتمەنـدی و ئـەزموون و شـارەزایی گـەلانی ڕابـردوو، پێویـستی بـەکارهێنانی پێنووسمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو پێنووسە هاوبەشەی کە پـەروەردگار هەمووەمانی پێ فێر کردووە و کردویەتی بە ئامراز و هۆکارێك بۆ فێربوون و ئـاڵوگۆڕکردنی زانیـاری و گەشـەپێدانی و گواسـتنەوەی لـە نێـوان گەلاندا، پاشان هەر شتێکی دیکەش کە خوای پەروەردگار دەیبەخشێ بە مرۆڤ لەو شتانەی عەقڵەکان وا لێدەکات پەی پێ بەرن، لە ئەفرانـدن و داهینان و دەرهێنان، لەو شـتانەی دەکەوێتـە ژێـر ئـەو فەرمایـشتەی پەروەردگار کە دەفەرمووێت: ﴿عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾. (العلق:٥)

مانای: مرۆڤی فێری ئەو شتانە کرد کە نەیدەزانی.

کەواتە دوو سەرچاوە هەیە بۆ فێربونی مرۆڤەکان ـ هەرگیز بێتاقـەت نابین لە جەختکردنەوە لەسەر لە یەکدی جودانەبوونـەوەیان ـ ئـەو دوو سەرچاوەیە یەکانگیر دەبن لەسەر تێڕوانینی ژیاریانـە بـۆ هەسـتان بـە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەو جێنشینی لەم گەردوونەدا، بۆیە پێویستە مرۆڤ ئـەم دوو سەرچـاوەیە بەیەکـەوە گـرێ بـدات و بێئاگـا نـەبێت لـە هـیچ یـەکێکیان، قورئـانی پـیرۆز و مانـا باڵاکـانی تێبگـات بـەهۆی بـوون و بوونەوەران و ئەو سـوونەت و یاسـا ڕێکوپێکانـەی خـوای پـەروەردگار دایناون بۆ جوڵەیان وجوڵەی ئەوەی تیایاندایە و جوان لە گەردوون ورد

ببێتــەوە بــەهۆی نــوور و ڕێنمــایی قورئــانی پــیرۆزەوە ڕێگــەی ڕاســت و دروست بدۆزێتەوە بۆ بەجێگەیاندنی کاری جێنشینی و ئاوەدانکردنــەوە و هەستان بە داخوازییەکانی ئەو ئەمانەتەی کە لەسەر شانی دانراوە.

پێویستیشە هەردوو سەرچاوەکە بەیەکــەوە بخوێنرێنــەوە و فــەرمان بە هەردوو خوێندنەوەکە وەك یەك و بەیەکەوە بکرێن:

خویندنەوەی ئەو سرووشەی پەروەدگار ناردوویەتە خوارەوە کە خـۆی دەبینێتــەوە لــەو قورئانــە پــیرۆزەی مەبەســت و مــەرامی پــەروەردگاری دیــارییکردووە لــە دروســتکردنی بوونــەوەران و ئــەو ســوونەت و یاســا ڕێکوپێکانــەی پــەروەردگار بــۆ جوڵــەی بــوون و بوونــەوەران تیایــدا ڕوونیکردووەتــەوە، ســەرەڕای ئــەو شــەریعەت و بەرنامــە و ڕاســتیە بنەڕەتییانەی کە لە خـۆی گرتـووەو مرۆڤایـەتی هەمیـشە پێویـستی پێـی دەبێت. هەروەها خوێندنەوەی گـەردوون و ئاسـۆکانی و دەروونـی مـرۆڤ و ئەوەی بەکەڵکی دێت و ئـەوەی زەرەری لێـدەدات و ژینگـە و سرووشـت و ئەوەی گەشەی پێدەدات و ئەوەی تێکی دەدات.

هەڵە و نەرێنییەکانی خوێندنەوە تاکەکەسییەکان

لــەوەی کــە لــە پێــشەوە باسمــان کــرد بۆمــان ڕوون دەبێتــەوە کــە خوێندنەوەی هەریەك لە سـرووش (وحـي) و گـەردوون دوو شـتن خـوای گەورە پێویستی کردوون، چونکە هەردووکیان بـە دوو فـەرمان هـاتوون کــە هــەموو خاســیەت و مەرجــەکانی فەرمانــە شــەرعیە پێویــستەکانی دیکەیان تێدا هاتووەتەدی.

پشتگوێخستنی خوێندنەوەی یەکەم:

کەسێك، خوێندنەوەی یەکەم، کە بریتی بوو لەو سرووشەی (وحي) کە پەروەردگار بۆ پێغەمبەرانی ناردووە پشتگوێ بخات و باز بدات بەسەریدا و بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لە خوێندنەوەی دووهەم، قووڵ ببێتەوە کە خۆی لە زانستە گەردوونییەکان و سرووشتدا دەبینیەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار، ئەوکاتە پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگاردا دەپچڕێت و بێئاگا دەبێت لە شتە پەنهانەکان (الغيبيات) و بە فەلسەفەی مرۆڤانەی دەستکرد و پچڕاو لە خوای گەورەو ڕێنماییەکانی ڕێ دەکات و بە یەك چاوی و دوور لە سەرچاوە تەواوەکانی فەلسەفە هەوڵ دەدات بە ڕەهایی مرۆڤ و سرووشتەکەی یەکبخات و وا دەڕوانێتە دروستکەر و هەموو شتە پەنهانەکان کە شتی لاوەکی و پشتگوێخراون (ماورائيات)، یان (میتافیزیقا)ـن و پشتگوێیان دەخات و پێیوادەبێت دەکرێت خۆی لێ گێل بکرێت و بەسەریاندا تێپەڕ ببێت. ئەگەر هێزیکی پەنهانیش هەبێت کاری دروستکردن و بەدیهێنانی ئەنجامدابێت، ئەوە دەکرێت بە هێزی کەڕەتی یەکەمین ئەنجامی دابێت، پاشان لەبیری خۆی بردبێتەوە، یان لە بیری چووبێتەوە، پاشان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گەردوون بۆ خۆی بوو بە بکەر و کاریگەر و

کارتێکراو، هەروەك لەکۆندا ئەمە ڕای ئەرستۆ[1] بووە، لە نوێشدا نیوتن[2] و هەندێکی دیکە ڕایان وایە.

کاتێکیش هەندێك لەو فەیلەسووفانە پێیان خۆش بوو بیر لە بەدیهێنەر ـ جل شأنە ـ بکەنەوە، ئەوا بە بیردۆزی توانەوە (حلول) بیری لێ دەکەنەوە، بە شێوەیەك وا گومان دەبەن کە بەدیهێنەر لەنێو خودی هێزە سرووشتیەکاندا جێگیر بووە و بەتەواوەتی تیایاندا تواوەتەوە، هەندێك ئەڵتەرناتیڤی دیکە دادەنێن لەجیاتی ئەو لە ئاڕاستەکانی گەشەکردن لە ڕێگەی تایبەتمەندییە ماددییە ئاڵۆزەکان، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بە چوونە نێویەکی تەواوەتی بکات لەگەڵ سرووشت، بەو پێیەی کە ئەو بوونەوەرێکی سرووشتییە.

ئەوکات لێرەوە مرۆڤ لەناخیدا دەستدەکات بە هەستکردن بە بێ نیازبوونی، یان داخوازی بێنیازبوونی لە بەدیهێنەرەکەی ـ جل شأنە ـ چونکە ئیتر وای لێدێت بێجگە لە سرووشت هیچ شتێکی دیکە لەبەردەمی نابینێت، سرووشت بەلایەوە دەبێتە هەموو شتێك، وا

---

(1) ئەرستۆ: فەیلەسووف و زانایەکی ناوداری یۆنانییە، لە گەورەترین و گرنگترینی فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنان هەژمار دەکرێت، فەیلەسووفە موسوڵمانەکان سەرجەم کەلەپوورە فەلسەفی و لۆژیکیەکان ئەرستۆیان وەرگێڕاوە و زۆرێکیان سەریان سوڕماوە لێی، هەتا بە "مامۆستای یەکەم" ناوزەدیان کردووە، (٣٨٤ـ٣٢٢ پ.م).

(٢) نیوتن، ئیسحاق: زانایەکی فیزیای ئیگلیزە، خاوەنی یاسای هێزی کێشکردنی گشتی (الجاذبية العام) و یاساکانی جوڵەیە (١٦٤٢ـ١٧٢٧ م).

دەزانێت سرووشت لەپشت هـەموو شـتەکانەوەیە، ئاشکراشـە مـرۆڤیش توانای هەیە زاڵ بێت بەسەر سرووشتدا بە زانـست و زانیـاری، ئـەوەش نابینێـت کـە سرووشـت و بوونـەوەر هـەمووی بـە توانـا و یاسـا و سـووننەتەکانی خـوای گـەورە ڕاوەسـتاوە و ڕەخـسێنراوە، بـەڵکو وا دەبینێـت گـەردوونێکی سـەربەخۆ و بـێ بەڕێوەبـەرەو درێژبوونـەوەو بەردەوامبوونێکی پەنهان و نادیاری هەیە، بەڵێ، ئەوکات هەست بـەوە ناکات خوای گەورە ڕەخساندویەتی بـۆی و تـەنها ئـەوە هـەردووکیانی دروستکردووە، بەڵکو وا دەزانێت مرۆڤ دروستکەر و بەدێهینەرە، چونکە ئـەو تواناکـانی هەمەچـشنن و بـە زانـست و تواناکـانی زاڵـە بەسـەر سرووشتدا و ئەو تەقێنـەرەوەی نهێنیـەکانی ناویـەتی، بەمـەش لادان و سەرلێشوانێکی ترسناك لە دید و بۆچـوونیدا دروسـت دەبێـت، چـونکە ڕاستیەکە بەو شێوەیە نییە، بەڵکو گـەردوون ڕەخـسێنراوە بـۆ مـرۆڤ و مـرۆڤیش چـەندین توانـای شـاراوەی زیهـنی و عـەقڵی و زانـستی، پـێ بەخـشراوە کـە دەتوانێـت بەهۆیانـەوە گـەردوون بـۆ قـازانجی خـۆی بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی ئەمانەتی جێنشینی جێبەجێ بکات.

ئینجا کاتێك مرۆڤ بێئاگا دەبێت و خۆی کوێر دەکات لە بەرانبەر یاد و ڕێنماییەکانی خوای میهرەبان و بەهۆی پشتگوێخستنیەوە بۆ سرووش (وحي) توانا و دەسەڵاتی پەروەردگاری نەبینی، ئەو کاتـە هەسـتکردنی بە بێنیازیی لە پەروەدگار و پشتبەستنی بە توانا و داهێنانەکانی خـۆی ڕایدەکێشێت بەرەو ئەوەی پەیوەندییەکەی لەگـەڵ گـەردوون بکـات بـە

پەیوەندی زاڵبوون و ململانێ و خۆبەگەورەزانین و لەخۆباییبوون، نەك پەیوەندی جێنشینی، ئەوکاتە میلی (بوصلة) ڕێنمایی بزر دەکات و ئەو پەیوەندییە خۆشەویستیەی لە نێوان مرۆڤ و پێکهاتەکانی سرووشتدا هەیە لەدەستی دەدات، مرۆڤ ئەو هەستەی کە تیایدا چێنراوە ـ کە دروستکراوێکی جێنشینکراوەو ئەمینداره لە نێو هەموو گەردووندا ـ لەدەستی دەدات و ئەو هەستەی نامێنێت کە: هەموو ئەو شتانەی لە گەردووندان بۆ ئەو دروستکراون و ڕەخسێنراون و ملکەچ و ڕام کراون، هەردووکیشیان وەك یەکن لەوەدا کە بەندەو دروستکراوی پەروەردگارن. خوای گەورە دەفەرمووێت: **{واللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ}**.**(الصافات: ٩٦)** مانای: خوای گەورە ئێوەو ئەو کردارانەشی دروستکردووە کە ئەنجامیان دەدەن.

کە ئەم هەست و بیرکردنەوەی لەدەستدا، ئەوکاتە بوون لە دید و بۆچوونیدا لەسەر شێوەی چەند هێزێکی دژبەیەك و ناکۆك وێنا دەبن، ئەو مرۆڤە بێئاگایە لەناخی خۆیدا هەوا و حەز و ئارەزووەکانی بە شێوەی خوایەك دادەتاشێ و ئەوانی لێ دەبن بە خوا و وا خەیاڵ دەبات کە پێویستە تەنها بەهاکان لەخودی خۆی و لە سرووشت وەربگرێت، خودی ئایین و باوەڕ جاری وا هەیە لە ئەنجامی ئەم خوێندنەوە کوێرانەیە دەبن بە ئامرازێك، هەرکەسێك بیەوێت لە هەرکاتێکدا، بۆ بەدەمەوەچوونی حەزەکانیان و خزمەتی خۆیان بەکاریاندەهێنن، بۆیە

لێــرەدا مــرۆڤ ئــەو فەرمایــشتەی پــەروەردگاری لــێ دێتــە جــێ کــە دەفەرموویت: {كَلاَّ إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى (٦) أَنْ رَآَهُ اسْتَغْنَى}. (العلق: ٦، ٧)

مانای: نەخێر، مرۆڤ ـ لەگەڵ ئەو هـەموو چـاکەیەی لەگـەڵی کـراوە ـ یاخی دەبێت و ستەم دەکات، کە کاتێـك خـۆی بـینی دەوڵەمەنـد و بـێ نیازە.

ئـەو کاتـە دەکەوێتـە سـتەم و زۆرداریـی لـە مرۆڤـەکانی بـرای، لـە ئـــەنجامی کـــرداری مرۆڤـــەکان، ڕووداوە ژینگەییـــەکان ڕوودەدەن و پیسبوون و تێکچوون لە وشکانی و دەریا و هەوا پەیدا دەبێت و یاسـای هاوسەنگی تێکدەچێت و نەخۆشییەکانی لادان و تاکڕەوی و (شذوذ) لـە گەردووندا بڵاودەبنەوە، هەندێك لە کیشوەرەکان برسیەتی و کاولکـاری دایانـــدەگرێت و هەندێکیـــشیان نەخۆشـــیی تـــاوانکردن بەهـــەموو جۆرەکانیـــەوە تیایانـــدا بڵاودەبێتـــەوە و ژیـــانێکی تـــاڵ و نائـــارام دایاندەگرێت، خوای گەورە دەفەرموویت: {وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى}. (طه: ١٢٤)

مانای: هەرکەسـێك ڕوو وەربگێڕێـت لـە بەرنامـە و یـادی مـن، ئـەوە بێگومان گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت.

هەنـدێك جـار ئـەو بێئاگایانـە لـە یـادی خـوای میهرەبـان قەناعـەت بـەخۆیان دەهێـنن بـەوەی کـە دەڵـێن: ئـەوەی کـە ڕوودەدات بـاجێکی ئاساییە و ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین و پێویستە ـ ئەو کەسانەی دەیانـەوێت لـەززەت لـە بەخشـشە شارسـتانیەکان وەربگـرن ـ بەرگـەی

بگرن و نرخی گرانی ئەوە بدەن، بەڵام پێویستە بزانن ئـەوە فێڵێکـە لـە خۆیانی دەکەن و قسەیەکی بریقەداری بێ نێوەڕۆك و بێ مانایە، چونکە ئـەو ئاوەدانکردنەوەیـەی خـودا پێـی ڕازیـە و داوای لـە مـرۆڤ کـردووە تێکـڕای بـەها بـەرزەکانی بـەدیبهێنێت، وەك: ڕاسـتی و خێـر و جـوانی دەبێـت تیایـدا بەرجەسـتە و باڵادەسـت بێـت، ئەگـەر هەنـدێك شـتی لاوەکـیش ڕووبـدات، ئـەوا بـە یارمـەتی خـوا و ڕێنماییـەکانی دەکرێـت سنووردار بکرێت و کاریگەرییەکانی لابـبرێن، چـونکە ئاوەدانکردنـەوەی دروسـت و ڕێکوپێـك و بـێ زەرەر و زیـان و گـشتگیر بـۆ گـەردوون لـە گەڕانــەوە بــۆ لای پــەروەدگار و ڕێنماییــەکانی لــەم بــوارەدا، جــودا نابێتەوە.

پشتگوێخستنی خوێندنەوەی دووهەم:

پشتگوێخـــستنی خوێندنـــەوەی دووهـــەمیش کـــە خوێندنـــەوەو وردبوونەوەیە لەم گەردوون و سرووشتە ڕێکوپێکەی پەروەردگار بۆمانی ڕەخساندوویەتی و بەدیهێناوە، بەشێوەیەك کـە تـەنها سـرووش (وحـي) بخوێنیتەوەو خۆت دابڕی لـە چـواردەور و بـوون و بوونـەوەران، ئـەوە سەردەکێشێت بۆ ڕقبوونەوە لە دنیا و ئەوەی کە تیایدایە و بەناشـیرین تەماشـاکردنیان، ئەوکاتــەش کـاری ئاوەدانکردنــەوە و بەجێگەیانـدنی ئەمانەت و ئەرکی جێنشینی پەکی دەکەوێت و وای لێدێت مرۆڤ سوود لە ڕەخـساندن و ڕامکردنـی نیعمەتـەکان نـەبینێت و هـزر و بیرکردنـەوەی

پەکدەخات و کارەکانی بەکەم تەماشا دەکات، بەڵکو جاری وا هەیە وای لێدێت نکوڵی لە کار و کاریگەرییەکانی خۆی بکات لەم ژیانەدا و وا دەزانێت ئەو هیچ کارێك بۆ خۆی ئەنجام نادات و لە بوونی خۆیدا هیچ مانایەکی ئاوەدانکەرەوەیی گەردوون نابینێت، هەموو ئەم بۆچوون و بیرکردنەوانەش بە تەواوی پێچەوانەی بەرنامە و مانا بەرزەکانی قورئانی پیرۆزن.

هەروەها بازدان بەسەر خوێندنەوەی دووهەم کە خویندنەوەی گەردوونەو پشتگوێخستنی، یان کۆنەکردنەوەی لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم، دەبێتە هۆی دەستەوەستانبوونی مرۆڤ لە ڕووی شارستانیەوەو پەککەوتنی تواناکانی و تێکەڵکردنێکی خراپ و سەرسوڕهێنەریش لەنێوان بابەتەکانی جیهانی پەنهانی و جیهانی بەرچاو و ئاشکرا ڕوودەدات، وەك پێشتر باسمانکرد.

جاری وا هەیە ئەوانەی خوێندنەوەی یەکەمیان - خوێندنەوەی سرووش (وحي) بە تەنها - پشتگوێ خستووە وا گومان دەبەن کە بەپاکڕاگرتنی خوا - جل شأنە - لە کەموکوڕی تەواو نایەتەدی تا ئەوکاتەی نرخی کاری مرۆڤەکان پوچەڵ نەکرێتەوەو نکوڵی نەکرێت لە هەموو ویست و بژاردەکانی و ڕۆڵ و کارامەییەکانی لێ دانەماڵرێت، بە شێوەیەکی ئایینگەراییانە (لاهوتی)و کەشیشەییانە (کەنەهوتی)، وا دەزانن ئەوان هیچ بژاردەو هەڵبژادنێکیان نییە بۆ کارەکانیان و هەموو شتێکیان بە زۆرو بەبێ ئارەزووی خۆیان پێ ئەنجام دەدرێت، بەمەش

ڕۆڵـی جێنـشینی و ئاوەدانکـەرەوە لەدەسـت دەدەن و تواناکانیـان بـە تەواوی سفر دەبێت و بە ڕەهایی دەستەوەستان دەبن، هەندێك جاریش ڕەنگە بکەونە نێو حەرامەکانەوە و حەرامەکان ئەنجام بدەن، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوان هیچ شتێکیان بەدەست نییـە و لـە چارەیان نووسـراوە و پێیـان ئـەنجام دەدرێـت، ئەمـەش خاسـیەتێکە لـە خاسـیەتەکانی هاوبەشدانەران (المشركين).[1]

ئـەوەی بڕوانێـت بـۆ سەرچـاوەکانی گرووپـە ئیـسلامیەکان (الفـرق الإسلامية) و قسە و قسەلۆکی موسوڵمانان لە ڕابـردوودا، لـەم بارەیـەوە شتی سـەیرو سـەمەرە دەبینێـت لـە بابەتـەکانی تێکـەڵکردنی ویـست و کارەکانی خواو ویست و کاری مرۆڤەکان و بابەتەکانی هەڵبژاردن و هۆ و

---

(1) ئەمە ئاماژەیە بۆ فەرمایشتی پەروەدگار کە دەفەرمووێ: {سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ حَتَّى ذَاقُوا بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِنْدَكُمْ مِنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنْتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ}**(الأنعام: ١٤٨).**

مانای: لەمەودوا هاوبەشداران دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە هاوەڵمـان بـۆ بڕیـار نـەدەدا! ! و باوباپیرانیشمان هاوبەشدانەر (مشرك)، نەدەبوون و هیچ شتێکمان لە خۆمان حەرام نـەدەکرد! ! هەر بەو شێوەیەش ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆ و بوختانیان هەڵدەبەست، هـەتا تووشـی بـەڵای ئێمە بوون و سزای ئێمەیان چەشت، پێیان بڵێ: ئایا هیچ زانیاری و زانستیەکی خواییتـان لەلایـە تا نیشانمان بدەن و بۆمان دەربخەن؟ ئێوە شوێنی هیچ شتێکی دیکە ناکەون جگـە لـە گومـان، ئێوە هیچ شتێکی تر ناکەن مەگەر ئەوە نەبێت کە درۆ دەکەن.

هۆكارەكان و. . هتد كه بـووه هـۆی شـلۆقی و تێكـچوون و لێڵبـوونێكی زۆر لەنێو یاسای مەعریفی ئیسلامی.

كەواتە، پێویستە هەردوو خوێندنەوەكە كۆبكرێنـەوە: خوێندنـەوەی سرووش (وحي) و خوێندنەوەی بوون (وجود)، پێویستیشە عەقڵی مرۆڤ لەسەر هەردووكیان - پێكەوە- بنیادبنرێت، بۆ ئەوەی نەكەوێتە نێو هیچ یەك لەو دوو لایەنە خراپەی باسمان كردن.

پرۆگرامسازی مەعریفیی قورئانی پیرۆز

لێـــرەدا ئـــەوەمان بـــۆ دەردەكـــەوێت كـــە ئـــەوەی ناومانناوە ((پرۆگرامسازی مەعریفیی قورئانی پـیرۆز))[١] كۆڵەكەیـەكی سـەرەكییە بۆ كۆكردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەكە و زەرورەتێكی مەعریفی و

---

(١) مەبەستمان بە (بەرنامەی قورئانی مەعریفیی) ئەو بەرنامەیەیە كە قورئانی پیرۆز لە سەر شێوەی چەند شتێكی دیار و سنووردار (محددات) و لە سەر شێوەی چـەند یاسـا و سـوونەتێك كە دەكرێت هەڵبهێنجرێن لە ئەنجامی گەڕان لـە نێـو ئایەتـەكانی قورئـانی پـیرۆز و لـە ئـەنجامی خوێندنەوەو وردبوونەوە لێیـان و بیرلێكردنـەوەیان و دابەزانـدنیان لەسـەر واقـع، پێـشكەشمانی دەكات، پاشان مامەڵە كردن لەگەڵ ئەو شتە دیار و سنووردارانە بە مامەڵـەكردنێك كـە ڕێگـەمان پێبدات بیانكەین بە شتی ڕاست و بەڵگەنەویست و زاڵبوو بەسەر هەموو گومان و هەموو هەنگاوە مەعریفیەكانمانی پـێ ڕێكبخـەین، لەوانـەش ڕاسـتكردنەوەی ڕێـڕەوی زانـستییمان و دەرهێنـانی فەلـسەفەی زانـستە سرووشـتی و كۆمەڵایەتیـەكان لـەو كۆتاییـە تەسـكانەی كـە ئێـستا لێـی ڕاوەسـتاون. لـە پێـشەكی ئـەو شـتە دیـارو سـنوردارانەش بابـەتی (كۆكردنـەوەی هـەردوو خویندنەوەكەیە) كە باسمان كرد و (یەكێتی بینای نێو هەموو ئایەتەكانی قورئان)و... هتدن.

ژیارییە، نەك تەنها لەسەر ئاستی ئایینی ئیسلام بەتەنها، بـەڵكو لەسـەر ئاسـتی جیهـانی - بەگـشتی - بـۆ دەرچـوون لـەو تـەنگ و چـەڵەمە مەعریفییـە[١] و ئـەو قەیرانـە فیكرییـە جیهانییـەی لـەم سـەردەمەدا مرۆڤایـەتی تێیكـەوتووە[٢]، چـونكە دوای قـۆرخكردنی ڕەهەنـدەكانی بەرنامەسازی لە بیركردنەوەدا لەلایـەن ڕۆژئـاواوە، فیكـری ڕۆژئـاوایی و شارستانیەتەكەیان ڕووبەڕووی كێشەی گەورەی دیـارییكردنی داڕشـتنی ڕاست و بەرنامەدار بۆ هزری خـودی خۆیـان بوونـەوەو نـەیانزانی چـۆن داڕشـتنەوەیەكی بـۆ بكـەن كـە پـشتبەستوو بێـت بـەو پێـشكەوتنە زانــستییەی لـــە هـــەموو ڕووەكانـــەوە بەدەســـتیانهێناوە و تائێـــستا نەیانتوانیوە شتێكی وا بكەن دەردەكانیان لەم ڕووەوە دەرمان بكات و توونیەتیان بۆ ڕاستییەكان لەم بوارەدا، بشكێت.

ڕاسـتە ماركـسیەت هەسـتا لـە هەوڵێكیـدا بـۆ ئـەم داڕشـتنەوەیە لـە چوارچێوەی (المادیة الجدلیـة)[٣]، بـەڵام ماركـسیەت و فیكرەكەشـی بـە

([١]) ئەو چەڵەمە مەعریفییـەی بەرنامـەكان و مەعریفـە وەك یـەك كەوتوونەتـە نـاوی، چـونكە قـەیرانی بەرنامـە و فەلـسەفەی زانـستە سرووشـتی و كۆمەڵایەتییـەكان وای لێهـاتووە خـەوی زاناكانیانی زڕاندووە.

([٢]) چونكە قەیرانە هزرییەكان بەجۆرێكی وا گەورە بوون كە بەرنامە مرۆییـەكان لەتوانایانـدا نەماوە چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە، وەك شاراوە نییە لەو كەسانەی لە سـەردەمی ئیمڕۆمانـدا كـە چاودێری ڕووداوەكان دەكەن.

([٣]) المادیـة الجدلیـة: پایەیـەكی سـەرەكییە لـە فەلـسەفەی ماركـسیەت و پـشتی بـە یاسـا دیالێكتیكیەكان بەستووە، كە بە كورتی مەبەست لێی ئەوەیە: فیكر لە دەرئـەنجامی ماددەیـە و

دارمانی یەکێتی سۆڤیەت دارمان، پێش ئەوەی ڕۆژئاوا جێگرەوەیەکی مەعریفی و مەنهەجی بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بێ دارشتنەوەیەکی فەلسەفی جێگرەوە مایەوە فەلسەفەیەکی وا کەبتوانێت جوڵانەوەکانی ڕێکبخات و کێشەکانی فراوانبوون و پێشکەوتنەکان لەخۆبگرێت و چارەسەریان بکات و وایان لێبکات توانای ئەوەی هەبێت وەڵامی پرسیارە هەڵپەسێرراوە کۆتاییەکان پێشکەش بکات کە زانایانی ئەم سەردەمە ڕوویان وەردەگێڕن لە وەڵامدانەوەیان و دەستەوەستانن لەبەردەم بەدواداچوونیاندا، بۆیە شارستانیەتی ڕۆژئاوا پەنای بردووەتە بەر دروستکردنی قەیرانەکان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دڵەڕاوکێی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی ئەم دڵەڕاوکێیەی گرنگترین ڕیگەکانی پارێزگاریکردنیەتی لە پارچە پارچە بوون، بەڵام قەیرانەکەی ئێمەی عەرەب و موسوڵمانان زۆر قوڵ و بەسۆترە، چونکە ئێمە لەلایەکەوە هاوبەشین لە قەیرانە جیهانییەکان، لەبەر ئەوەی پەیوەندییمان بە جیهانەوە وەك جاران پەیوەندییەکی لاوەکی نەماوە ـ وەك هەندێك پێیانوایە ـ، چونکە شارستانیەتی هاوچەرخ توانی لە ڕێگەی ئەو داگیرکارییە فیکری (غزوها الفكري) و ڕۆشنبیرییە دامەزراوەییەی سەرکەوتوو بێت لەوەدا کە بەرنامە و تێڕوانینە زانستییەکانی و

مادده لە بوونەوەردا هەمیشە لە جوڵەدایە و هەرگیز فەوتانی بەسەردا نایەت، بەڵکو تەنها لە شێوەیەك دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی دیکە و پێیوانیە مادده لە نەبوو دروستکرابێت... . (وەرگێڕ)

تێگەیشتنەكانی بۆ بوون و جوڵانەوەی گەردوونیی فەرز بكات، هەروەك چۆن تێڕوانینەكەی خۆی بۆ میژوو زانست و مەعریفە و شارستانیەت و ڕۆشنبیری و پێشكەوتن و دواكەتن. . . هتد، بەسەر هەمووانـدا فـەرز كرد، كەواتە ڕاستی ئەو (بەرنامە قورئانییە) چیە كە بۆ چارەسەركردنی قەیرانە مەعریفی و فیكرییەكانی خۆمان و جیهان، پێشنیازی دەكەین؟

محددات و معالم

محدداتەكانی ((بەرنامەی قورئانی مەعریفیی)) دەردەكەوێت و ڕوون دەبێتەوە لە دەرەنجامی خوێندنەوەی هەردوو كتێبەكانەوە ـ قورئان و گـەردوون ـــ، هـەروەها لەسـەر بەرانبـەرپێكردنیان و دەرخـستنی ئـەو یەكدی تەواوكاری و كاریگەربوونەی لە نێوانیاندا هەیە و زەقكردنـەوەی ئەو بەرنامەڕێژییەی كە بۆ توێژینەوەو خستنەڕووی ڕاستیەكان، هەیانە، دادەمەزرێت:

كتێبی یەكەم: بریتیە لە كتێبی سرووشی خوێنراوە، مەبەستیـشمان پێی قورئانی پیرۆزە، چونكە تەنها ئەو كتێبێكی گەردوونی وەهایـە كـە بەرانبەر بە بوونی گەردوونی و جوڵانەوەكەی بێت و هەردووكیان لەخۆی بگرێت، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەهەندە گەردوونییانەی كە تێیدایەتی.

كتـێبی دووهـەم: بریتیـە لـە كتـێبی گـەردوونیی جـوڵاو كـە گـشت دیاردەكـانی بـوون دەگرێتــەوە، چـونكە قورئـانی پـیرۆز و گـەردوونی قەشەنگی بەدیهێنراو، هەردووكیان بەڵگەن لەسەر یەكدی و هەریەكەیان

ئەوی دیکەیانی پێ دەدۆزرێتەوەو یەکدی بۆ یاسا و سوونەتەکانیان یەکدی پەلکێش دەکەن، قورئانی پیرۆز مرۆڤ رادەکێشێت بۆ بیرکردنەوە لە گەردوون و شارەزای و ڕێنمایی دەکات کە چۆن ڕۆڵی خۆی لەم گەردوونەدا ببینێت، لە چەندین ڕووەوە هەڵیدەسوڕێنێت بۆ ئەوەی سوود لە پێکهاتەکانی گەردوون وەربگرێت و رامیان بکات بۆ خۆی و داخوازییەکانی بوون و بوونەوەران لە گەردوون جێبەجێ بکات، هەروەها گەردوونیش مرۆڤ ڕادەکێشێت بەرەو قورئان بۆ ئەوەی پرسیارەکانی ئاڕاستەی بکات و داوای ڕێنمایی لێ بکات بۆ چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵیدا و سودوەرگرتن لێی. کەواتە مەبەستمان لە دەستەواژەی (کۆکردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەکە) بریتی بوو لە زانینی ئەم مانایانە و وردبوونەوە لێیان و کارپێکردنیان، بەشێوەیەك کە لە سەرەتاوە خوێندنەوەیەکی وابێت بە پەنهانی خۆی نیشان بدات، لە چوارچێوەی سرووش (وحي) دەستپێبکات و پاشان بەرەو ڕووی گەردوون بڕوات. خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی وابێت کە لە گەردوون و پێکهاتەکانیەوە بەرەو خوێندنەوەی سرووش (وحي) بڕوات، چونکە خوێندنەوەی سرووش (وحي) وەك دابەزینە لە ئاستی گشتی (کلي) بۆ ئاستی بەشیی (جزئي)، جا بە ئەندازەی ڕێگەپێدراو لە توانا ڕێژەییەکانی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئەو دابەزینانە لە ئاستی گشتی (کلي) و چۆنیەتیەکانی.

خوێندنەوەی گەردوونیش ئەو پرسیار و بابەت و مەسەلە بەشییانە (جزئي) پێشکەش دەکات و بەرزیان دەکاتەوە بۆ دەروازەو دەرگانەی سرووش (وحي)، بۆ ئەوەی خوێنەری هەردووکیان وەڵامی دروستی لەو سەرچاوە بێگەردەی کە ڕێنمایی هەمووان دەکات بۆ باشترین ڕێگە و وەڵام دەستبکەوێت.

ئەوکاتە بۆ مرۆڤی خوێنەر مشتومڕی پەیوەندی لە نێوان هەردوو سەرچاوەکە ـ سرووش و گەردوون – ڕوون دەبێتەوە، یان پەیوەندی لە نێوان (تێگەیشتنی تەواوکاری ئاڵوگوڕ) و مشتومڕ و کارلێك و کاریگەربوون لە نێوانیاندا، بە ڕوونترین شێوە دەردەکەوێت.

ڕۆڵی خوێندنەوەی فەرموودە (السنه)

لێرەوە پێویستیی ڕۆڵی خوێندنەوەی فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بەشێوەیەکی گشتی ڕوون دەبێتەوە، ئەوکاتە خوێندنەوەی گەردوون وەك تێڕوانین و بەرزبوونەوە لە بەشیی (جزئي)ـەوە بەرەو ڕووی گشتی کە خۆی لە سرووش (وحي) و جێبەجێکردنەکانی (تطبيقات) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بۆ ئەو سرووشە دەبینێتەوە، هەموو ئەمانە بەگوێرەی توانا ڕێژەییەکانی تێگەیشتنی بۆ دیاردەکان دەخوێنێتەوە، ئەوکاتە لەیەکدی جیابوونەوە لە نێوان دەرئەنجامەکانی سرووش و ئەنجامەکانی زانستە بابەتییەکان ڕوونادات، وەك گومان دەبرێت، هەڵبەت ئەگەر سوونەت و ژیاننامەکەی بە تێگەیشتنێکی ورد لەو چواچێوەیەدا بخوێنرێتەوە.

لەگەڵ تێگەیشتنی سوونناەت و ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بەشێوەیەکی گشتی و کۆکردنەوەیان لەگەڵ قورئانی پیرۆز لە ڕێگەماندا بۆ (کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکە) پێویستیمان بەوەیە بزانین کە ((. . . قورئانی پیرۆز، ڕۆحی ئەمین (جوبریل) بۆ سەر دڵی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) هێناویەتی، خوای گەورە دەفەرمووێت: {وإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٩٢) نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الأَمِينُ (١٩٣) عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ (١٩٤) بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُبِينٍ (١٩٥)}. (الشعراء:١٩٢ـ١٩٥)

مانای: بەڕاستی ئەم قورئانە لە لایەن پەروەردگاری جیهانەکانەوە ڕەوانە کراوە، جوبرەئیلی ئەمین (فریشتەی وەحی) دایبەزاندووە، بۆ سەر دڵی تۆ ئەی محەممەد، تا بچیتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە خەڵکی بێدار دەکەنەوە و لە خەوی غەفڵەت ڕایاندەچڵەکێنن، بە زمانێکی عەرەبی ڕوون و ئاشکرا، یاخود بە زمانێکی پاراو و شیرین و ڕوون.

کەواتە هاتنە خوارەوەکەی بۆ سەر دڵ بوو، بۆیە هەر لە سەرەتای دابەزینی قورئان ڕێگری لێکرا کە لە کاتی هاتنی سرووش بۆی، زمانی خۆی بجوڵێنێت، خوای گەورە دەفەرمووێت: {لاَ تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ (١٦) إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وقرأنهُ (١٧) فَإِذَا قرأناهُ فَاتَّبِعْ قرأنهُ (١٨)}. (القيامة: ١٦ـ١٨)

مانای: پەلە مەکە و زمانت مەجوڵێنە بۆ ئەوەی پەلە بکەی لە وەرگرتنیدا، بەڕاستی لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوە و خوێندنەوەی، جا

کاتێـك ئێمـە دەیخوێنینــەوە تـۆش لـە خوێنەوەیـدا شـوێنمان بکـەوە. ئــەوەی بـۆ ســەر دڵـیش بێتــە خـوارەوە مەبەسـت پێـی تێگەیـشتن و وردبوونەوەیە لێی و وەرگرتن و جێگیربوونە لەنێویدا، بۆیە ئەو کەسەی قورئـانی پـیرۆز دەخوێنێتــەوە ئەگـەر بیـەوێت جـوان تێبگـات لـەوەی دەیخوێنێتەوە و ماناکانی وەربگرێت و مەبەستی خـوای گـەورەی تیـادا بدۆزێتەوە، پێویـستە دایبەزێنێتـە سـەر دڵ و دەروونـی و ماناکـانی بـە عەقڵی بخوێنێتەوە. هـەروەها ئەگـەر بیـەوێت بگاتـە ئاسـتی خوێنـەری تەواوی قورئانی پیرۆز، پێویستە بە هەستێکی وەهاوە بـچێتە خزمـەتی کە دڵنیا بێت لەوەی هەرچـی بیـەوێت لێـی دەسـتی دەکـەوێت، ئەگـەر دایبەزێنیتــە ســەر دڵ و دەروونــی و بــە باشــی بیخوێنێتــەوەو بــیری لێبکاتەوە و تێیبگات و لە ماناو مەبەستەکانی وردبێتەوە.

هەرکەســێك ســوورەتێك لــە ســوورەتەکانی، یــان نــەجمێك لــە نەجمەکانی، یان ئایەتێك لـە ئایەتـەکانی بخوێنێتـەوە، ئـەوە دەلاقـەی لەیـەکتر جوداکردنـەوەی (الفرقـان) شـتەکانی بـۆ ئـەقڵ و ژیـری خـۆی کردووەتەوە لەسەر ئاسۆ فراوانەکەی قورئانی پیرۆز، بەڵام ئەو کەسەی بیخوێنێتــەوە و لــە خزمــەت هەموویـدا ڕابووەسـتێت لـە چوارچـێوەی یەکێتی بینای مانا و مەبەست و دەستەواژەکانی و لەو ڕووەوە کە کۆی ئایەتـەکانی بەهەموویانـەوە یـەك مانـا و مەبەسـتی گـەورە دەگەیـەنن، دیسانەوە بۆ ئەویش دەبێتە جیاکەرەوە (الفرقان).

فورقانیش مانایەکی گەورە و فراوانە، بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت چاك و خراپ، حەق و بەتاڵ، ڕاست و هەڵەلەیەکتری جودا بکاتەوە، جا ئـەو کەسەی قورئان بە جـوانی و بـە وردی و تێگەیـشتنەوە دەخوێنێتـەوە، هەموو ئەم توانا و هەستانەی بـۆ دروسـت دەبێـت و هـەر بـەم فورقانـە توانای ڕێککردنی کردار و گوفتار و جوڵە و خەیاڵ و هزر و نیەتەکانی و زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی بۆ دروست دەبێت. کە ئـەم توانایـە بـۆ مـرۆڤ دروستبوو، پێی دەوترێت: "فەتوا لە دڵی خۆت وەربگرە با موفتیـەکان فەتواشت بۆ بدەن، کەواتە قورئان بەشێوەیەکی گشتی وەك (نموونـەی مەعریفـەی گـشتییە) بـۆ ئـەو کەسـەی بـە وردی و بیرلێکردنـەوەوە بەهەمەلایەنە دەخوێنێتەوە".

لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا دەتـوانین تێبگـەین لـە هۆکـاری بەتونـدی ڕێگرییکردنی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکـەی بێـت) لە سەرەتاوە لە هاوەڵە بەڕێزەکانی کە هیچ شـتێکی دیکـە بنووسـنەوە لەزاری ئەوەوە بێجگـە لـە قورئـان، دووپاتکردنـەوەی ئـەوەی کـە هـەر کەسـێك هـەر شـتێکی نووسـیوەتەوە بێجگـە لـە قورئـان، پێویـستە بیسڕێتەوە [1].

([1]) پێغەمبەری خوا تەنها ڕێگری نەکرد لـە نووسـینەوەی فەرمایـشتەکانی خـۆی و ڕووداو و سـوونەتەکانی، بـەڵکو فـەرمانی کـرد بـە سـڕینەوەی ئـەوەی کـە نووسرابووشـەوە لـە غـەیری قورئان، لە فەرمایشت و ڕووداو و سوونەتەکان.

هەروەها هاوەڵانیشی لەدوای خۆی هەر وایان کرد، بەتایبەتی پێشەوایان ئەبوبەکر و عومەر (خوا لێیان رازی بێت) کە زۆر بەتوندی ڕێگریان دەکرد لە گێڕانەوەی فەرموودە. هەر کەسێکیش فەرموودەیەکی بۆ باسکردبان داوای ئەوەیان لێدەکرد یەکێك بهێنێت بۆ ئەوەی شاهێدی بدات بەوەی گوێی لە دەمی پێغەمبەر بووە (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) کە ئەو فەرمایشتەی فەرمووە، سووریش بوون لەسەر ئەوەی یەکێك بهێنێت پاڵپشتی بکات بۆ ئەو ڕیوایەتە، ئەمە وایکرد کە زۆرینەی هاوەڵان واز لە گێڕانەوەی فەرموودەکان بهێنن، بۆیە ئێمە زۆرێك لە بابەتە دووبارەبووەکان دەبینین کە کاتێك دەگێڕدرێنەوە، بە چەند شێوەیەك دەگێڕدرێنەوە، زۆر دووبارە دەبنەوە، کە دەکرا ئەوانە بە تەواتور نەقڵ، بکرێن، وەك: وشەکانی بانگ و قامەت و (بسم الله، حي على الصلاة)، یان (حي على خير العمل).

بەڵام لە سەردەمی عەبدولعەزیز (خوا لێی ڕازی بێت) لە ساڵی (٨٣ هـ)، پاشان لە سەردەمی کوڕەکەی، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوا لێی رازی بێت) ساڵی (٩٩هـ) خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردە کۆکردنەوەی فەرموودەکان، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خوا لێی ڕازی بێت) پێیوابوو، گەر فەرموودە کۆبکرێتەوە و دابنرێت لەبەردەستی موسوڵماناندا، ئەوا فەرموودە دەبێتە جێگرەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە فیقهدا هەیە، چونکە پابەندکردن بە ڕیوایەت لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) بەهێزترە لە پابەندکردن بە تێگەیشتنی فەقیهەکان، ئەوە زیاتر کاریگەر دەبێت لە نەهێشتنی جیاوازی و کۆکردنەوەی ڕایەکان.

بەڵام ئایا بۆچی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) ڕێگری لە نووسینەوەی هەرشتێك بێجگە لە قورئان، کرد، هەردوو هاوەڵەکەیشی ـ ئەبوبەکر و عومەر ـ لەوەدا شوێنی ئەو کەوتن؟! ئەمە لەبەر ئەوە بوو بۆ ئەوەی عەقڵی خەڵکی و دڵ و دەروونیان یەکەم جار لەسەر قورئانی پیرۆز پەروەردە ببێت و دابمەزرێت، قورئانی پیرۆز جێگیر ببێت تیایاندا، لەوێوە توانا مەعریفییەکانیان هەڵبقوڵێت و بەرنامە زانستییەکانیان لەوێوە دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی بتوانن هەر سەرچاوەیەکی گشتی و بەشیی و هەر جۆرێك لە جۆرەکانی مەعریفە لەگەڵی بەراورد بکەن و بڕیار بدەن لەسەر تێڕوانینە قورئانییەکان و ڕەخنەیان لێ بگرن و

پاڵفتەیان بکەن پێی، هەروەها بۆ ئەوەی فەرمانبەرداربوونی قورئـان (حاكمیـة القـرأن) لـە دڵ و لۆژیکیاندا جێگیر ببێت.

هۆکاری رێگری لە نووسینەوەی بێجگە قورئان ئەوە نـەبووە کـە هەنـدێك باسـیان کـردووە و دەڵێن: (لە ترسی لێکچوون و تێکەڵبوونی قورئانی پیرۆز و فـەرموودە ڕیوایـەتکراوەکان بـووە)، ئەمـە شـتێکی زۆر دوورە لـەو عەرەبانـەی خـاوەنی بەلاغـەت و بـەیانێکی وەهـا بـوون کـە جیاوازییەکی ئاشکرا و فراوانیان دەبینی لـەنێوان ئایەتـەکانی قورئـانی پـیرۆز و هـەر قسەیەکی دیکەدا، لەنێویشیدا فەرمایشتەکانی فەصیحترینی ئەو کەسەی کە وشەی (ضـاد)ی بـەکارهێناوە (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت).

پێغەمبەری خواش (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) بەبێ هودە هـیچ قسەیەك ناکات، بۆیە مادام ڕێگری لە نووسینی هیچ شتێك بێجگە لـە قورئـان کـرد، ئـەوە مانـای ئەوەیـە حیکمـەتێکی زۆری تێدایـە کـە خـوای گـەورە فێـری کـردووەو سرووشـی بـۆ کـردووە، یـان ڕێگریکردنێکی ڕاستەوخۆیە لەلایەن خوای پـەروەردگارەوە، ئـەگینا عەرەبـەکان جیاوازییـان لـە نێوان وشەکانی قورئانی پـیرۆز و هـەر وشـەو رسـتەیەکی دیکـە دەکـرد، بـا لـە ئەوپـەڕی پلـەی ڕەوانبێژییشدا بوایە.

هـەروەها قورئـانی پـیرۆز بنـەماکای سـوونەت و فـەرموودەکانی پیغەمبـەر لـەخۆدەگریت و سوونەت و فەرموودەکانی پیغەمبەر لە ئایەتەکانی قورئان وەردەگیرێـن، نـەك بـە پێـچەوانەوە، کەواتە ناگونجێت تێکەڵاو ببن و لەبەر ئەوە ڕێگری کرابێت لەنووسینەوەی فەرموودە.

پێشەوا شافیعی لە کتێبی (الرسالة) لـە برگـەی: (٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٨) دانـی بەم ڕاستیەدا ناوە و ڕوونیکردۆتەوە، دەفەرموێت: هەر کێـشە و ڕووداوێـك بەسـەر هەرکەسـێکی دینداردا بێت لە قورئانی پیرۆز دا بەڵگە هەیە بۆ ڕێگەی لێدەربازبوونی (مقدمة الرسالة ١٧ـ٢٠).

هەروەها زانایان لە دوای نەوەی سێهەمەوە، نەرمکێشییان لە ڕیوایەتکردنی فەرموودەکان بە مانا کردووە، بەتایبەتی (ئەو نەوەیەی ڕیوایەتی فەرموودەکانیان لەئەسـتۆ گـرت)، لەبەرئـەوەی قورئانی پیرۆز مانایەکانیان دووپاتیان دەکاتەوە، مەبەستەکانیان لەخۆدەگرێت، هـەروەك چـۆن کەلـەپووری گـشت پێغەمبـەرانی پـێش پێغەمبـەری خۆمانیـشی (دروودی خـوا لەسـەر خـۆی و هەموویان بێت) لەخۆگرتووە، بۆیـە ترسـێکی زۆر دروسـت نابێـت لـە هەڵـسوکەوتی هەنـدێك لـە

ڕاویـەکان لەگـەڵ وشـەکان و پـێش و پاشـکردنیان، بـەگویرەی تێگەیـشتنی خۆیـان، چـونکە لەدوایانەوە دوو پاڵاوگەی ورد هەیە، بۆ دروستی ئەم هەڵسوکەوتەیان:

یەکەمیان: پێویستە ئەو ڕیوایەتە لە قورئانی پیرۆز و زمانی عەرەبیدا بنەمایەکی هەبێت.

دووهەمیان: پێویستە قورئانی پیرۆز پەسەندی بکات و لەخۆی بگرێت

بەم شێوەیە دەتوانرێت هەڵەتێگەیشتنی ڕاوییەکان لـە فـەرموودەکان ڕاسـت بکرێتـەوە، جـا ئـەم هەڵەیـە بـەهۆی ئاسـتی توانـای تێگەیـشتن و وەرگـرتنی ڕووی دابێـت، یـان بـەهۆکارێکی زمانەوانی، یـان بـەهۆی خوێندنـەوە بـۆ مانـای فەرموودەکـە و هۆکـاری وتنیـەوە، یـان بـە هـەر هۆکاریکی دیکە ڕوویدابیت.

گومانی تێدا نییە، نووسینەوە هۆکارێکی وردە بۆ پارێزگاریکردنی زانیارییەکان ـ بۆیـە هـیچ ڕەخنـە لـە عەرەبـەکان نـاگیرێ کـە پێیـانوابووە نووسـراوەکان لـە خوێنراوەکـان باشـترن ـ نووسینەوە باشترە لە ئەزبەرکردن لە مێشکدا، ئەگەر هەڵەیەك دروست ببێـت لـە نووسـینەوەدا، دەکرێت فریای بکەویت و چاکی بکەیتـەوە، بـەڵام هەڵـەکردن لـە مێـشکدا ئەگـەر جـێگیر بـوو و خەڵکی لەنێو یەکدی ئاڵوگۆڕیان کرد، ڕاستکردنەوەی زۆر ئەستەم دەبێت.

بەوەی کە وتمان، بۆمان ڕوون دەبێتـەوە کـە ڕێگرییکردنـی پێغەمـەر ـ دروودی خـوا لەسـەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت ـ لە نووسینەوەی فـەرموودە، لەبـەر ئـەوە نـەبووە کـە فـەرموودەکانی بەڵگە نین ـ وەکو ڕژهەڵاتناسەکان و ئەوانـەی سـوونناەت ڕەتدەکەنـەوە و بـە بەڵگـەی دانـانێن ـ ڕایان وایە، لەنێو ئـەوان، ئەوانـەی نازناوێکیـان بـۆ خۆیـان دانـاوە کـە شایـستەی نـین، ناویـان لەخۆیان ناوە (قورئانی)، بەڕاستی ئـەوان قورئـانی نـین، ئەگـەر قورئـانی بوونایـە نەیانـدەتوانی (بەڵگایـەتی) فـەرموودە کـە بـە دەقـی ئاشـکرای قورئـانی پـیرۆز جـێگیرە، ڕەدبکەنـەوە و تێدەگەیشتن لەوەی ئەو کێشەیەی لە سەردەمی نەوەی گێڕانەوەی فـەرموودەدا سـەریهەڵداوە و توندتر بووە، لـە نـەوەی (الفقـه)دا کێـشە نـەبووە لـە خـودی (بەڵگایـەتی فـەرموودە)، چـونکە بەڵگایەتی فەرموودە، شتێکی ئەوەندە دیارە لـەنێو ئـایینی ئیـسلام کـە هـیچ بەڵگـەی ناوێـت، بـەڵکو ئـەم کێـشەیە لـە گێڕانـەوەی فـەرموودە دروسـت بـووە کـە بریتیـە لـە (اسـناد)ی ئـەو ڕیوایەتانەی کە گێڕدراونەتەوە، دەکرێت هەنـدێکیان خەسـڵەتدار بکـرێن بـە دڵنیـایی (الـيقين) و هەندێکیشیان خەسڵەتدار بکرێن بە گومـان (الظـن)، بـەوەی بەڵگـەن، یـان نـا، ئـەو فەرموودانـە

بـەگوێرەی بڕیـاردان لەسـەری و ڕەخنـەگرتن لـە مـەتنی فـەرموودەکان، وەرگـیراون، یـان ڕەدکراونەتەوە، بەڵام ئەو فەرموودانەی کە بە جێگیری و دڵنیاییەوە لە پێغەمبـەر (دروودی خـوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) ڕیوایەتکراون، لەنێو ئیمانداراندا هیچ کێشەیەك لەبەڵگـەبوونیان نییە.

هەروەها ئەوەی باسمان کرد، لەو مەنهەجەی کە قورئـانی پـیرۆز پێـی هاتووەتـە خـوارەوە، وەرگیراوە، چونکە قورئانی پیرۆز ـ هەروەك دیارە ـ بە پارچە پارچەیی و لە ماوەی (٢٢) ساڵ و پێنج مانگ و (٢٢) ڕۆژ لە ژیـانی پێغەمبـەردا (دروودی خـوا لەسـەر خـۆی و بنەماڵەکـەی بێـت) هاتووەتە خوارەوە، خوای گەورەش لەو بارەیەوە دەفەرموێت: **{وقُرْآنًا فَرَقْنَـاهُ لِتَقْـرَأَهُ عَلَـى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنْزِيلًا}**. (الإسراء: ١٠٦)

مانای: ئێمە قورئانیشمان بەش بەش کردووە، تا بـە شـێنەیی و بـە ئـارامی بەسـەر خەڵکیـدا بیخوێنیتەوە، هەر ئێمەش بەو شێوەیە دامانبەزاندووە (کە تۆ ڕایدەگەیەنیت).

ئینجـا کاتێـك کافرەکـانی قـوڕەیش ڕەخنـەیان لـەم شـێوە دابەزینـە گـرت، قورئـانی پـیرۆز ڕەخنەکەیانی تۆمار کرد و گفتوگۆی لەگەڵ کردن لەم بارەیەوە و ئـەو حیکمەتـەی ڕوونکـردەوە کە بووەتە هۆی دابەزینی بەم شێوە، خوای گەورە فەرمووی: **{وقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلاَ نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً واحِدَةً كَذَلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ ورَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا}** **(الفرقان: ٣٢)**.

مانای: کافرەکان وتیان: ئەوە بۆ قورئان بەیەك کەڕەت بۆی ڕەوانـە ناکرێـت، بێگومـان ئێمـە بەو شێوەیە ڕەوانەی دەکەین، تا دڵی تۆ زیاتر دڵنیا بکەین، بەردەوام بـە جـوانی دایدەڕێـژین و دەیگەیەنین.

هەر لەبەر هەمان حیکمەت ـ زیاتر دڵنیاکردنی دەروونـەکان بـە قورئـان ـ پێغەمبـەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) ویستی کە هزر و دەروونی موسوڵمانان تـەنها بـە قورئـانی پیرۆزەوە خەریك ببێت ـ تا عەقڵ و دڵیان پێی جێگیر و دڵنیا ببێت و دەروونیان پێی ئارام ببێت و خۆشییەکانی تێکەڵ ببێت لەگەڵ دڵ و دەروونیان و ئایەتەکانی هـیچ فـشارێك دروسـت نەکـەن لەسەر هیچ لایەنێکی دیکەی ژیانیان، کاتێك پێیان کاریگەر دەبن.

بۆیە قورئانی پیرۆز بۆ نەوەی یەکەم بوو بەو عەقڵەی کە بیری پێدەکەنەوە و ئـەو دەروونـەی پێی دەژین و ئەو هەستیارییەی کە سۆز و هەستەکانیان پێکدەهێنێت و ئـەو چـاوانەی کـەدەورو

کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکە و دەروازەکانی

لێرەدا هەوڵ دەدەین ڕێگە خۆش بکەین لەبەردەم ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی (کۆکردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەکە)، بەوەی هەندێك لە ڕێڕەو و دەروازە گرنگەکان بۆ خوێندنەوەی هەریەك لە قورئان و گەردوون ڕوون بکەینەوە کە دەبنە یارمەتیدەرمان بۆ بەرنامەی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆکردنەوەی هەردووکیان، با بە دەروازەکانی خوێندنەوەی قورئان دەستپێبکەین، کە ئەمانەن:

بەریانی پیدەبینن و، ئەو پرۆگرامەی کە هەموجوڵەو عەقڵ و دەروون و هەڵسوکەوتەکانیان ڕێکدەخات و لە هەڵەکردن دەیپارێزێت، هەرکاتێکیش شەیتان هەڵەیەکی پێکردن لەم بوارانەدا، بیر دەکەنەوە و چاویان هەڵدەهێنن بۆ ڕاستی و دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست هەر بە قورئانی پیرۆز.

تێڕوانینی ئەشعەرییەکان بۆ ئەو فەرمایشت و ئەسەرانەی کە هەن لەبارەی ڕێگرییکردنی پێغەمبەر (درودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) لە کتێبی مامۆستامان عەبدولغەنی عەبدولخالق (حجیة السنة) لە لاپەڕەی (٣٩٠ بەولاوە) دەستتدەکەوێت، هەروەها لە کتێبی د. محمد عجاج الخطیب (السنة قبل التدوین) لە بەشی چوارەمیدا (متی دون الحدیث؟) لاپەڕە (٢٩٣ـ٣٨١) دەستتدەکەوێت، کە بەڕاستی، دانەرەکەی ـ خوا پادشتی بداتەوە ـ هەموو ئەو بابەتانەی کۆکردووەتەوە کە پەیوەندییان بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی فەرموودەوە هەیە، هەموو ئەو ڕا و بۆچوونانەی گفتوگۆ کردووە کە لەم بارەیەوە وتراون. ئێمە لەگەڵ دانەرەکەی لە زوربەی ئەو شتانەی باسی کردوون هاوڕاین، جیاوازیشین لەگەڵی لەبارەی هەندێك لە دەرئەنجامەکانی، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەوەی ئەو باسی کردووە هیچ توێژەرێکی ئەم بوارە لێی بێ نیاز نابێت.

١. دابەزاندنی قورئان بۆ سەر دڵ و دەروون لەلایەن خوێنەرەوە

بەڕاستی دابەزاندنی قورئان بۆ سەر دڵ و دەروون لەلایەن خوێنەریەوە ـ بەو شێوەیەی کە ڕوونمانکردەوە ـ دەروازەیەکی سەرەکییە لە دەروازەکانی لێتێگەیشتنی، ڕەنگە بڵێین گرنگترین دەروازەکانی (کۆکردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەکە)ـیە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {قُلْ مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ}. (البقرة: ٩٧)

مانای: ئەی محەممەد (درودی خوای لەسەر بێت) پێیان بڵێ: هەر کەسێك دوژمنی جوبرەئیلە، ـ با بزانێت ـ کە ئەو جوبرەئیلە بە فەرمانی خوا ئەو قورئانەی دابەزاندووەتە سەر دڵت، کە کتێبە پێشووەکان بەڕاست دادەنێت و ڕێنموونیی (بۆ چاکە) دەکات و مژدەبەخشیشە بە ئیمانداران). هەروەها دەفەرموێت: {وإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٩٢) نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الأَمِينُ (١٩٣)عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ}. (الشعراء: ١٩٢ــ١٩٤). مانای: بەڕاستی ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگاری جیهانەکانەوە ڕەوانە کراوە، جوبرەئیلی ئەمین (فریشتەی وەحی) بۆ سەر دڵی تۆ ئەی محەممەد (درودی خوای لەسەر) دایبەزاندووە، تا بچیتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە خەڵکی بێدار دەکەنەوە. هەندێك دەروازەی دیکەش بۆ چوونە نێو جیهانی قورئانی پیرۆز هەن، لەوانە:

٢. دەروازەی باوەڕبوون بە (یەکێتی بینای قورئانی پیرۆز):

چوونە ژوورەوە لەم دەروازەیەوە بۆ خوێندنەوەی قورئـانی پـیرۆز و تێگەیـشتن لـە یـەکێتی بینایەکـەی وا لەخوێنـەر دەکـات لـە مەیـدانی قورئانی پیرۆزدا بسووڕێتەوە و بڕوانێتـە هـەموو ئایەتـەکانی و بگـەڕێت بەدوای هەموو تۆڕە پەیوەندیدارەکان لەناویاندا، بۆ ئەوەی بزانێت چـی دەخوێنێتەوەو جوان تێبگات لەوەی دەیخوێنێتەوە.[١]

٣. دەروازەی دەرچوون لە باوەڕبوون بە (یەکێتی سوورەت)ـەوە:

ئەمـەیان دەروازەیەکـە کـە زۆر جیـاواز نییـە لـە دەروازەی (یـەکێتی بینایەکەی)، بەڵام لەم دەروازەیاندا خوێنەری ڕاهاتوو ڕادەوەستێت لەسەر یـەك سـوورەت و بەتایبـەت جـودای دەکاتـەوە. لـەوێوە بەلێوردبوونـەوە بەرەو گەڕان لە کۆڵەکەکەی دەڕوات، ئەو کۆڵەکە و ڕاگرانـەی سـوورەتەکە پـشتی پێبەسـتوون. مەبەسـتمان بـەو کۆڵەکانـە ئەوەیـە کـە: هـەموو سـوورەتێك بابـەتێکی سـەرەکی هەیـە، ئایەتـەکانی هـەمووی هـاتوون بـۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە سەرەکییە و لابردنی پەردە لەسەر ئەو شتانەی پەیوەنـدییان پێوەیـەتی، هـەموو بابەتـەکانی دیکـە لـە چـواردەوری ئـەو

---

(١) بـۆ زانـینی مەبەسـت لـە(یـەکێتی بینایەکـەی) بـە درێـژی و چـۆنیەتی بـەکارهێنانی بـەگوێرەی ئـەوەی دیارییکـەری بەرنامەکانـە و بـە گـوێرەی چـۆنیەتی ڕیکخـستن و دروستبوونی، بە تەنیا لـە باسـێکی سـەربەخۆدا باسمـان کـردووە، وا باشـە بـۆ تێگەیـشتن لـەم دەروازە بەشـێوەیەکی گونجـاو بگەڕێیتـەوە سـەری. لـە گۆڤـاری (الکلمـة) لـە ژمـارە (٤٣) بەهاری (٢٠٠٤م) بڵاوکراوەتەوە. (دانەر)

بابەتــە ســەرەکییە دەســوڕێنەوەو پاڵپــشتی لێدەکــەن و زیــاتر ڕوونــی دەکەنەوە، کەواتە وەك ئەو مێخانە وان کە پاڵپشتی لە عەمودی ســەرەکی خێوەت، یان ماڵ دەکەن. مامۆستا (الإصلاحي)[1] لەم بارەیەوە بابەتێکی باشــی نووســیووە، پێویــستی بەکەســێك هەیــە لەســەری زیــاد بکــات و فراوانتری بکات، وەك مامۆستا (أمين الخولي)[2] ئاماژەی پێکردووە.

(1) بگەڕێرەوە بۆ کتێبی مامۆستا عبدالحميد الفراهي الإصلاحي (خـوا ڕەحمـی پـێ بکـات) (سلـسلة دراسـات في التأويـل و علـوم القران)، لـەوێ بابـەتێکی تایبـەت کـردووە بـۆ قـسەکردن دەربارەی (عمود السورة) مانـای: کۆڵەکـەی سـورەت، لـەوێ ئـەوەی دووپـات کردووەتـەوە کـە هــەموو ســورەتیك کۆڵەکەیــەکی هەیــە، پێویــستە خوێنــەری لێــی وردبێتــەوە و بیدۆزێتــەوە، بۆئــەوەی مانایەکــەیو ئــەو بابەتانــەی کــە لــەخۆی گرتــووە تێیبگــات. ئــەم لێکۆڵینــەوەش (المكتبة الإصلاحية) لـە علیکـر لـە هیندسـتان بـڵاوی کردووەتـەوە. دووبـارە هەنـدێکی لەلایـەن (دارالغرب الإسلامي) لێ بڵاوکراوەتەوە.

(2) بەوشێوەیەی کە لە کتـێبی (مـسؤلية التأويـل) ص١٣٩ بـەولاوە، دکتـۆر مـستەفا ناسـف هاتووە.

٤. دەروازەی بەها بەرزەکان، کە بریتیە لە:
(یەکتا پەرستی، خۆپاککردنەوە، ئاوەدانکردنەوە)[1]:

ئەم سیٚ بەهایە لە گرنگیاندا گەیشتوونەتە ئاستێك دەتوانین بڵێین ئەو تەوەرە سەرەکییەکانەی قورئانی پیرۆز پێکدەهێنن کە هەموو سوورەتەکانی و ئایەتەکانی و وشەکانی بەچواردەوریدا دەسوڕێنەوە و هاوبەشی دەکەن لە کارکردن بۆ پتەوکردن و جێگیرکردنیان.

* (یەکتاپەرستی): مافی خوای گەورەیە لەسەر بەندەکانی کە باوەڕ بە یەکێتی و یەکتاپەرستی بهێنن و باوەڕ بە تاك و تەنیایی ئەو لە خودی خۆیداو لە سیفەتەکانیدا و لە کردەوەکانیدا بهێنن. لەبەر گرنگی زۆری یەکتاپەرستی، زۆربەی سوورەت و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەچواردەوریدا دەسوڕێنەوە، چونکە هەموو شتەکانی دیکە لەسەر ئەو ڕادەوەستن، چونکە ئەو کرۆکی عەقیدە و پایە و کۆڵەکەکانی باوەڕە.

* (خۆپاککردنەوە): ئەمیشیان ئەو ئامادەکارە بنەڕەتی و گشتگیرەیە کە مرۆڤ وا لێدەکات ئامادەبێت و توانای هەبێت لەسەر هەستان بە ئەرکی جێنشینی و گەیاندنی ئەمانەت و بەجێگەیاندنی بەو پەیمانەی کە داویەتی بە خوای گەورەو ئاوەدانکردنەوەی زەوی و

---

(١) بڕوانە کتێبی (التوحيد التزكية العمران) دکتور طه جابر العلواني، (التوحيد) لەنێو کتێبی (المنهجية الإسلامية) (القاهرة: دار السلام، ٢٠١٢م) والتصوف والسلام، لە ژێر چاپکردندایە.

میراتگری له دنیا، خوای گەورە دەفەرموویّت: {ولَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الآرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ} . (الأنبياء: ١٠٥)

مانای: سوێند بەخوا، بەڕاستی ئێمە لە کتێبی زەبوردا دوای تەورات، بڕیارمان داوە کە بێگومان بەندە شیاو و چاکەکانمان دەبنە میراتگر و خاوەنی زەوی. هەروەها خۆپاککردنەوە وا لە مرۆڤ دەکات کە ئامادەبێت بۆ میراتگرتنی فیردەوسیش لە دواڕۆژدا، خوای گەورە دەفەرموویّت: {الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ} . (المؤمنون:١١).

مانای: ئەوانە دەبنە خاوەنی بەهەشتی فیردەوس (کە بەرزترین و بە نرخترین بەهەشتە) و بۆ هەمیشە ژیانی نەبڕاوەی تیادا دەبەنەسەر (لەوپەڕی لاویەتی و تەندروستی و ئاسوودەییدا).

* (ئاوەدانکردنەوە): ئەمیش ئەو کارەیە کە بە مرۆڤ سپێردراوە بە پەیمانی جێنشینکردن، ئەو مەبەستەیە کە خوای پەروەردگار لەبەر خاتری بەدیهێنانی، هەموو سرووشتی بۆ مرۆڤ دروستکردووە و خستویەتە بەردەستی.

ئێمە لە یاسا و ڕێسا گەردوونیەکان - لەناویشیان ڕامکردن‌و ئاوەدانکردنەوە - زۆرێك لە بەڵگەکانی بوون و تاك و تەنیایی خوای گەورە لە خودی خۆیدا و لە سیفەت و کردارەکانیدا هەڵدەهێنجین. بە وردبوونەوەش لەو یاسا و ڕێسایانە دەتوانین ئەو شتانە هەڵبهێنجین کە گونجاوە لەگەڵ ئەو فیترەتەی خوای پەروەردگار لەسەری دروستی

کردووین، لەسەر بەڵگەکانی (دروستکردن و بەدیهێنان و چاودێری و بەڕێوەبردن و ڕێگرییکردن (تمانع).. هتد) شتێکی وا بینا بکەین وامان لێبکات توانامان هەبێت لەسەر ڕۆیشتن بەرەو پیری بانگەوازی ئەو فیترەتەی کە لەسەری دروستکراوین و وەڵامدانەوەی و گوێبگرین و وەڵامی بانگەشە و بانگەوازی پێغەمبەران (دروودی خوایان لەسەر بێت) بدەینەوە، ئەوکاتە قورئانی پیرۆز و پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت)، لەگەڵیشی هەموو پێغەمبەران لە ڕووی دەرەکی، فیترەتی مرۆڤایەتیش لە ڕووی ناوەوە یەکانگیر دەبن بۆ بەدیهێنانی ڕێنمایی و خۆپاککردنەوە و دروستکردنی ئاوەدانی، کە بریتیە لە ڕەنگدانەوەی ڕوحی بەندایەتی و ڕێنمایی و خۆ پاککردنەوە لەسەر گەردوون و سرووشتی ڕامکراو.

مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ سەرکردایەتیکردنی کاروانی ئەو تەسبیحاتەی هەموو شتێك لە گەردووندا بە ئاراستەکردنی خودی و خۆڕسکی ئەنجامی دەدات، بێجگە لە مرۆڤ، کە ئەم کارە بە ئازادی و هەڵبژاردنی خۆی دەکات، خوای گەورە دەفەرمووێت: {تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ والأَرْضُ ومَنْ فِيهِنَّ وإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ ولَكِنْ لاَ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا}. (الإسراء: ٤٤)

مانای: هەر هەموو ئاسمان و زەوی و هەموو ئەوانەی تیایاندا هەن، تەسبیحات و ستایشی ئەو زاتە دەکەن، هیچ شتێك نییە لەم بوونەوەرەدا تەسبیحات و ستایش و سوپاسی ئەو زاتە نەکات، بەڵام

ئێوە لە تەسبیحات و ستایشی ئەو شتانە تێناگەن، بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشە و بەردەوام خۆگر و بە حەوسەڵەیە (لە بەرانبەر لادانی خەڵکیەوە) لێخۆشبووە و چاوپۆشی دەکات (ئەگەر ڕووی تێبکەن و باوەڕی پێبهێنن). جا چۆن ئێمە لەم تەسبیحاتە تێبگەین؟

بە وردبوونەوە و بیرلێکردنەوەو ژیری، بە ڕامان لە دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان، خوای گەورە دەفەرمووی: {ومَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الآرْضِ ولآ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ}. (الانعام: ٣٨)

مانای: هیچ زیندەوەر و گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەك بە باڵەکانی بفڕێت کە ئوممەت و گەلێك نەبن وەك ئێوە، (دڵنیابن) هیچ شتێك نییە پشتگوێمان خستبێت لە کتێبە (تایبەتیەکەی لە لوح المحفوظ)تەوە، دوایی هەر هەموو ئەوانە کۆدەکرێنەوە بۆ لای پەروەردگاریان، (بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن و هەموو کەس مافی خۆی وەربگرێت، یان تۆڵەی ڕەوای لێبسەنرێت). جا هەر کاتێك لەم دەروازانەوە دەست بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەکەین، ئەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو دەروازانەوە پەلکێشمان دەکەن بۆ تێڕوانین بۆ دوای خۆیان و ئەوەی پەیوەندیدارە پێوەیان، بۆ ئەوەی دەروازەی پێنجەممان بۆ دەربکەوێت لە دەروازەکانی خوێندنەوەکە بریتییە:

٥. دەروازە چوونە نێو مەیدانی قورئانی پیرۆز لە ڕێگەی پەیوەندییەکان لە نێوان خوای پەروەدگار و مرۆڤ و گەردوونی ڕامکراو:

چونکە کاتێك دەڵێین: (الله) هەموو زانستەکانی پەنهانی (الغیب) بەم وشەیە لە زیهنماندا ئامادە دەکەین، کاتێکیش دەڵێین: (مرۆڤ) ئاماژە دەکەین بۆ هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، هەر لە (جیهانی پەیمانی یەکەمەوە)[1] یان (جیهانی زەڕڕە)، لەوێوە بەرەو جیهانی دروستکردن و دەرکەوتن لە بوونەوەردا و فەرمان بە ئامادەبوون بۆ بەدیهێنانی مەبەستە گرنگەکان، تا کۆتایی جیهان و گەڕانەوە بۆ بەهەشت، یان دۆزەخ.

---

(١) ناوی (جیهانی پەیمانی یەکەم) بەو ساتەوەختە دەگوترێت کە خوای پەروەردگار قسەی لەگەڵ روحی وەچەکانی ئادەم کردووە، (ڕۆژی قالوا بلى) کە خوای پەروەردگار بەم ئایەتانە ئاماژەی پێدەکات: {وإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ (١٧٢) أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ} (الاعراف: ١٧٢، ١٧٣)

مانای: یادی ئەو کاتە بکەرەوە کە پەروەردگارت ئەڕواحی پشتاوپشتی نەوەکانی ئادەمی کۆکردەوە و پەیمانی لێوەرگرتن و کردنی بە شاهێد بەسەر خۆیانەوە و پێی فەرموون: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟! هەموو وتیان: نابێ تۆ خوای ئێمە نەبیت، بەڵێ، شاهێدیماندا کە تۆ پەروەدگارمانیت، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکو لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن: بەڕاستی ئێمە لەمە بێئاگا بووین!!، یاخود نەوەك بڵێن: جا ئێمە چی بکەین، بەڕاستی باو و باپیرانمان لە پێشدا هاوەڵیان بۆ خودا داناوە، ئێمەش نەوەیەك بووین دوای ئەوان هاتین و شوێنیان کەوتین، جا ئایا تۆ بەتەمایت بەهۆی ئەوەی پێشێلکەرانی حەق کردوویانە، لەناومان ببەیت؟

کاتێکیش کە دەڵێین: (گەردوون) مەبەستمان پێی جیهانی دروستکراوەکان و ئەو یاسا و ڕێسایانەیە کە ڕوویان تێدەکەن و بۆیان ئامادەکراون، ئەو دروستکراوانەش تیایدا جۆراوجۆرن، وەك: زیندەوەران و دەریا و زەریاکان و ڕۆژ و مانگ و بوونەوەران، لەنێویشیاندا خودی مرۆڤ.

ئەمەش مانای ئەوەیە، ئێمە لە پەیوەندی نێوان خوای گەورە و مرۆڤ و گەردوون دەکۆڵینەوە، لە چۆنیەتی دروستبوونی کردار و بەرچەکردارەکان و ئەوەی پێی دەگوترێت (کاریگەربوون) بە هەموو ئەو شتانەی کە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بۆی باسکردووین، بەمەش هۆشیارییەکی وا بەدەستدەهێنین کە بە هۆیەوە دەتوانین لە قورئانی پیرۆز وردببینەوە و بە ڕێکوپێکی بیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی جوان تێیبگەین لە ژیان و ئەو ژینگەیەی کە لەم قۆناغەماندا دەیگوزەرێنین کە لە بوونی بە بازنەیەك لە بازنەکانی مێژووی خێزانی مرۆڤایەتی دوورودرێژمان دەرناچێت. دەروازەی بەها بەرزەکان لە نێوان دروستکەر و دروستکراوەکان دەبنە باشترین هاوڕێ بۆمان، کاتێك لەنێو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، دەخولێینەوە.. خواش زاناترینە.

٦. دەروازەی (ڕێکخستنی بابەتیانە):

ئـەوەش لـە دوای ئـەوە دەبێـت کـە بـەردەوام دەبـین لەسـەر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و ورد دەبینەوە لە گرنگترینی ئەو بابەتە فراوانانـەی کـە لەناویـدا دەدرەشـێنەوە و خۆمـان ڕادەهێـنین لەسـەر بابەتەکانی وەك: باوەڕ، بێباوەڕی، هاوەڵدانان بۆ خوا، دووڕوویی، حەق و ناحەق، نوێژ، زانست، چاکسازی و تێکدانو..هتد، پاشان دەست دەکـەین بـە کۆکردنـەوەی ئـەو ئایەتانـەی پەیوەنـدییان هەیـە بـەو بابەتانەوە ـ بە تێڕوانینی خۆمـان ـ ئـەوەش بـە گـەڕان و بەدواداچـوون لەنێو گشت ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەبێئاگابوون لە (یـەکێتی بینـای قورئان) کە دەخوازێت هەموو قورئانی پیرۆز بخەینە پێش چاوی خۆمان کاتێك کە لێکۆڵینەوە دەکەین بۆ هـەر بابـەتێك لـە بابەتـەکانی، پاشـان دەست دەکەین بە کاری بیرکردنەوە و وردبوونەوە، هەندێکی لادەبـەین و هەندێکی زیاد دەکەین، تـا ئـەو کاتـەی دڵنیـا دەبـین لـەوەی ئـەوەی کۆمانکردووەتەوە لە ئایەتەکان، هەموو ئەو شتانەن کە پەیوەندییان بە بابەتەکەمانەوە هەیە. بە مـەرجێك هـەر ڕانەوەسـتین لـە بیرکردنـەوە و لێوردبوونەوە و زیاد و کەمکردن، پاش ماوەیەك خۆمان دەبینینەوە کە وابەستە بووین لەگەڵ هەموو قورئـانی پـیرۆز و یـەکێتی بینایەکەیـەوە، ئەو کات تێگەیشتن و هۆشیارییمان بە شێوەیەکی گشتی لـە بارەیـەوە زیاتر دەبێت.

لێـره دەکرێـت بەڵگـە بهێنینـەوە بـەو فەرمایـشتەی کـە لـە ئیمـامی شافیعیەوە ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ نەقڵ کـردووە، ئیمـامی شـافیعی کاری زۆری لەسەر کۆکردنەوەی ئایەتەکانی ئەحکام لـە قورئـانی پـیرۆز کرد و کتێبێکیشی لەوبارەیەوە بەناوی (أحكام القرأن) هەیە کە ئیمامی بەیهـەقی کـۆی کردووەتـەوە، ئایەتـەکانی ئـەحکام لـەلای فەقیهـەکان ژمێـردراوە، کـە بـەلای زۆربەیانـەوە لـە ٥٠٠ ئایـەت تێپـەڕ نابێـت، هەندێکیشیان پێیانوایـە لـە (٢٤٠) ئایـەت تێپـەڕ نابێت، بـەڵام ئیمـامی شافیعی دوای ئەوەی کە ورد بـووەوە لـەم جـۆره لـە ئایەتـەکان، بـۆی دەرکەوت کە ناکرێت ئەحکامـەکان تیایانـدا بـژمێردرێن، بۆیـە ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە لـەنێو نموونـەکانی قورئـانی پیرۆزیـشدا نموونـەی زۆر هەیە[1]، بەڵکو دەکرێت بڵێین لەنێو چیرۆکە قورئانییەکانیشدا ئـەحکامی

([1]) پەندە قورئانییەکان بڕیاڕ و تەشـریعاتەکان لـەخۆیان دەگـرن، هـەروەك چـۆن پوختـەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکان دەگرنەوە، ئەگەرچی لەسەر شێوەی ناسراوی ئایەتەکانی ئەحکام و تەشریعاتەکان نەشهاتوون، بۆیە پێشەوا شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێـت) بەپێویـستی زانیـوە بۆ موجتەهید کە زانیاری تەواوی لەسەر ئەو پەندە قورئانیانە هەبێت، بۆیە کاتێك باسی مەرجـە زانستییەکانی موجتەهید دەکات، دەفەرموێت: ".. پاشان پێویستە موجتەهید زانیاری هـەبێت بەو پەندە قورئانییانەی کە بەڵگەن لەسەر پێویستی گوێڕایەڵی خوای گەورە و دوورکەوتنەوە لە بێ فەرمانیەکانی..."، کردووشیەتی بە بەشێك لەوەی پێویستە لەسەر موجتەهیـد بیزانێـت وەك بەشێك لە زانستە قورئانییەکان (علوم القرآن) وەك لە کتێبی (الاتقان) (١٣١/٢) باس کراوە.

زۆر هەیــە، چــونکە ناکرێــت حوکمــەکان دەربهێنــرێن و لــە هــەموو لایەنــەکانیان تێبگــەین، بــەبێ زانــینی ســیاق و هــەموو لایەنــە پەیوەندیدارەکانی. شتی بەسودمان (إن شاءالله) بە درێژی لەسـەر ئـەم بابەتە باسکردووە، لە کاتی باسکردنی (الوحدة البنائية للقرأن المجيـد) بگەڕێرەوە بۆ ئەوێ و لەگەڵ ئەم دەروازەیە گرێی بدە.

پێـشەوا مـاوەردی دەفـەرموویێت: "... زانـستی پەنـدەکانی قورئـان لـە گـەورەترین زانستەکانی قورئانـە، بـەڵام خـەڵك لێـی بێئاگـان..."، وەك لـە کتـێبی (برهـان)ــی زەرکەشـی (٤٨٦/١)، کتێبی (الاتقان) (١٣١/٢) هاتووە.

ئیمامی سیوتی لە شێخ عیزەددین دەگوازێتـەوە کـە فەرموویـەتی: "خـوای پـەروەردگار بـۆ پەند و ئامۆژگاری و بە بیرهێنانەوە پەندەکانی لـە قورئـانی پـیرۆزدا بـاس کـردووە، جـا ئـەوەی باسی جیاوازی پاداشت، یان بەتاڵبوونەوەی کردەوەکـان، یـان سـتایش، یـان سەرزەنـشتکردنی تێدا بێت، ئەوە دەبێتە بەڵگە لە سەر حوکمە شەرعییەکان". الإتقان (١٣١/٢).

ئیبن خەلاد رامهرمـزی دەفـەرموویێت: "... پەنـدەکانی قورئـانی پـیرۆز بـریتین لـەو شـتانەی خوای پەروەردگار لە قورئاندا بەڵێنی تێدا هێناون، یان هەڕەشـەی تێـدا کـردوون، یـان حـەلاڵ و حـەرام، یـان ئومێـد، یـان ترسـی تێـدا بـاس کـردوون، یـان هاوبەشـدانەرەکانی پـێ ئاگـادار کردوونەتـەوە و کردوونـی بـە پەنـد و ئامۆژگـاری و بەبیرهێنانـەوە، کردوونـی بـە بەڵگـە لەسـەر دەسەڵاتی ڕوون و ئاشکرا و بێ کۆتایی خۆی لە دنیا و دوارۆژدا، پەند و ئامۆژگاری هەرە بەرز و بڵند لە زەوی و ئاسمانەکاندا هەر هی خوادی گەورەیـە و ئـەو خـاوەنی دەسـەلات و گـەورەیی و دانایی بێ وێنەیە..". وەك لە پێشەکی کتیبی (أمثال الحديث)ی (رامهرمزی)دا هـاتووە. بـۆ ئـەم بابەتە بۆ کتێبی (الأمثال في القرآن الكريم) د. محمد جابر الفياض (لا: ٢٦٦) بگەڕێرەوە.

٧. دەروازی لێکۆڵینەوە لە گونجاندنەکان:

گونجاندنەکان، یان گونجاوی نێوان ئایەت و سوورەتەکان زانستێکی ورد و گرنگە، زۆرێك لە زانایانی پێشین هەوڵیان بۆ لە یەکدی نزیککردنەوەی ئایەتەکان و سوورەتەکان داوە، هەندێکیشیان بێتوانایی خۆیان لەبەردەم ئەم بابەتەدا ڕاگەیاندووە، هەندێکیان بازیان بەسەریدا داوەو بەرەو دەروازە ئاسانەکانی دیکە، ڕۆیشتوون.

پێشەوا ڕازی (ك: ٦٠٦ك) دەفەرمووێت: (... هەرکەسێك بیر لە وردی ڕیزبەندی سوورەتەکان و جوانی ڕێکخستنیان بکاتەوە، دەزانێت قورئانی پیرۆز هەروەك چۆن بەهۆی بە ڕەوانبێژی وشەکانی و گەورەیی ماناکانی دەستەوەستانکەرە (معجز)ـە، هەروەها بەهۆی ڕێکخستن و ڕیزبەندی ئایەتەکانیشیەوە، دەستەوەستانکەرە (معجز)ـە...). هەروەها دەفەرمووێت: (زۆربەی بابەتە ورد و جوانەکانی قورئانی پیرۆز لە نێو ڕێکخستن و پەیوەندی نێوان ئایەت و سوورەتەکان دانراوە...)[1]. قازی ئەبوبەکر ئیبنولعەرەبی کە یەکێکە لە زانایانی سەدەی شەشەمی کۆچیی (٥٤٣ك) دەفەرمووێت: (... وابەستەبوونی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە یەکدیەوە بەشێوەیەکی وا کە وەك یەك وشە و مانایەکانیان گونجاو و ڕێکوپێك لەگەڵ یەکدی زانستێکی گەورەیە...)[2].

---

(١) بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی پێشوو (الوحدة البنائية).

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(بورهانەدین بیقاعی) کە خاوەنی کتێبی (نظم الدرر في تناسب الآيات و السور)ـە کە دیارترینی ئەو کتێبانەیە لەم بابەتەدا نووسراون، دەفەرمووێت: هەر سوورەتێکی قورئانی پیرۆز تەماشا بکەی با بابەتەکانی ناویشی جیاواز بن، سەرەتایەکەی پەیوەندی بە کۆتاییەکەیەوە هەیە و بە پێچەوانەشەوە، بە هەموویەوە بۆ یەك مەبەست ئاماژە دەکات، هەروەها ڕستەی هەریەکێك لە بابەتەکانی پەیوەندییان بە یەکدیەوە هەیە. بۆیە ئەو کەسەی تەماشای ڕیزبەندیی سوورەتەکە دەکات، بێنیاز نابێت لەوەی کە بە تەواوی تەماشای هەمووی بکات، هەروەك چۆن بێنیاز نابێت لە تەماشاکردنی بەشەکانی یەك ڕستە لە ڕستەکانی...).

مەبەست پێی ڕستەی مەنتیقیە کە بریتییە لە یەك ڕستە ٤٥ جا، کاتێك لەم دەروازەیەوە دەست بە خوێندنەوەی وردی قورئانی پیرۆز دەکەین، دەکرێت ڕاهێنان بکەین بەوەی کە سوورەتێك لە سوورەتەکان بگرین ـ سوورەتێك کە ئەستێرەکانی زۆربن و بابەتەکانی جۆراو جۆربن و ماناکانی فراوان بن ـ پاشان ئایەت لەدوای ئایەت، کۆمەڵ لە دوای کۆمەڵ بەدواداچوونی بۆ بکەین، پاشان بە وردی بیر لە سەرەتای سوورەتەکە و ڕێڕەوی سیاقەکەی، هەتا دەگاتە کۆتایی، بکەینەوە و بڕوانینە ئەو پەیوەندییەی لە نیوان ناو و ناوەڕۆکەکەی هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە سوورەتێکی سەربەخۆ، پاشان بڕوانیە سوورەتەکەی پێشی و سوورەتەکەی پاشی، ئەوکاتە تۆڕێکی فراوانی پەیوەندییمان بۆ

دەردەكـــەوێت لەناویـــدا كـــە وای لێـــدەكات وا هەســـت بكـــەین لـــەو سەردەمەداین كە تیایدا هاتووەتە خـوارەوە، وەك ئـەوەی یـەك پارچـە بێت، یان كە بە یەك پارچە هاتبێتـە خـوارەوە. ئـەم دەروازانـە چـەند دەروازەیەكی پێشنیازكراو بوون، بریتی بوون لە بەرهەمی ژیـان لەگـەڵ قورئانی پیرۆز و هەوڵێكن بۆ نزیكبوونەوە لێی، بەهیچ شێوەیەك بـریتی نین لـە كۆتـایی ئـەو دەروازانـەی بـۆ نزیكبوونـەوە لـە قورئـانی پـیرۆز پێویستن، چونكە قورئانی پـیرۆز هـەرگیز سـوڕهێنییەكانی بـەهۆی زۆر خوێندنەوەو دووبارەكردنەوەی تەواو نابن و كۆن نابن.

دەروازەكانی خوێندنەوەی گەردوون:

گەردوونیش چەندین دەروازەی بۆ خوێندنەوە تێدایە، هەروەك چۆن سرووش (وحی) چەندین دەروازەی هەبوو، لەوانە:

١. دەروازەی دروستبوون:

ئەم دەروازەیە ئەوە دەخوازێت بـاوەڕی تـەواومان هـەبێت و بەتـەواوی دڵنیابین لەوەی كە گەردوون ـ هەمووی ـ دروستكراوی خوای گەورەیە و بە ویستی خۆی دروسـتی كـردووە و بـە فەرمانـەكانی ئـەو پێكهـاتووەو هاتووەتەدی و بە بڕیاری ئەو بووە بە شتێك كە باسی لێبكرێت، خودای بێگەرد دروستی كردووە، هەموو شتێك لـەلای ئـەو ئەنـدازە و سـنووری دیارییكراوی هەیە و بۆ مەبەستێكی دیارییكراو دروستكراوە، بۆیـە هـیچ

ڕێگەیەك نییە بۆ ئەوەی بووترێت بە ڕێکەوت، یان بەبێ هودە، یان بەبێ مەبەست ئەم گەردوونە دروستبووە، بەڵکو هەموو شتەکانی نێو گەردوون هۆکاریان هەیە و بە مەبەست هاتوونەدی.

هەستان بە کاری جێنشینی و بەجێگەیاندنی ئەو پەیمانەی کە مرۆڤـ بەڕاستی بە پەروەردگاری داوە و هەستان بە داخوازییەکانی ئەو پەیمان و ئەمانەتە و سەرکەوتن لەو تاقیکردنەوەیە و دەرچوون لە بەرپرسیارەتی تەکلیف، هەموو ئەمانە شتانێکن کە هەستان پێیان لەسەر جوان تێگەیشتن لێیان دەوەستێت، بەشێوەیەك کە ببنە بەڵگە لەسەر دەسەڵاتی خوای باڵادەست و گەیشتن پێی و تێگەیشتن لەو سیفەتە بەرز و تەواوانەی کە هەیەتی و ببنە هۆی ئەوەی ئاڕاستەمان بکەن بەرەو باوەڕپێهێنان پێی و هەستکردن بە گەورەیی و تێگەیشتن لە جوانی ڕێکخستن و داناییەکەی و دەستەوستانکەری (إعجاز) ئەندازەکێشییەکەی.

قورئانی پیرۆزیش ـ کاتێك بانگمان دەکات بۆ ڕوانین لە دروستکراوەکان و سرووشت ـ خودی خۆی پێشنیاز ناکات بە سەرچاوەی زانستیی سرووشت، بەڵام ئاڕاستەمان دەکات بۆ ئەو زانستە بۆ ئەوەی دەستی مرۆڤ بگرێت بۆ گەیشتن بە ناسینی دروستکەر و هەستکردن بە یەکێتیەکەی و دڵنیابوون لەوەی کە ئەو هەموو سیفەتە تەواوەکانی لەخۆگرتووە و پاك و بێگەردە لە هەموو سیفەتە کەم و کورتەکان، بە هەموو ئەمانە توانا زانستییەکانی مرۆڤ و لێهاتوویی

عەقڵی و هزرییەکانی و ئامادەباشیە مەعریفییەکانی دروست دەکات، هەموو توانایەکانی بۆ تێگەیشتن دەجوڵێنێت و بۆ ئەو کارە گرنگانەی پێی سپێردراوە، ئامادەی دەکات.

ئەگەر سرووش (وحي) یارمەتی بدات بۆ بەدەستهێنانی پاڵفتەبوون و پاکبوونەوە، لەبەر ئەوەی پاش یەکتاپەرستی، مەبەستێکی سەرەکی و گرنگە، ئەوا وردبوونەوەو تێڕوانین لە دروستکراوەکان و سرووشت بە دڵنیاییەوە یارمەتی دەدات لەسەر ئامادەکردنی بۆ ئاوەدانکردنەوە، بەڵام دەبێت تێڕوانینی بۆ دروستکراوەکان و سرووشت بەشێوەیەك بێت کە بزانێت ئەوانە بە فەرمانی خوای گەورە ڕام و ملکەچن و بە ڕێساو یاسایەکانی ئەو بەڕێوەدەڕۆن و دەجولێن، هەموو شتەکان لەم گەردوونەدا بە فەرمانی ئەو شێوەی خۆیان وەردەگرن، مرۆڤ ملکەچ و ڕامی نەکردوون و نابێت هەڵخەڵەتێت بەوەی کە هاتوونەتە بەردەستی و ملکەچکراون بۆی و خۆی بە گەورە بزانێت و بڵێ: {إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي}. (القصص: ٧٨) مانای: ئەوانە بەهۆی زانست و زانیاری و نەخشە و عەقڵی خۆمەوە بەدیهاتوون.

یاخود وابزانێت ئەم ملکەچە بۆیان و ئەوکات ببێتە هاوەڵدانەر بۆ خودای گەورە، یان وابزانێت ئەم سرووشت و دروستکراوانە خۆیان بەڕێوە دەڕۆن و کەس دروستی نەکردوون و بەڕێوەیان نابات، ئەو کات ببێتە بێباوەڕ (مُلحد)، نەخێر پێویستە وابزانێت خوای گەورە ملکەچی کردوون و ڕامی هێناون و خستونیەتیە بەردەستی مرۆڤ و خودای ئەوان

وخودای مرۆڤ یەکە و مرۆڤ تـەنها کـاری جێنـشینی و ئاوەدانکردنـەوە و وەبەرهێنانی پێ سپێردراوە. بۆ ئەم دەروازە گرنگە چەندین دەروازەی لاوەکی هەیە کە سرووش (وحي) ڕێنماییمان دەکات بۆیان، لەوانە:

* زانینی سەرەتای دروستبوون و چۆنیەتی پێکهێنانی بوونەوەران و گرنگترین کارەکانیان، خوای گەورە دەفەرمووێت: {أَولَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَـرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ والأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وجَعَلْنَـا مِـنَ الْمَـاءِ كُـلَّ شَـيْءٍ حَيٍّ أَفَلاَ يُؤْمِنُونَ}. (الانبياء: ٣٠). مانای: ئایا ئەوانـەی بێبـاوەڕ بـوون نەیانبینیوەو بۆیان روون نەبووەتەوە کە بەڕاستی ئاسمانـەکان و زەوی یەك پارچە بوون، پاشان لێکمان جیاکردنەوە، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە، ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن (بەو ڕاستیانە و بەو دەسەڵاتە بێسنوورەی ئێمە)!؟.

هــەروەها دەفــەرمووێت: {واللَّـهُ أَنْبَـتَكُمْ مِـنَ الأَرْضِ نَبَاتًـا (١٧) ثُـمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا}. (نوح: ١٥، ١٦). مانای: هەر خوا خۆی ئێــوەی لــە خــاکی زەوی بــەدیهێناوە و پێیگەیانــدوون (١٧) پاشــان دەتانمرێنێت و دەتانخاتەوە نێوی. هەروەها بەیەکەوە گرێیان دەدات و دەفەرمووێت: {أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا (١٥) وجَعَـلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا}. (نوح: ١٧، ١٨)

مانـای: ئایـا سـەرنجتان نـەداوە چـۆن خـوا حـەوت چـین ئاسمـانی دروستکردوە؟! مـانگی کردووەتـە هـۆی ڕوونـاکی تیایانـدا و خۆریـشی داگیرساندووە.

هەروەها ئەم دەروازەیە دەبێتە هۆی:

* ئاشـكراكردنی ئـەو یاسـا وردانـەی گـەردوون هەیـەتی و هۆكـاری دروسـتكردنی خـوای گـەورە بـۆ دروسـتكراوەكان وەك، دەفـەرمووێت: {وهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ والأَرْضَ بِالْحَقِّ ويَـوْمَ يَقُـولُ كُـنْ فَيَكُـونُ قَوْلُـهُ الْحَقُّ وَلَهُ الْمُلْكُ يَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ عَـالِمُ الْغَيْـبِ والـشَّهَادَةِ وَهُـوَ الْحَكِـيمُ الْخَبِيرُ} . (الانعام٧٣)

مانای: هەر ئەو زاتە ئاسمانـەكان و زەوی لەسـەر بنـچینە و بناغـەی حەق و ڕاستی دروسـتكردووە، هـەر ڕۆژێـك، هـەر كاتێـك، فـەرمان (بـە نەمان و لەناوچوونی بدات) بێ دواكەوتن، پێشدێت، فەرمان و گوفتـاری ئـەو زاتـە هەمیـشە ڕاسـت و بەجێیـە و ئەنجامـدراوە، لـەو ڕۆژەی فـوو دەكرێت بە كەڕەنا (صور)دا، دەسەڵات تەنها بۆ خوایە، هەر ئەو زانـای نهێنی و ئاشكرایە، هـەر ئـەویش خوایـەكی دانـا و بەئاگایـە (بـە هـەموو بەدی هێنراوەكانی).

هەروەها دەفەرمووێت: {ومَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ والأَرْضَ ومَا بَيْنَهُمَا لاَعِبِينَ (١٦) لَوْ أَرَدْنَا أَنْ نَتَّخِذَ لَهْوًا لاَتَّخَذْنَاهُ مِنْ لَدُنَّا إِنْ كُنَّا فَاعِلِينَ} . (الانبیاء: ١٦، ١٧). مانای: ئێمە ئاسمـان و زەوی و هەرچـیش لەنێوانیاندایـە بـە گاڵتە (بێ مەبەست) دروستمان نەكردووە (١٦) ئەگەر بمانویستایە یاری و گەمەیەك بسازێنین، لەلای خۆمان دەمانسازاند، ئەگەر بڕیار بێ كاری وابكەین... .

مرۆڤ فەرمانی پێکراوە بیر لە دروستکردنی زەوی و ئاسمان بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە هەموو ئەمانە تێبگات و پەردە لەسەر وردیی یاسا و ڕێسا ڕێکوپێکەکەکانی گەردوون و هۆکار و مەبەستەکانی دروستبونی لابدات و تاك و تەنیایی خوای گەورەی بۆ ڕوون ببێتەوە و لەوێوە بۆچوون و تێگەیشتنەکانی بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ دروست بکات و دایبمەزرێنێت، تا ئەوکاتە بتوانێت بەتەواوەتی بە کاری ئاوەدانکردنەوە هەڵبستێت، ئەگینا دنیا بەنیسبەتی ئەو یاری و گاڵتەو گەپ و بێ هودە دەبێت، خودای گەورەش پاك و بێگەردە لەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: {أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لاَ تُرْجَعُونَ}. (المؤمنون: ١١٥). مانای: ئایا گومانتان وا دەبرد کە بەڕاستی ئێمە ئێوەمان بەبێ مەبەست دروستکردووە و ئێوە بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە؟!.

هەروەها مرۆڤ بە بیرکردنەوە لەم دەروازەیە بۆی دەردەکەوێت کە ئەم یاسا ورد و دامەزراوانە مانای ئەوە نین کە ئەو دروستکراوانە هەتا هەتایی بەردەوام دەبن بەبێ کۆتایی، نەخێر، بەڵکو بڕیاریان بۆ دراوە کە دەبێت تا کاتێکی دیارییکراو هەبن، کەواتە یاسا وردەکانی و ئەو جوانییەی کە لە خۆی گرتووە، فراوانی و گەورەییەکەی هەرگیز سیفەتی هەمیشەیی پێنابەخشن، خوای گەورە دەفەرموێت: {أَولَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ مَا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ ومَا بَيْنَهُمَا إِلاَّ بِالْحَقِّ وأَجَلٍ مُسَمًّى وإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ}. (الروم: ٨)

ماناى: ئايا ئەوە لە ناخى خۆياندا بيريٚكيان نەكردووەتەوە كە خوا ئاسمانەكان و زەوى و هەرچى لەنێوانياندا هەيە تەنها بە حەق و سنووردار نەبێ دروستى نەكردوون؟ لە ڕاستيدا زۆربەى خەڵكى بێباوەڕن بە گەيشتنە خزمەتى پەروەردگاريان. لەبەر ئەوەى كۆتايشى هەيە و تا كۆتاييەكى دياريكراو دەڕوات، ئەمە سيفەتى ڕاستيەتى ـ كە پێى ڕاوەستاوە و دروستكراوە ـ لێناسەنێتەوە.

لەبەر ئەوەى مرۆڤ بەشێكى دروستكراوەكانە و كوڕى شەرعى سرووشتە، بۆيە نابێت بێئاگابێت لەوەى كە هەرشتێك بەسەر سرووشت و دروستكراوەكانى نێويدا بێت، ئەوا بەسەر ئەويشدا دێت، خواى گەورە دەفەرمووێت: {إِنَّ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ إِنْ فِي صُدُورِهِمْ إِلاَّ كِبْرٌ مَا هُمْ بِبَالِغِيهِ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُو السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (٥٦) لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ ولَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ}. (غافر: ٥٦،٥٧)

ماناى: بەڕاستى ئەوانەى موجادەلە و گفتوگۆى سەركەشانە دەكەن و بە نەشارەزايى لە ئايەتەكانى خوا دەدوێن بێئەوەى بەڵگەيەكى بەهێزيان پێبێت، ئەوانە تەنها لە سينەياندا خۆبەزلزانين هەيە، بە مەرجێك هيچ كات ناگەنە ئەو ئامانجانەى هەيانە، كەواتە تۆ پەنا بگرە بە خوا لە شەڕى خوانەناسان، چونكە ئەو زاتە بيسەر و بينايە پێيان (٥٦) بەڕاستى دروستكرنى ئاسمانەكان و زەوى لە دروستكردنى خەڵكى

زۆر گەورەو گرنگترە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئـەم راسـتییانە تێناگـەن و پەی پێنابەن و نایزانن.

ئەوان گەر شتێك بزانن ـ لە کاتی بێباوەڕییان بە سـرووش (وحـی) ـ ئەوا وەك خوای گەورە دەفەرموویت: {يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِـنَ الْحَيَـاةِ الـدُّنْيَا وهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ} . (الروم: ٧). مانای: ئەوانە هـەر ڕواڵـەت لـە ژیانی دنیا بەدی دەکەن، لە بەرانبەر قیامەتیشەوە بێئاگان.

هەروەها بیرکردنەوە لەم دەروازەیە و وردبوونەوە لێـی، وا لـە مـرۆڤ دەکات هەست بەو یەکانگیرییە (تلازم) سەیرە بکات کە خوای گـەورەی بەدیهێنەری شێوەکێش (المصور) ـ جلّ شأنە وعزت قدرتـە ـ لـە نێـوان زانست و باوەڕدا دروستی کردووە.

کاتێك زانـست جـودا دەبێتـەوە لـەباوەڕ، جـاری وا هەیـە زیانەکـەی گەورەتر و زیاتر دەبێت لـە قازانجەکـەی، خـوای گـەورە دەفـەرموویت: {وقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ والْإِيمَانَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللَّهِ إِلَـى يَـوْمِ الْبَعْـثِ فَهَذَا يَوْمُ الْبَعْثِ ولَكِنَّكُمْ كُنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ} . (الروم: ٥٦)

مانای: ئەوانەی زانیاری و ئیمانیان پێبەخشرا بوو، دەڵێن: سوێند بە خودا ئێوە بە ڕاددەی ئەوەی خوا بڕیاری لەسەر بـووە ماونەتـەوە ـ لـە دنیادا و لە جیهانی بەرزەخدا ـ تا ڕۆژی زیندوبوونەوە، جـا ئەمـە ڕۆژی زیندوبوونەوەکەیە، بەڵام ئێوە بەم ڕاستیەتان نەدەزانی و بڕواتان پێـی نەبوو.

بەڕاستی قورئانی پیرۆز کاری کردووە بۆ دروستکردنی پتەوترین و بەهێز ترین و باشترین پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و گەردوونی دروستکراو و ڕامکراو لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ ئەوەی ململانێ، یان پشگوێخستن، یان پەیوەندییەکی خراپ و لەرزۆك لە نێوانیاندا - مرۆڤ و گەردوون - دروست نەبێت، ئەوکات حیکمەتی زۆر و گرنگ لەدەست بچێت، کە هەرچەندە لەوانەیە کاریگەرییان نەبێت لەسەر ڕامکردنی سرووشت، یان گەردوون کە ملکەچن بۆ یاسا و ڕێساکانی خوای گەورە کە هەرگیز گۆڕانکارییان بەسەر دا نایەت، بەڵام - بەلایەنی کەمەوە - مرۆڤ بێبەش دەبێت لەو هەستە بەرزانەی کە وای لێدەکەن هەست بە خۆشەویستی و ڕێزی ژینگەکەی و ئەوەی کە تیایدایەتی بکات و ئاشتی و ئارامی بۆ دەروونی خۆی و چواردەوری خۆی بەدیبهێنێت، بێبەشی دەکات لەوەی هەست بە ڕێزی نیعمەتە بێ ژمارەکانی پەروەردگاری لەسەری بکات، کاتێك کە هەموو ژینگە و دەوروبەری خستووەتە بەردەستی و ڕامی کردووە بۆی و فێری کردووە کە چۆن سوودی لێببینێت و بە کاری جێنشینی و ئاوەدانکردنەوە هەستێت و ڕاستی و دادپەروەری بەرپا بکات تیایدا و بیباتە نێو قافڵەی بەندایەتی و تەسبیحاتکردن بۆ ئەو خوایەی دروستی کردووە.

مرۆڤ پێویستی بە زاڵبوون نییە بەسەر دروستکراوەکان و سرووشتدا، بۆچی پێویستی پێبێت لەکاتێکدا هەموویانی لەلایەن خوای گەورەوە بۆ ملکەچ و ڕام کراوە، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت:

{اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ ولِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ ولَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}. (الجاثية: ١٢)

ماناى: خوا ئەو زاتەیە کە دەریاى بۆ ڕام کردوون تا کەشتی بە فەرمانی ئەو هاتوچۆی پێدا بکات، تا بچن بەدەم بەخشش و بەهرەکانیەوە و دەستانکەوێت (لە بازرگانی و ڕاوەماسی و دەرهێنانی گەوهەر و مرواری..و هتد)، بۆ ئەوەش سوپاسگوزاریی خوا بکەن.

هەروەها دەفەرموویێت: **{ولَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الأَرْضِ وجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلًا مَا تَشْكُرُونَ}**. (الاعراف: ١٠)

ماناى: سوێند بە خوا ئێمە ئێوەمان لەم زەویەدا نیشتەجێ کرد و دەسەڵاتمان پێبەخشین و هۆکارەکانی ژیانمان (لە خواردن و خواردنەوە و هۆکانی گواستنەوە و پۆشاکی ناوماڵ و ئاو و هەواو...هتد) تیایدا بۆ فەراهەمهێنان، کەچی لە بەرانبەر ئەو هەموو ناز و نیعمەتە بێ شومارەدا سوپاسی کەمی نیعمەتەکان دەکەن، یان کەمتان سوپاسگوزارن.

کەواتە مرۆڤ داوای لێکراوە هەموو ئەمانە بۆ خۆی وەبەربهێنێت و سوودی لێببینێت، ئەگەر ئەوەی نەکرد، ئەوە ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیەتی لە گەردووندا جێبەجێی نەکردووە، چونکە ئاوەدانکردنەوە بەشێکە لە بەندایەتی، هەر بەشێك لە بەشەکانی سرووشت پشتگوێ بخرێت، مانای ئەوەیە ئەو بەشە مردووە، یان کوژراوە، خوای گەورە

دەفەرموویت: {**وَآيَةٌ لَهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ**} (يس: ٣٣)

مانای: لە بەڵگە و نیشانەی ئاشکرای خوا بۆ ئەو خەڵکە ئەوەیە: ئەو زەویە مردووە بەهۆی ئاوی بارانەوە زیندووی دەکەینەوە، دانەوێڵەی لێدەردەهێنین و دەبێتە ڕۆزی بۆیان و لێی دەخۆن.

بۆیە فوقەهایەکان باسێکی سەربەخۆیان لە کتێبە فیقهیەکاندا داناوە و ناویان لێناوە (زیندوکردنەوەی مردووەکان) مانای: ئاوەدانکردنەوەی ئەو زەوییانەی پشتگوێ خراون و کشتوکاڵیان تێدا نەکراوە و خانوویان لەسەر نەکراوە و وەبەرهێنانی تێدا ناکرێت. قورئانی پیرۆز ئەو پەیوەندییە دڵسۆزانەیەی لە نێوان مرۆڤ و پێکهاتەکانی گەردووندا دروستکردووە، ئەو پەیوەندییەشی بە تەنها لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری، یان ژینگە ڕاستەوخۆیەکەی مرۆڤ دروست نەکردووە، بەڵکو ئەو پەیوەندییە دڵسۆزانەیەی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانیشی گرتووەتەوە، خوای گەورە دەفەرموویت: {**وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا**}. (نوح: ١٦)

مانای: مانگی کردووەتە هۆی ڕووناکی تیایاندا و خۆریشی داگیرساندوە.

هەروەها دەفەرموویت: {**وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ**}. (الانعام: ٩٧)

مانای: هەر ئەو زاتە، ئەستێرەی بۆ فەراهەم هێناون تـا ببێتـە هـۆی رێنوییتـان لـەنێو تاریکییـەکانی سـەر ڕووکـاری وشـکانی و دەریاکانـدا، بەڕاستی ئێمە نیشانە و بەڵگـەی زۆرمـان (لەسـەر دەسـەڵاتی خۆمـان و ڕێکوپێکی کارمان) ڕوونکردووەتەوە بۆ کەسانێك کە پێـی بـزانن و لێـی تێبگەن.

قورئان ئەو مرۆڤە جێنشینکراوە و بەرپرسیارە لە ئاوەندانکردنەوە و بەندایەتی بۆ خوای گەورە ئاگادار دەکاتەوە لەوەی پێویـستە لەسـەری هەموو ئـەو توانایـەی خـوای گـەورە پێـی بەخـشیوە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ گـەردوون، بەشـێوەیەکی گونجـاو، بـەکاری بهێنێت. خوای گەورە دەفەرموویێت: {وَاللَّهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ والأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}. (النحل: ٧٨). مانـای: خـوا ئێـوەی لـە سـکی دایکتـان دەرهێنـاوە بـێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن، ئینجا دەزگای بیستن و بینین و تێگەیشتنی بۆ دابینکردوون، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری بکەن.

بۆیە مرۆڤ زۆر زۆر پێویستی بەو هۆکار و ئامرازو توانایانە هەیە، جا بۆ ئەوەی ئـەو توانایانـەی دەمـەزەرد بکاتـەوە و دووقاتیـان بکاتـەوە، پێویستی بەوە هەیە وردبێتەوە لە زەوی و گەردوون، چونکە ئـەو کاتـە هەردووکیان قازانج دەکەن، بەو هۆیەی، تەماشـاکردن و وردبوونـەوە و بیرلێکردنەوەیان وا لە مرۆڤ دەکات بتوانێت بە جوانی گەردوون بۆ خۆی بەکاربهێنێت و توناکانی پەرەپێبـدات، تێـڕوانین و وردبوونەوەیـشی لـە

گــەردوون توانــای ئــەو ئــامراز و هۆکارانــە چــەند قــات دەکاتــەوە، بەپێـچەوانەشەوە، وازهێنــان لــە بیرکردنــەوە و تێڕامـان دەبێتـە هـۆی تەنبەڵی و ساردبوونەوە و بێتاقەتی، یان سەردەکێشێ بۆ لادان.

٢. دەروازەی بایەخپێدان:

ئەم دەروازەیەش یەکێکە لە دەروازەکانی خوێندنـەوەی گـەردوون و زۆر جیـاواز نییـە لەگـەڵ (دەروازەی دروسـتکردن)، ئەگـەر دەروازەی دروستکردن پەلکێشمان بکات بۆ تێڕوانین لە دروستکراوەکان کە چـۆن خوای پەروەردگار ئەم دروستکراوانەی لـە سـەرەتاوە دروسـتکردووە و پەلکێشمان بکات بۆ زانینی مەبەست لێیان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان و زانینی کاتی کۆتاییان، ئـەوا دەروازەی (بایەخپێـدان) دەمانگەیەنێتـە ئەوەی کە جـوان بڕوانینــە یاسـا وردەکـانی گـەردوون و پـەردە لەسـەر جوانیی و ڕێکوپێکی کار و دروستکراوەکانی پەروەرگار لەم گەردوونەدا لاببەین و بڕوانینە ئەو یاسا و ڕێسا جوانانەی کە هـەرگیز گۆڕانکارییـان بەسەردا نایەت، لە هەمانکاتیشدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خوای گەورە چـەندە ڕێـزی لـە مـرۆڤ گرتـووە، بـەوەی ئـەو هـەموو بایەخـەی پێداوە.

ئــەم جـۆرە لــە تێڕوانینــە، عــەقڵی مـرۆڤ پەرەپێـدەدات و لەســەر تێڕوانینی لۆژیکیی بۆ هەموو ئەو شتانە دەوروبەری خۆی ڕایدەهێنێت، فێــری دەکــات چــۆن مەبەســت و یاســا گــشتییەکان و حیکمــەت و

ئامانجەکان لـە سەرچـاوەکانیانەوە بـە ڕێگەکانیـشیانەوە بدۆزێتـەوە و باوەڕ بە خوای خۆی بهێنێت و متمانـە بـە خـوای خـۆی پەیدا بکـات و بزانێت کە گەردوون تەنها ئەوەندە نییـە کـە لـە چـەند تـەنێکی پارچـە پارچە، یان لـە چـەند بەشـێکی لەیەکدی جـودا پێکهێنرابێـت و بـەس، بەڵکو، پێویستە بزانێت و ببینێت کە چۆن بەجوانی لە یەکدی گرێدراوە و بە وردی و بە یاسا و ڕێسای یەکگرتوو، ڕێکخـراوە. ئەمـە وا لـە مـرۆڤ دەکات کە بە (دیدێکی گشتی) بۆ گەردوون و ژیان بڕوانێت.

فەیلەسـووفەکان و قوتابخانـە فەلـسەفییەکان بەدرێـژایی مێـژوو زۆر خۆیـان مانـدوو کـردووە و بـەردەوام و ئێـستاش زۆرێکیـان لـە هـەوڵی ئـەوەدان ئـەو پڕۆگرامـە، یـان ئـەو شـێواز و ئامرازانـە بدۆزنـەوە کـە بەهۆیەوە بتوانرێ هەموو پێکهاتـەکانی گـەردوون بـۆ یـەك سەرچـاوە و بنەما بگێڕدرێتەوە و بگەنە پڕۆگرامێك، یان یاسایەکی گشتی مەعریفی، یـان نموونەیـەکی مـەعریفی کـە بتوانێـت ڕاڤـەی دیـاردە گـەردوونی و سرووشـتیەکان بکـات، بەشـێوەیەکی گـشتی و گـشتگیر، چـونکە هـیچ گومان لـەوەدا نییـە زۆرێـك لـە دیـاردە سرووشـتیەکان تائێـستاش زانـا ماددییـەکان ـ بەتایبـەتی ـ بـەبێ سـەروبەری و بـە کوێرانـە ڕاڤـەی بـۆ دەکەن و زۆر زۆر هەوڵدەدەن لەو بارەیەوە بە ئەنجام بگەن، بەڵام لێـی تێناگەن و نایانگەیەنێتە ئەنجامی دڵنیایی، ڕەنگە هۆکاری یەکـەمین بـۆ ئەوە لە وەدا خۆی ببینێتەوە کە ئەو زانا ماددییانە ئاوڕ نادەنە بۆ ئـەو یاسـا ورد و بایەخـە زۆرە خواییـەی لەپـشت ئـەو دیـاردە گـەردوونی و

سرووشتیانەوە هەیـە، ئـەوان تـەنها تێڕوانینـەکانیان کورتکردووەتـەوە لەسـەر ڕوانـین بـۆ دیـاردە بەرجەسـتەکان کـە وایـان لێـدەکات تـەنها پابەندبن بە (مشتومڕ لە نێـوان پێکهاتـەکانی سرووشـتی مـاددیی)دا[١]،

---

(١) لە گرفتەکانی شارستانیەتی نوێی ڕۆژئاوا تێڕوانینیەتی بۆ مانا و ڕاسـتی عـەقل، چـونکە پێیوایە هەمیشە عەقڵ پێچەوانەیە لەگـەڵ دڵ، ئـایین، خـودا. ئـەوەش پێناسـەیەکە کـە ملکـەچ دەبێت بۆ دوولایەن کە هیچ ئیشمان پێیان نییە، چونکە عەقڵ بـە تێگەیـشتنی قورئـانیی شـتێك نییە لە دەرەوەی دڵ بێت و جیاواز بێـت لێـی و هـیچ کـات عـەقڵ لەگـەڵ دڵ و بـاوەڕ پێـچەوانە ناوەستێتەوە، قورئانی پیرۆز لە ڕێگەی ئایەتە گشتگیر و تەواوەکانیەوە ئەم تەواوکارییـەمان بـۆ باس دەکات، بڕوانە فەرمایشتی پەروەردگار: {وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَ يَـسْمَعُونَ بِهَـا أُولَئِـكَ كَالأَنْعَـامِ بَـلْ هُـمْ أَضَـلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ}. (الاعراف١٧٩)

مانای: سوێند بـەخوا، ئێمـە زۆر لـە پـەری (جـن) و ئادەمیزادمـان بـۆ دۆزەخ دروسـت کردووە، چونکە ئەوانە دەزگای دڵیان هەیە و کەچی نایانەوێت حـەقی پـێ تێبگـەن، چاویـشیان هەیە کەچی حەقی پێ نابینن، گوێیان هەیە کەچی حەقی پێ نابیستن، ئـا ئەوانـە وەکـو ئـاژەڵ وان ـ لە شوێنکەوتنی ئارەزوودا ـ بـەڵکو ئەوانـە وێڵتریـشن، ئـا ئەوانـە هـەر غافـڵ و بێئاگـان لـە حەق.

بشڕوانە فەرمایشتی پەروەردگار: {أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُـوبٌ يَعْقِلُـونَ بِهَـا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لاَ تَعْمَى الأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ}. (الحج: ٤٦)

مانای: ئایا ئەوانە لەسـەر زەویـدا نەڕۆیـشتوون بـە دڵ و دەروونێکـی هۆشـیارەوە تـا بیرێـك بکەنـەوە... (کـوا لــە کـوێن خــەڵکانی ڕابــردوو؟ ئـەو شـارانە بـۆ کـاولکران؟ کـێ ئێمــەی دروســتکردووە؟ ئامــانج لــە ژیــان چــیە؟) یــان خــاوەنی گــوێ و دەزگــای بیــستن نــەبوون بەسەرهاتەکانیان ببیستن و لێکیبدەنەوە، وەنەبێت چاویان کوێر بووبێت، بەڵکو ئەو دڵانـە کـوێر دەبن کە لە سینەکانیاندایە، چونکە هەر ڕواڵەت دەبینن و ناوەڕۆك لێکنادەنەوە.چەندین ئایـەتی دیکەش کە بە ڕوونی ئاماژەیان بۆ ئەم بابەتە کردووە.

بـەڵام وردیـی بـەڕێوەبردن و یـەکێتی یاسـا و ڕێکخـستنی ئـەو دیـاردە گـەردوونی و سرووشـتییانە هەسـتی پیناکرێـت ئەگـەر زانـای توێـژەر باوەڕی بە بوونی بەڕێوەبەری تاك و تەنیا و حیکمەت و توانا ڕەهاکـەی نـەبێت، چـونکە ئـەو باوەڕەیـە توێـژەر دەپارێزێـت لـە سەرلێـشێوان و کەوتنە نێو هەڵـەوە، خـوای گـەورەش نموونـە دەهێنێتـەوە بـە بـاوکی پێغەمبەران ئیبراهیم (سەلامی خـوای لێبێـت، کاتێـك بـە وردی سـەیری کۆمەڵێك لە دیاردە گەردوونییـەکان و بوونـەرانی کـرد و لێیـان ڕامـا بـۆ ئـەوەی لەلایەکـەوە جێگـە و ڕاسـتی هەریەکـەیانی بـۆ دەربکـەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەڵوێستی خـۆی لـە بەرانبـەر هەریەکـەیان دیـاری بکات، خوای گەورە دەفەرمووێت: **{فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لاَ أُحِبُّ الْآفِلِينَ (٧٦) فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِنْ لَمْ يَهْدِنِي رَبِّي لأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ (٧٧) فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَذَا رَبِّي هَذَا أَكْبَرُ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (٧٨) إِنِّي وجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا ومَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ}**. (الانعام: ٧٦-٧٩)

کەواتە قورئانی پیرۆز عەقڵی کردووە بـە بەشـێك لـە دڵ بـە ڕێکخـستنێکی بێوێنـە لـە نێـوان پێکهاتەکانی مـرۆڤ لـە عـەقڵ و دڵ و روحـدا، بۆیـە بـەم تێڕوانینـە، هـەر جیاوازییـەك لـە نێـوان بەشەکانی مرۆڤ لە (عەقڵ و دڵ و زانست و باوەڕی بەخودا) ڕەددەکەینەوە.

ماناى: كاتێك شەو باڵى كێشا بەسەر ئیبراهیمدا، ئەستێرەیەكى ـ گەشى گەورە ـ ى بینى، بۆیە وتى: ئەمە پەروەردگارمە، كاتێك ئەستێرەكەى لێ ئاوا بوو، وتى: من شتى لەبەرچاوونبووم خۆشناوێت و ناپەرستم (٧٦) پاشان كاتێك مانگى بینى هەڵهات، وتى: ئەمەیان پەروەردگارمە، كاتێك ئەویش ئاوا بوو، وتى: سوێند بێت بە خوا ئەگەر پەروەردگارم هیدایەتم نەدات ئەوە بێگومان لە ڕیزى دەستەى گومڕایان دەبم (٧٧) پاشان كاتێك خۆرى بینى هەڵهات، وتى: ئەمەیان پەروەردگارمە، ئەمە گەورەتریشە، كاتێك ئەویش ئاوا بوو، وتى: ئەى خزمینە، بەڕاستى من بەریم لەو شتانەى ئێوە كردووتانە بە هاوەڵ و هاوبەش بۆ پەروەردگارى ڕاستەقینە (٧٨) بەڕاستى من ڕووى خۆم و دڵم لە پەرستندا كردووەتە ئەو زاتەى ئاسمانەكان و زەوى فەراهەم هێناوە، لەكاتێكدا ڕووم لە هیچ شتێكى دیكە ناكەم، بە دڵنیایى تەواویشەوە دەڵێم كە: هەرگیز من لە ڕیزى هاوبەشدانەر و هاوەڵگەراندا نیم (٧٩).

گەورەمان ئیبراهیم (سەلامى خواى لێبێت) لە ناخیدا ـ گرفت و كێشەیەكى ـ هەبوو، لەوێوە دەریخست كاتێك كە گەلەكەى بینى بەندایەتییان بۆ چەند بت و داتاشراوێك دەكرد كە باوكى بۆى دروست دەكردن و پێى دەفرۆشتن، ویستى چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتەى كە خەوى لە چاوى زڕاندبوو، بدۆزرێتەوە، بە ئاڕاستەكردنى پرسیار لە باوكى (ئازەر)، دروستكەرى بتەكان دەستیپێكرد، بە باوك و گەلەكەى

وت: {... مَا تَعْبُدُونَ (٧٠) قَالُوا نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَاكِفِينَ (٧١) قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ (٧٢) أَوْ يَنْفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ}. (الشعراء: ٧٠-٧٣)

ماناى: ئەوە ئێوە چى دەپەرستن؟! (٧٠) وتيان: ئاشكرايە، ئێمە كۆمەڵێك بت دەپەرستين و بەردەوام دەوروخوليان دەدەين (٧١) ئيبراهيم وتى: ئايا كاتێك كە هانا و هاواريان بۆ دەبەن و دوعاو نزا دەكەن، گوێيان لە ئاه و ناڵەو داخوازييەكانتان هەيە؟! (٧٢) ياخود دەتوانن ئەوانە قازانجێك، يان زيانێكتان پێبگەيەنن؟ (٧٣).

ئەوان وەڵامێكى تەواو و قايلكەريان پێ نەبوو، جگە لەو وەڵامە خوار و خێچە دووبارەيە نەبێت كە هيچ كەسى پێ قايل و دڵنيا نابێت، كە بريتى بوو لە (شوێنكەوتنى باووباپيران)، خواى گەورە لەبارەيانەوە دەفەرمووێت: {قَالُوا بَلْ وَجَدْنَا آبَاءَنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ}. (الشعراء:٧٤)

ماناى: باووباپيرانمان بينيوە ئاوايان كردووە.

بۆيە ئيبراهيم (دروودى خواى لەسەر بێت) ڕوو دەكاتە مەلەكوتى ئاسمانەكان و زەوى - بەهۆى تەوفيقى خوايى - بۆ ئەوەى بيگەيەنێ بە دەرمانى سارێژكەر و ڕزگارى بێت لەو گرفت و كێشە هزرييەى بۆى دروست بووە.

ئيبراهيم (دروودى خواى لەسەر) ئەو گرفتەى لەلاى دروست بوو بوو كردى بە ژمارەيەك پرسيارى بەش بەش، يان ژمارەيەك پرسيارى لاوكيى، لە مەسەلەى ئەستێرەكان ڕوانيە هەردوو ديار دەى ئاوابوون -

دیارنەمان و کەموکوڕی ـ لەدوای هەڵهاتن و دەرکەوتن و تیشکدانەوە و ڕووناکی بەخشین، هەستی بەوە کرد کە هەریەك لە ئاوابوون و کەموکوڕی و دیارنەمان نابێت سیفەتی خواوەند بن، چونکە چۆن دروستکراوەکانی بەڕێوەببات، لەکاتێکا کە ئەم سیفەتانەی تێدابێت؟ کێ هەستێت بە بایەخدان بەم بوونەوەرە کاتێك کە ئەو ئاوابوو و دیار نەما؟ ئەوانە پرسیارەکانی بوون لەبارەی دەسەڵات و خاوەنداریێتی ئاسمانەکان، پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ دەسەڵات و خاوەنداریێتی زەوی و پرسیاری لە گەلەکەی و باوکی کرد دواى ئاراستەکردنی پرسیاری سەرەکی، خوای گەورە دەفەرموویت: **{إِذْ قَالَ لأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا تَعْبُدُونَ (٧٠) قَالُوا نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَاكِفِينَ (٧١) قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ (٧٢) أَوْ يَنْفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ (٧٣) قَالُوا بَلْ وَجَدْنَا آبَاءَنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ (٧٤) قَالَ أَفَرَأَيْتُمْ مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ (٧٥) أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمُ الأَقْدَمُونَ (٧٦) فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِي إِلاَّ رَبَّ الْعَالَمِينَ (٧٧) الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ (٧٨) وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ (٧٩) وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ (٨٠) وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ (٨١) وَالَّذِي أَطْمَعُ أَنْ يَغْفِرَ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ (٨٢) رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ (٨٣) وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ (٨٤) وَاجْعَلْنِي مِنْ وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ (٨٥) وَاغْفِرْ لأَبِي إِنَّهُ كَانَ مِنَ الضَّالِّينَ (٨٦) وَلاَ تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ (٨٧) يَوْمَ لاَ يَنْفَعُ مَالٌ وَلاَ بَنُونَ (٨٨) إِلاَّ مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ}**. (الشعراء: ٧٠ـ٨٩).

ماناى: كاتێك ئیبراهیم بـه بـاوكى و گەلەكـەى وت: ئـەوە ئێـوە چـى دەپـەرستن؟! (٧٠) وتیان: ئاشكرایه ئێمه كۆمـەڵێك بـت دەپـەرسـتین و بەردەوام دەوروخولیان دەدەین (٧١) ئیبراهیم وتى: ئایا كاتێك كه هانا و هاواریـان بـۆ دەبـەن و دوعـاو نـزا دەكـەن گوێیـان لـه ئـاه و ناڵـه و داخوازییەكانتان هەیە؟! (٧٢) یاخود دەتـوانن ئەوانـه قازانجێـك، یـان زیانێكتـان پێبگەیـەنن؟ (٧٣) وتیـان: باووباپیرانمـان بینیـوه ئاوایـان كردووه (٧٤) ئیبراهیم وتى: باشه ئاخر ئێوه نابینن چى دەپەرستن؟! (كـــەى ئەوانـــه شایـــستەى پەرســـتنن) (٧٥) بەڕاســـتى ئێـــوەش و باووباپیرانى دێرینیـشتان بەهەڵەداچـون (٧٦) بێگومـان هـەموو ئەوانـه دوژمنـــى مـــنن، بـــه دوژمنـــى خۆمیـــان دەزانم، جگـــه لـــه پـــەروەردگارى جیهانەكان (٧٧) ئەوەى دروستى كردووم، هەر ئەویش ڕێنموییم دەكات ـ بۆ بەختەوەرى هەردوو جیهان ـ (٧٨) ئـەو زاتـەى كـه خـۆى خـۆراكم پێدەبەخـشێت و تینویـەتیم دەشـكێنێت (٧٩) كـاتێكیش نـەخۆش دەكەوم، ئەوە، هەر ئەو چارەسەرم دەكات و شیفام بۆ دەنێرێت (٨٠) هەر ئەویش دەممرێنێـت و لـەوەودواش زینـدووم دەكاتـەوە (٨١) هـەر ئەوە ئومێدم پێیەتى كه له گوناهم خۆش ببێت له ڕۆژى دواییدا (٨٢) ـ ئیبراهیم نزاى كرد و وتى ـ: پەروەردگارا زانیارى و دانایى و دەسـەڵاتى تەواوم پێببخشه و بمگەیەنه ڕیزى چاكەكاران (٨٣) پەروەردگارا، یادى خێرم لەسـەر زارى نـەوەكانى داهـاتوودا بهێڵـەرەوە (٨٤) بمگێـڕه لـەو كەسانەش كه بەهەشتى پڕ له نـاز و نیعمـەت بەدەسـتدەهێنن و دەبنـه

خاوەنی (٨٥) لە باوکیشم خۆش ببە، بەڕاستی ئەو لە ڕیزی گومڕاکانـدا بوو (٨٦) لە ڕۆژی زیندووبوونەوەی ئەو خەڵکەدا شەرمەزار و خەجاڵەتم مەکە (٨٧) ئەو ڕۆژەی نە ماڵ سوود دەبەخـشێت و نـە منـداڵ و نـەوە (٨٨) مەگەر کەسێك بە دڵ و دەروونـی پـاك و بێگـەرد و پـڕ لـە ئیمـان گەیشتبێتەوە پەروەردگاری (٨٩).

لێرەوە، دوای ئەوەی خۆی زۆر ماندوو کرد لە تێـڕوانینی لـۆژیکی و عەقڵی لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی، خوای گـەورە دەفەرمووێت: **{وكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ والأَرْضِ ولِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ}**. (الانعام: ٧٥). مانای: بەو شێوەیەش دەسەڵاتی تۆکمـەمان لە ئاسمانەکان و زەویدا نیشانی ئیبراهیم دەدەین بۆ ئەوەی بێتە ڕیـزی دڵنیاکانەوە.

ئەو کاتە خۆی بەری کرد لە خواوەندەکانی باوك و گەلەکەی و ڕووی کرد خوای خۆی، ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێنانەوە، لایـدا لە هەموو ئەو ئایین و بیروباوەڕانەی لـەو کاتـە هـەبوون، بـەرەو ئـایینی ئیسلام و ڕووی خۆی کردە خودای جیهان و خۆی ڕادەسـتی ئـەو کـرد، بەمەش گەیشتە پلەی یەکتاپەرستی خوایەتی (توحيد الألوهية) و پلەی یەکتاپەرستی لە ڕووی بەڕێوەبردن (توحيد الربوبية).

ئەگەر توێـژەرەکان بەڕاسـتی لـە دەروازەی بایەخپێـدان تێبگـەن و هێماو هێڵـەکانی ئـەو یاسـا و ڕێـسا جـوان و بێوێنـە و موعجیزەیـان بـۆ دەربکەوێت کە پەروەردگار ئەم گەردوونـەی پـێ بـەڕێوە دەبـات، ئـەوە

بـەهێزترین پاڵنـەریان لـە لادروسـت دەبێـت بـۆ توێژینـەوەی جـددی و بەردەوام لەسەر دۆزینەوەی نهێنیەکانی گەردوون و توێژینەوە لەسەری و گەیشتن بەو پەیوەندیی و یاسایانەی کە ڕێکخستنی گەردوونی لەسـەر ڕاوەسـتاوە، توێـژەری بـاوەڕداریش کاتێـك ناتوانێـت ئەڵقەیـەك لـە ئەڵقەکانی ئەم یاسایانە لە دیاردەیەك لە دیاردەکاندا بدۆزێتـەوە، ئـەوە بەهیچ شێوەیەك ئەو بەرنامـە و پڕۆگرامـە زانـستییەی بـەکاری هێنـاوە تۆمەتبار ناکات و نکوڵی لە بوونی یاسایەکان ناکات، تەنها لەبەر ئەوەی ئـەو لـەو دیاردەیـەدا دەسـتی لەسـەر ئـەو ئەڵقەیـە دانـەناوە و نەیدۆزیوەتەوە، چونکە ئەو دەزانێت کە نەدۆزینەوە بەڵگە نییە لەسـەر نـەبوون، بۆیـە توێـژەری بـاوەڕدار لـەم حاڵەتـەدا دەگەڕێتـەوەو توێژینەوەکەی دووبارەو سێبارە دەکاتەوە و کەمتەرخەمی دەخاتە پاڵ خۆی، یان دەیخاتە پـاڵ ڕێوشـوێنی بـەکارهێنانی بەرنامـە و پڕۆگـرام و لێکۆڵینەوەکـەی، بۆیـە پـەنا ناباتـە بـەر ئـەوەی بڵێـت لەوانەیـە، یـان ڕێکەوتە، یان هیچ یاسایەك نییە بۆ ئەم گەردوونە و دیاردەکانی.

٣. دەروازەی تێڕوانین لە ژینگەی بابەتییانەی دەرەکی:

هەموو شتێك بوونێکی زیهنی و بوونێکی دەرەکی (واقعي) هەیە، جا بوونی زیهنی بریتییە لەو وێنە زیهنیانەی کە خەیاڵی مرۆڤ وێنەیان دەکێشن بۆ شتەکان، جا کاتێك دەرمانهێنان بۆ واقیع و ژینگەی دەرەکی، ئەگەر وەك یەك دەردەچوون لەگەڵ ئەوەی لە زیهنماندا وێنەیان کێشراوە، ئەوە ئەو کاتە واقیع و ژینگە دەرەکییەکە پاسادان (تصديق)ی وێنە زیهنیەکە دەکات و پەسەندی دەکات، ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو وێنە زیهنیە بوونێکی بەرجەستەی دیاری لە دەرەوە هەیە، بەڵام ئەگەر واقیع و ژینگە دەرەکییەکە پاسادانی وێنە زهنیەکەی نەکرد و پەسەندی نەکرد، ئەوە مانای ئەوەیە وێنە زیهنیەکە تەواو نییە و بە وردی نەکێشراوە، یان تەنها خەیاڵێکی زیهنی ڕووتە و هیچ بنەمایەکی لە واقیعدا نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: **{قُلْ سِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنْشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}**. (العنكبوت: ٢٠)

مانای: ئەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پێیان بڵێ: با بگەڕێن بە زەویدا، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەو زاتە دروستکراوانی بەدیهێناوە، لەوەودواش هەر خوا سەرلەنوێ بەرپایان دەکاتەوە، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

هەروەها دەفەرمووێت: **{أَولَمْ يَنْظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ وَأَنْ عَسَى أَنْ يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ}**. (الأعراف: ١٨٥)

ماناى: ئايا بۆ سەرنجيان نەداوە لەو هەموو دەسەلاٌتە گەورەيەى خوا لە ئاسمانەكان و زەويدا و ئەو هەموو شتانەى كە خوا بەديهێناون؟ خۆ بەڕاستى ئەجەليان نزيكبووەتەوە، جا بە چ گوفتارێكى ديكە لە دواى قورئان باوەڕ دەهێنن؟!.

كەواتە بابەتى كۆكردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەكە بابەتێكى مەنهەجييە لە مەيدانى مەعريفەدا و بەرەو ئەنجامێكى ژيارييمان دەبات، چونكە ئەو كەسەى هەردوو خوێندنەوەكە كۆدەكاتەوە، هەرگيز بێنياز نابێت لە خوداى گەورە، چونكە هەست بەوەدەكات كە هەميشە پێويستى بەخوداى پەروەدگار هەيە، بۆيە زۆردارى ناكات و بە دواى خۆبەزلزانى و زاڵبوون بەسەر زەويدا ناگەڕێت و نايەوێت تێكدان و خراپەكارى لە زەويدا بەرپا ببێت و بێباوەڕى بەرپا ناكات و ژيان و ژينگە و ئاوەدانييەكان وێران ناكات و خراپەكارى لە زەويدا بلاٌو ناكاتەوە.

چۆنیەتی کۆکردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەکە

دەروازەی سەرەکی کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکە بە دۆزینەوەی پەیوەندی مەنهەجیی لە نێوان داڕێژەر و ڕێکخەری مەنهەجیی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەستپێدەکات کە لە ڕووی بینا و ئیعجازی داڕشتنەوە، یەکپارچەیی بە قورئان بەخشیوە و پەیوەندی مەنهەجیی لە نێوان یاساو ڕێسا بڵاوکراوەکان لەبوون و بوونەوەردا بە شێوەیەك دروستکردووە کە باڵی کێشاوە بەسەر جوڵانەوەکانیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێکخەری مەنهەجیی کە بەیەکەوەیان گرێ دەدات، چونکە قورئان سرووشێکی خواییە، بەهۆیەوە دەتوانین لەم گەردوون و بوونەوەرە تێبگەین، لەو ڕووەوە کە قورئانی پیرۆز ڕەها و گشتگیر و هەمەلایەنە، بە ئەندازەی فراوانبوونی تێگەیشتنیشمان بۆ هەردووکیان پێکەوە، بەو ئەندازەیە توانای کۆکردنەوەی نێوان هەردوو خوێندنەوەکەمان لەلادروست دەبێت و ئەو تێکەڵاویە مەنهەجیەی لە نێوان مەنهەجی سرووش (وحي)و گەردوون هەیە، دەدۆزینەوە.

مەنهەجیەتی قورئانی پیرۆز بەرانبەرە لەگەڵ مەنهەجی بوون (وجود)، نابێت تەنها بەشێوەیەکی تیۆری ئەم قسەیە بکەین، یان لەنێو بابەتی (گەورەیی قورئانی پیرۆز) باسی بکەین، بەڵکو پێویستە ئەم ڕاستیانە بە شێوەیەکی پڕاکتیکی بدۆزینەوە، چونکە قسەی تیۆری (نظري) جاری وا هەیە لە حاڵەتێکی مژدەبەخش بە گریمانەیەك دەرناچێت کە لەوانەیە ڕاستیش نەبێت، یان دەتوانرێت ڕەخنەی

لێبگیرێت، بۆیە کاری سەرەکی موسوڵمانی ئەم سەردەمە پێویستە بریتی بێت لە دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو تێکەڵکێشیە مەنهەجیانەی کە لە کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکەدا بوونیان هەیە، مەبەستمان ئەو تێکەڵکێشە مەنهەجیانەیە کە لە نێوان سرووش (وحي) و زانستە مرۆیی و سرووشتیەکاندا هەیە و لەسەر ئەو یاسایانە ڕاوەستاوە کە خوای پەروەردگار بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ دایناون.

سەبارەت بە قسەکردن لەبارەی گەورەیی قورئان و فەزڵەکەی، لەڕاستیدا قورئانی پیرۆز دەستەوەستانکەرە (مُعجِز)ـە و ئەوەندە فەزڵ و گەورەیی زۆرە کە لە هەژمار نایەت، زانایان بە هەزارەها، بەڵکو بە ملیۆنەها پەڕاویان لەبارەی فەزڵ و گەورەیی و ئیعجازەکانیەوە نووسیوە، بەڵام ئەم هەموو نووسینانە نەیانتوانیوە پەردە لەسەر مەنهەجیەتیەکەی لابدەن، کە هەموو گەردوون و جوڵانەوەکەی لەخۆگرتووە، بەڵکو لەوەش تێپەریوە بۆ چەندەها زانیاری و بابەتی دیکە و توانیویەتی لەسەر بنەما و یاساکانی ڕێنمایی و ئایینی ڕاستەقینە، ڕابووەستێت.

هەروەها ئەو هەموو نووسینانە نەیانگەیاندووینیەتە ئەوەی ئەو تێکەڵکێشیە مەنهەجیانە بدۆزینەوە کە هەیە لە نێوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە بینا یەکپارچەییەکەیەوە و لە نێوان خوێندنەوەی گەردوون کە لەسەر یاسا و سووننەتە نەگۆڕەکانیدا ڕاوەستاوە. ئەوەتا چەندین ئایەتی پیرۆز و چەندین وتە و دەقی ئایینی کەوتوونەتە بەردەم

تەئویلاتی جۆراوجۆر، لە زۆرێك لەو تەئویلاتانەشدا بابەتـە ئیـسرائیلیە نارێکەکان و هاوشێوەکانیان [1] بە ڕوونی بەدیدەکرێن.

([1]) ئیسرائیلیات لەگەڵ گەلێك بابەت تێکەڵاو کراوە، لـە دیـارترینی ئـەو بابەتانـە، تەفـسیری قورئانی پیرۆزە، هەوڵی زۆریش دراوە بۆ جیاکردنەوەی ئـەو (ئیـسرائیلیات)ـانە لـە کەلـەپووری تەفسیریمان و تائێستاش ئەو هەوڵانە هەر بەردەوامن، لەم بابەتەدا هەنـدێك لـە زانایـان کتێبیـان نووسیوە، لەوانە: شێخ محمد حسین الذهبي، أبو شـهبە، رمـزی نعناعـة.. و هەنـدێکی دیکـەش، هەروەها لێکۆڵینەوەی زانکـۆییش لـەم بابەتـەدا ئامـادەکراوە، لـە (ئیـسرائیلیات)ـی تەفـسیری تەبەری و غەیری ئەو، بەڵام تائێـستا هەوڵـەکان سـەرکەوتوو نـەبوون بـۆ دانـانی چـەند هێڵێکـی جیاکـەرەوە لـە نێـوان ئیـسرائیلیات و غـەیری ئیـسرائیلیات لـە نێـو کەلـەپوور، چـونکە لـە سەرەتاکانی ناردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) ئـەم بابەتانـە بەشـێکی گرنگیـان لـە ڕۆشنبیری زارەکی لە دوورگـەی عـەرەبی پێکـدەهێنا، لەبـەر ئـەوەی زۆرێـك لـە زاناکـانی بـەنی ئیسرائیل موسوڵمان بوون و ئەو ڕۆشنبیرییەی پێیـان بـوو لەگـەڵ خۆیـان هێنایـان و لـە ڕێگـەی ئەوانەوە گوازرایەوە نێو زانستە ئیسلامییەکان و لە سەردەمی نووسـینەوەی کەلـەپووریش وەك بەشێك لەو زانستانە نووسرانەوە و تێکەڵاویان بوون.

ئـیبن خەلـدون لـە پێـشەکی کتێبـە مێژووییەکەیـدا هۆکـار و شـیکارییەکی باشـی بـۆ ئـەم تێکەڵبوونە باسکردووە، لێرەدا پێمان باشە نـەقڵی بکـەین، ئـیبن خەلـدون دەڵێـت: عەرەبـەکان خاوەنی کتێب و زانست نەبوون، بەڵکو خێڵەکیـەتی و نەخوێنـدەواری بەسـەریاندا زاڵبـوو، بۆیـە ئەگەر ویستبایان زانیارییان دەستبکەوێت، سەبارەت بە هۆکارەکانی بوونەوەران، یان سەرەتای دروستبوونی دروستکراوان و نهێنییەکانی بوون، ئـەوە پرسـیاریان لـە خـاوەن کتێبـەکانی پـێش خۆیان دەکرد و سوودیان لەوان وەردەگرت، کە ئـەوانیش بـریتی بـوون لـە خـاوەنی تـەورات لـە جولەکەکان و ئەوانەشی شوێنی جولەکە کەوتبوون لە گاورەکان.

ئـەهلی تـەوراتیش کـە لـەنێو عەرەبـەکان دەژیـان، وەك عەرەبـەکان، خێڵەکیـەتی زاڵ بـوو بەسەریاندا و هیچیان لەو بابەتانە نەدەزانی، جگە لەو شتانە نەبێت کـە لـە نێـو کۆمەڵگەیەکـەی خۆیان باو و بڵاو بوو، زۆربەیشیان لەوانە بوون کە چووبوونە سەر ئایینی جولەکـەکان لـە خیڵـی

(حمیر)، جا کاتێك كە موسڵمان بوون، ئەو بابەت و زانیارییانەی کە لایان هەبوو، لایان مایـەوە ـ لەو شـتانەی کـە پەیوەنـدی بـە حوکمـە شـەرعییەکانەوە نـەبوو، چـونکە خۆیانیـان لـەو لایەنـە دەپاراسـت ـ، وەك بابەتـەکانی سـەرەتای دروسـتبوون و ڕووداوەکـان و شـەڕ و شـۆڕەکان و... هتـد. لەوانـە (كعـب الأحبـار، وهـب بـن منبـه، عبـدالله بـن سـلام و هاوشـێوەکانیان)، بۆیـە تەفسیرەکان پـڕ بـوون لـەو شـتانەی لەوانـەوە نـەقڵکراون، ڕاڤەکـەرانی قورئـانیش لەوبارەیـەوە کەمتەرخەمییان کرد. لـە بنەڕەتـدا ئـەم بابەتانـەش وەك وتمـان لـە ئـەهلی تەوراتـەوە نـەقڵکرا، ئەوانەی لە دەشت و دەر دادەنیشتن و وردەکارییشیان نەبوو بۆ ئەو بابەتانەی نـەقڵیان دەکـرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ناو و ناوبانگیان ڕۆشتبوو و ڕێزیـان زۆر بـوو و لەبـەر پلـە و پایـەی ئـایینی و کۆمەڵایەتییان لەو ڕۆژەدا لێیان وەردەگیرا.

هەروا ماموسـتا محەممـەد عیـزە دروزە (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) چـەندین ڕیوایـەتی لـە جۆرەها سەرچاوەی عەرەبی کۆن لـەم بـوارەدا کورتکردووەتـەوە کـە ڕیوایـەتی کەسـانی دیکـە پاڵپشتیی لێدەکەن و دووپاتی دەکەنەوە و دەیسەلمێنن کە کۆمەڵێك لە نەتـەوەی ئیـسرائیل لـە هەندێك لە ئاوەدانییەکانی دەشتی حیجاز لە سەردەمەکانی دێـرین، بڵاوبوونەتـەوە، زۆربەشـیان لە یەسریب و دەوروبەرەکانی لەسەر ڕێگای شام گیرساونەتەوە، هەنـدێك لـە کەسـایەتییەکانیان سەردانی شاری مەککەیان کردووە، یان هەر جێنشین بوون تیایدا و زمانی عەرەبی فێر بووبـوون و لەگەڵ ژیانی عەرەبەکان و دابونەریتەکەیان خۆیان گونجاند بـوو، تـا وایلێهـاتبوو هاوپـەیمان و یارمەتیدەر و دۆست و بنکەی هێزیان لەوێ بۆ خۆیان پێکهێنابوو و لەلایەن خۆیانەوە زانستێکی زۆریان لـەبارەی ئـایین و شـەریعەتەکان و هـەواڵی گـەلان و یاسـا گەردوونییـەکان و ئـەو ئایینـە ئاسمانیـەی کـە پابەنـدبوون پێـوەی و ئـەو کتێبـەی بەردەسـتیان کـە خـستبویانە پـاڵ خـواو پێغەمبـەرەکانی، بڵاوکردبـووەوە، بەمانـە شـانازییان بەسـەر عەرەبەکانـدا دەکـرد و بانگەشـەی سەرکەوتنیان بەسەریاندا لێدەدا و لە هەموو ئەم شتانەشدا درۆیان دەکرد و فێڵیان لێـدەکردن و خۆبەزلزانی و کەشخەیی زۆریـان بەسـەریاندا لێـدەدا، بـەهۆی ئـەوەی ئـەوان خـاوەنی زانـست و زانیـاریین و لـە لایـەن ئەوانـەوە زانـست و زانیـاری لـەو دوورگەیـەدا بڵاودەبێتـەوە، ئەگەرچـی زۆربەشی فێڵ و درۆ بوو و هەڵیانبەستبوو.

پێیانوابوو ئەوان دۆست و خۆشەویستی خودان و خاوەن مەقام و پلەی تایبەتن لەلای خودا، ئەمەش کاریگەرییەکی کەمی لەسەر عەرەبەکان دانەنابوو، بۆیە بەو هۆیەوە وای لێهاتبوو جولەکەکان پلە و پایەی تایبەتیان وەرگرتبوو، قازی و کاربەدەست و ڕێنیشاندەر لە ئەوان بوو، بەو هۆیەوە قەوارەیەکی تایفی ئایینیان بۆ خۆیان دروستکردبوو، پەرستگا و مالم و حاخام و قوتابخانەیان لەنێو خۆیان هەبوو، ئەمانە کاریگەری زۆریان لەسەر شوێنکەوتەکانیان هەبوو، هەشیانبوو پلەوپایەیەکەی خۆی بەکاردەهێنا بۆ پارەپەیداکردن بە بەتاڵ، هەروەها سحر و جادوویشیان بۆ ئەو مەبستە بەکاردەهێنا، ئەو جولەکانە لە چەندەها بنەماڵە و هۆز پێکهاتبوون، زۆربەیان لە چەند ناوچە و ئاوەدانی تایبەت بە خۆیان نیشتەجێبوون لە یەسریب (مدینة)و ئاوەدانییەکانی خۆیان بە چەندین قەلا و شوورا قایم کردبوو، هەیانبوو لە باخچە و ئاواییەکانی دەرەوەی مەدینە نیشتەجێ بووبوو، جا هەندێکیان نزیکبوون لە مەدینە و هەندێکیشیان دوور بوون، ئەوێشیان بە چەندین قەلا و شوورا قایمکردبوو، جۆرەها چەکی جەنگی وەك تیر و کەوان و قەڵغان و مەتاڵیان بۆ کاتی پێویست، تێدا هەڵگرتبوو.

لە قەوارەیەکی سیاسی و جەنگی و ئایینی و یەکگرتوودا کۆنەبووبوونەوە، بەڵکو پارچە پارچە و کۆمەڵ کۆمەڵ بوون، جیاوازی و دوژمنایەتییان لەنێویەکدیدا زۆر بوو.

لە مەدینەدا دوو قەبیلەی عەرەبی دەژیان کە قەبیلەی (ئەوس) و (خەزرەج) بوون و شەڕ و دوژمنایەتی بەردەوامیان لەگەڵ یەکدیدا هەبوو، هەندێکیان ـ جوولەکەکان ـ لەگەڵ (ئەوس) و هەندێکیان لەگەڵ (خەزرەج) هاوپەیمان بوون و هەریەکەیان لەگەڵ لایەکەی دیکە دەجەنگا لە کاتی شەڕ و ئاژاوەکاندا هاوکار یەکدیان دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانە سرووشتی زەلیلی و هەژاری و نەداری و بێدەسەڵاتی و ترس و دەربەدەری و ئاوارەیی و ترسنۆکی بەسەر هەموویاندا زاڵبوو، بۆیە هاوپەیمانیەتییان لەگەڵ عەرەب لەگەڵ ئەو هەموو قەلا و تفاقە جەنگییانە کردبووە هۆکاری سەرەکی بۆ مانەوەیان، لەبەر ئەوە زۆر ڕشت بوون لەسەر مانەوەی شەڕ و کێشە لە نێوان دوو هۆزەکەی مەدینە (ئەوس) و (خەزرەج)، چەندین کێڵگە و کشتوکاڵ و باخچەو ماڵ و موڵکیشیان هەبوو و خەریکی بازرگانی و پیشەسازی و ڕیباکردنیش دەبوون، بۆیە لە ئەنجامی ئەمە زۆربەیان دەوڵەمەند و خاوەن سەروەت و سامان بوون، هەروەها ئەمەشیان یارمەتیدەریان بوو بۆ سەپاندی هەژموونیان بەسەر عەرەبەکاندا. بگەڕێوە بۆ (مقدمة إبن خلدون) (٣/٩٣٥،

بەم شێوەیە وایلێهات لەنێو زانستە مرۆیی و زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا، بەڵکو لە نێو زانستە سرووشتیە هاوچەرخەکانیشدا، چەندین ڕەهەندی نادیار مایەوە و زۆر پرسیاری سەیر و سەمەرە دروستبوو کە وەڵامی سارێژ و دڵنیاکەری لە قوتابخانەی ئەو زانستە جۆراوجۆرانەدا بۆ نەدۆزرایەوە، لەبەر ئەوەی ئەو زانستانە ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوییە مەنهەجییەی کە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەکەدا (سرووش و گەردوون) هەبوو، نەیاندۆزیەوە و تەنها لە بازنەیەکی کەم و بچووکدا نەبێت بەکاریاننەهێنا کە خۆی بینیەوە لە چەند هەوڵێکی بژاردە و ناوبەناو کە بە هەندێکیانەوە شێواندن و تێکەڵکردن دیاربوو، تا ڕاددەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین دروستکراو و هەڵبەستراو بوون، وەك هەندێك لەو هەوڵانەی کە بەم دواییانە بە (الإعجاز العلمي)[1] ناسرا.

---

٩٣٦)، هەروەها (القرأن والمبشرون)، کتێبی خۆشمان (إشکالیة الردة) (٣٤-٣٦) ط. دار الشروق الدولیة بالقاهرة.

([1]) ئیعجازی زانستی (الإعجاز العلمي) - ئەوەی ئێمە بیزانین - کە یەکەم کەس باسی ئەم بابەتەی کرد، پێشەوا فەخرەدینی ڕازی بوو لە تەفسیرەکەیدا (مفاتح الغیب)، یان (التفسیر الکبیر)، بەڵام بەو دواییانە بڵاوبووەوە لەنێو زانایاندا و چەندین دامەزراوە بۆ خزمەتکردنی ئەم لایەنە دامەزران و چەندین نووسەر لەم بارەیەوە نووسینیان بڵاوکردەوە.

لەگەڵ ئەوەی دان بەوەدا دەنێین کە سوودی هەبووە بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕی هەندێك لەو کەسانەی ڕۆشنبیری سەردەم زاڵ بووە بەسەریاندا و ئارامی و دڵنیایان بۆ هاتووە کاتێك ڕۆشنبیری سەردەمیان دابەزاندووەتە سەر قورئانی پیرۆز و پێگەی قورئانی پیرۆزیان پێ بەهێز کردووە و وەك دەرچەیەك بەکاریانهێناوە بۆ دەربازبوونیان لەو دوودڵی و سەرلێشێوان و

بۆیە دووپاتکردنەوەی بەردەوامیمان لەسەر پێویستی (کۆکردنـەوەی هـەردوو خوێندنەوەکـە)، و دانـانی ئـەوە بـە مـەرجێکی پێـشوەختە و پێویست بۆ دەرچوون لەو گرفتە فیکری و مەعریفییانەی لەسەر ئاسـتی جیهانی و ناوچەیی مرۆڤایەتی تێی کەوتووە، دووپاتکردنەوەمان لەخۆی دەگرێت لەسەر پێویستیی ئاوڕدانەوە لەو پەیوەندییەی لە نێوان قورئان و گـەردوون و مـرۆڤ هەیـە، چـونکە قورئـانی پـیرۆز بنـەماکانی ئـەو

گومانانەی لە نێوان رۆشنبیری سـەردەم و قورئـانی پـیرۆزدا بۆیـان دروسـت بـووە، بـەڵام ئێمـە پێمانوایە قورئانی پیرۆز زۆر لەوە بەرزترە کە لە چـواردەوری ڕۆشـنبیری گومانـاوی سـەردەم و زانستە دوودڵەکەی لە نێوان دڵنیایی و ڕێژەیی ئەگـەریی (إحتمـال)ی بـسووڕێتەوە، لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی پێـی دەڵـێن ئیعجـازی زانـستی، ئەوپـەڕی ئـەوەی کـە پێـشکەشی دەکـات بریتیـە لـە یەکـسانکردنی قورئـانی پـیرۆز بـە ڕۆشـنبیری سـەردەم و هەوڵـدەدات پـشتگیری سـەردەم و دەستخۆشی ئەو بۆ قورئان بەدەستبهێنێت ، ئەمەش زۆرتر خزمەتـە بـە ڕۆشـنبیری سـەردەم و ڕەواج دانە پێی لە نێـو موسـوڵماناندا، نـەك خزمـەت بێـت بـە خـودی قورئـانی پـیرۆز، ئەمـەش پێچەوانەیە لەگەڵ (ڕەهایی قورئانی پیرۆز) و سەپاندنی دوودڵی و گومان و بابەتـە ڕێژەییـەکانی رۆشنبیری سەردەمە بەسەر قورئانی پیرۆزدا، جا ئەگەر زانـست لـە یـەك سـەدەدا، یـان کـەمێك زیاتر لە سەدەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە دڵنیایی (یقین)ـەوە گـۆڕا بـۆ گومـان (الـشك) و ئەگەر (إحتمال) و بابەتەکانی لە ڕێـژەیی (نـسبی) و لـە هۆکـاریی (الـسببیة) پتـەو و نـەگۆڕەوە گۆڕان بۆ هۆکاری نەرم وگۆڕاو، ئەوکاتە دەبێت سیفەتەکانی قورئانی پـیرۆز چـیان بەسـەر بێـت گەر ئەم چەشنە ڕۆشنبیرییەی سـەردەممان بەسـەردا سـەپاند؟! بـەڵام (کۆکردنـەوەی هـەردوو خوێندنەوەکە) و (پرۆگرامسازی قورئـان لـە ڕووی مەعریفییـەوە) بـە تـەواوی بەپێـچەوانەوەیە و قورئانی پیرۆز دەکاتە داوەر و بڕیاردەر لەسەر ڕۆشـنبیری سـەردەم و زانـست و مەنهەجـەکانی، کامەی گونجاو و باش بێت دەیچەسپێنێت، کامەیشی گونجاو و بـاش نـەبێت رەددی دەکاتـەوە. (خوداش زاناترە)

(سرووشــه خــودایی)ـــەی لــەخۆگرتووە کــە پێغەمبــەران بــە گــشتی هێناویانـە. گـەردوونیش مەیـدانی وشـەکانی خـوای گـەورە و دیـاردەی ویــست ئارەزوەکەیــەتی و مــرۆڤیش جێنــشین کــراوە بــۆ ئــەوەی بــە ڕێنماییەکانی سرووش گەردوون ئـاوەدان بکاتـەوە، بەمـەش بازنـەکانی بیرکردنــەوەی مرۆڤایــەتی کامــڵ و تــەواو دەبــن و هــەموو ڕاگرەکــانی دیکەشی دەردەکەون و پەیوەنـدی پـەنهانی بـە سرووشـت و مرۆڤـەوە ڕوون دەبێتــەوە و مــرۆڤ لــە گــرفتی جیابوونــەوەی نێــوان ئایینگــەرای ناسوت و کەشیشەیی (لاهوت و ناسوت و ملکوت) ڕزگاری دەبێـت، یـان لە نێـوان دنیـا و دواڕۆژ، یـان لـە نێـوان نێردراوەکـانی خـوای گـەورە و فەلسەفە دانراوەکانی مرۆڤ و ئەوەی ئەو جودابوونەوەیە هێناویـەتی لـە گرفت و بەڵا و ناخۆشی، بەدوای خۆیدا دەیهێنێت.

لەڕاستیشدا تەنها کەسانێك دەتـوانن بـەم کـارە گرنگـە هەسـتن کـە شارەزاییەکی باشیان لە قورئاندا هەبێت و پشکێکی وایشیان لە زانـست و زانیارییەکان پێدرابێت کە بتوانن ئەو تێکهەڵکێشیە مەنهەجییەی هەیە لە نێوان قورئان و گەردوون و مرۆڤدا، بدۆزنەوە.

بۆیە بنەماکانی (مەنهەجی قورئانیی) لەسەر ئەم پایانەی خوارەوە دامەزرێنراوە:

١ـ دووباره بنیادنانەوەی تێڕوانینی ئیسلامیی مەعریفییانە.

کە لەسەر پایەکانی عەقیدە بەو شێوەیەی دیارییکراون لە قورئانی پیرۆزدا ڕاوەستاوە، هەروەها لەسەر ئەو فاکتەر و تایبەتمەندییانەی دید و بۆچوونە ئیسلامییە دروستەکان هەیانە ڕاوەستاوە، ئەوانیش هەر لە عەقیدەی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ ئەوەی کە دەگونجێت پێی بووترێت (یاسای مەعریفیی ئیسلامی) ڕوون ببێتەوە کە توانای وەڵامدانەوەی "پرسیارە گشتییە کۆتاییەکانی" هەیە و توانای هەیە بەسەر چارەسەرکردنی ئەوەی کە فەیلەسوفەکانی پێشوو ناویان لێنابوو بە (العقیدة الکبری) مانای: عەقیدەی گەورە بەبێ پەڕاندنی هیچ بەشێکی.

هەروەها ڕاوەستاوە لەسەر دروستکردنی توانایەکی خودیی (ذاتي) لەسەر ڕەخنەگرتنی مەعیفییانە کە بە شێوەیەکی مەنهەجیی ڕێکوپێك توانای وەرگرتن و تێپەڕبوونمان پێدەبەخشێت، لەهەمانکاتدا توانای بەدیهێنانی مەنهەجیی و مەعریفییانەمان پێدەبەخشێت، بەمەش داهێنان و ڕاڤەی مەعریفییانە دێتەدی، بەشێوەیەك کە لەسەر بنەمای قەناعەتپێکردن و وتاربێژیی ڕانەوەستابێت، بەڵکو لەسەر مەعریفەیەکی مەنهەجییانەی تەواو، ڕاوەستابێت.

٢ـ دووباره پشکنین و دانانەوەی بناغەکانی پڕۆگرامە ئیسلامییەکان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانیدا.

ئەوەش بەوەی کە بەراوردی بکەین لەگەڵ "پڕۆگرامی قورئانی مەعریفیی" و لەژێر ڕۆشنایی و ڕێنمایی ئەودا ڕێکی بخەینەوە، چونکە لە ئەنجامی خوێندنەوە تاکڕەوی و پارچەییەکان زیانێکی زۆر بەو پڕۆگرامە گەیشتووە، بە شێوەیەك کە قورئانی کردووەتە پارچە پارچە و بوون و مرۆڤی لە کۆن و نوێدا بە جودا لە قورئان خوێندووەتەوە، لەبەر ئەوەی عەقڵی موسوڵمان بتوانێت ئەو نەخۆشییە فیکرییانەی کە کاریگەرییەکەی تووشی شەلەل کردووە بپەڕێنێت و چارەسەر بکات، وەك نەخۆشی شلۆقی پەیوەندی نێوان پەنهان (الغیب) و شتە بەرجەستە و بەرچاوەکان (المحسوس) و پەیوەندی نێوان نەقڵ[1] و عەقڵ و پەیوەندی نێوان هۆکارەکان لەگەڵ بۆنەکان (المسببات)... هتد.

٣ـ ڕێکخستنی پڕۆگرامێك بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ قورئانی پیرۆز.

ئەمەش بە زانینی دەروازەکانی خوێندنەوە لە ڕێگەی ئەو تێڕوانینە مەنهەجییە شیکارییەوە دەبێت کە قورئانی پیرۆز دەکاتە سەرچاوەی بنەڕەتی و دروستکەر بۆ مەنهەج و عەقیدە و شەریعەت و مەعریفە و

---

(١) مەبەست بە نەقڵ هەموو ئەو شتانەیە کە خوای پەروەردگار لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە بۆ مرۆڤی ناردووە. (وەرگێڕ)

دەیکاتە نەخشەکێشی بنەماکانی ئـەو دیـد و زانـستە قورئانییانـەی کـە پێویستە دووبارە بـۆ ئـەم مەبەسـتە دروسـتبکرێنەوە و ڕێکبخرێنـەوە، دەخوازێت هەندێك لەو کە لەپوورە بەمیراتگیراوەی لەم بـوارەدا بۆمـان بەجێماوە بەجێیبهێڵین، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەندێك لەو زانستانەی لە ڕابردوودا ڕۆڵی خۆیان لە خزمەتکردنی دەقـی قورئـانی و زانایـان لـە قۆناغی دروستبوونە مێژووییەکەیدا سوودیان لێبینین، بەڵام ئێـستا وردە وردە پێویـستی بـۆ زیـادکردن لەسـەریان دەردەکـەوێت، بـە مەبەسـتی بەدەمەوەچـوونی پێویـستییەکانی ئوممـەت لـە ئێـستا و داهاتوویـدا، چـونکە مرۆڤـی بەڕەگـەز عـەرەبی - لـە چوارچـێوەی تایبەتمەندییـە پێکهاتەییەکانی (تکوینی) یەکەمجاریدا - لە ڕووی عـەقڵی و دەروونـی و زمانەوانیـەوە لــە قورئـانی پــیرۆز تێگەیـشتووە، ئــەو تایبەتمەندییـە پێکهاتەییانــە لــە ســەرەتاوە زۆر ســادە و ســنووردارون لــە ڕووی کۆمەڵایـەتی و هزریـەوە، زۆرتـر لـە چوارچـێوەی زمانـەوانی و هەنـدێك دەرەنجامی نەقڵی و زارەکییدا خۆی دەبینیەوە، کە وای کردبوو زۆرتـر بایەخ و گرنگی بە نـەقڵکردنی دروسـت و تونـدوتۆڵکردنی گێردراوەکـان (رِواية) بدرێت، بەو ڕێگەیانەی کە لەو کاتەدا ناسراوبوون.

ئەم تەرزەش نموونەی بەرزترینی زانستەکان بوو لەو سەردەمەدا، تا کاتێـك نووسـینەوەی فـەرمیی ئـەو زانـستە ئیـسلامییە نەقڵیانـەی لـە چواردەوری دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) دەسووڕێنەوە، لە سـەدەی دووهـەمی

کۆچیدا دەستی پێکرد و ئەوکاتە ئەو تایبەتمەندییانە دەرکەوتن کە لەو زانستە مەعریفییانەدا هەبوون، هەروەها شانبەشانی ئەو تایبەتمەندییە عەقڵییە ڕەوانبێژی و زمانەوانییانەی زمانی عەرەبی لەو قۆناغەدا دەردەکەوتن، لەگەڵ ئەوەی داخوازی دەکرد لە ڕۆیشتن بەرەو ڕووی دابەشکردنی لێکۆڵینەوە لە ڕستە و شیکردنەوەکان، لەگەڵ تێبینیکردنی یەکە یەکەی وشەکان هەر لەسەرەتاوە، کەواتە سەیر نییە پێناسەکردنی زانستی ڕاڤەکردن (التفسیر) کە یەکێکە لە گرنگترینی زانستەکانی تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز، بەوەی کە بریتییە لە: زانینی شێوەی وشەکانی قورئانی پیرۆز، ئەمە ئەو پرۆگرامە کارپێکراوە بوو لەو کاتەدا، بۆیە ئەو تێگەیشتنەی کە لێی پەیدابوو، قبوڵکراو بوو، بۆ قۆناغی ئەو کاتە و ئەو قۆناغانەی بەدوایدا هاتن، بەسبوو، بەڵام لەم قۆناغەی ئێستای مرۆڤایەتییدا کە (لۆژیکی تێگەیشتنی مەنهەجی مرۆڤایەتی) زاڵە بەسەر شتەکاندا و گەڕان بە دوای ئەو پەیوەندییانەی کە ڕێکیان دەخەن بەشێوەیەکی شیکاری و ڕەخنە ئامێز و ئەو چوارچێوە زانستییە جیاوازانەی کە بەکاریاندەهێنن و گرێیان دەدەن لەگەڵ بابەتە شارستانیە ئاڵۆزەکان و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان، پێویستە دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بەچۆنیەتی گەشەپێدان و نوێکردنەوەی ئامرازی دەقەکان و خزمەتکردنیان و خوێندنەوەیان بەشێوەیەك کە کۆیان بکەینەوە لەگەڵ گەردوون و زانینی ڕەهەندەکانی ئەو تێکەڵاویە مەنهەجییانەی کە لە نێوان قورئان و گەردوون هەیە،

پاكژكردنەوەی زۆرێك لە لایەنەكانی تەفسیر و ماناكردنی قورئانی پیرۆز و ئـەو كەلـەپوورەی پەیوەنـدی بـەو قۆناغانـەوە هەیـە، بـۆ لابردنـی پاشماوەكانی كاریگـەری بـوون بـەو پەیوەندییـە تونـدو تۆڵـەی كـە بـە شێوەیەكی ڕێژەیی هەبوو بە بابەتە خراپە ئیسرائیلیەكان و بابەتەكانی دیكـەوە و گرێـدانی تـەواو بـە بۆنـە و هۆكارەكـانی هاتنـەخوارەوەی ئایەتەكان.

بۆ ئەوەیش كە ڕووەكانی بەرەنگاربوونەوە بە قورئانی پیرۆز و لایەنە ئیعجازییە كاریگەرەكانی لەم سەردەمەدا دەربكەون، پێویستە ـ ئێستا ـ ڕەهەنـدە كۆمەڵایـەتی و مەنهەجییەكانیـشی بخرێتـە پـاڵ، بـۆ ئـەوەی بەهۆیـــەوە بەرەنگاربوونـــەوەی بـــەردەوام بێتـــەدی و ئیعجازەكـــەی دەربكـەوێت كـە دەبێتـە بەڵگـەی مەنهـەجیی یەكـەم لەسـەر ڕەهـایی و ڕێژەیی نەبوونی و بە شێوەیەكی ئاسایی لە (ئیعجـازی زانـستی) تێپـەڕ دەبین، لەبەر ئەوەی كە تەنها بریتییە لە سەپاندنی ڕۆشنبیری سەردەم بەسەر قورئاندا، ئەمەش مەبەستی ئێمە نییە.

٤ـ دروستكردنی پرۆگرامی مامەڵەكردن لەگەڵ سوونتەتی پاك و بێگەردی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر بێت).

هەروەها لە ڕێگەی ئەو تێڕوانینە پرۆگرامیە و بەگوێرەی ئەوەی كە سوونتەتی پێغەمبەر (دروودی خـوا لەسـەر خـۆی و بنەماڵەكـەی بێـت) سـەر چـاوەیەكی ڕوونكەرەوەیـە بـۆ قورئـانی پـیرۆز و ئـەوەی قورئـان هێناویەتی زۆربەی لە ڕێگەی ئـەوەوە جێبـەجێ دەكرێـت، لەبـەر ئـەوە

ســـوونەت درێـــژەی هـــەموو بابەتـــەکانی مەنهـــەج و شـــەریعەت و جێبــەجێکردن و یاســاکانی مەعریفــە و کۆڵەکــە و پێکهاتــەکانی دیــدی ئاوەدانی و شارستانی لـەخۆدەگرێت، چـونکە قۆنـاغی پێغەمبەرایـەتی (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) و سەردەمی هاوەڵان

قۆناغێـك بـوو پـشتی بـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ بـە پێغەمبــەرەوە (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت)و هەروەها شوێنکەوتن و چـاولێکەری لــە کــردار و گوفتارەکانیــدا بەســتبوو، وەك دەیفــەرموو: (لتأخـذوا عـني مناسـككم)[1]. مانـای: شـێوازی پایـە و پێویـستییەکانی حەجکردن لە مـن وەربگـرن و لـە چـۆنیەتی ئەنجامـدانی تەماشـای مـن بکەن.

هەروەها دەیفەرموو: (صلوا كما رأيتموني أصـلي)[2]. مانـای: چـۆن من دەبینن نوێژ دەکەم، ئێوەش ئاوا نوێژەکانتان بکەن.

شـــوێنکەوتن و تەماشـــاکردن پـــشتدەبەستن بـــە تێبینییکردنـــی جوڵانەوەی کرداریی و شێوازی جێبەجێکردنی پێغەمبـەر (دروودی خـوا لەسـەر خـۆی و بنەماڵەکـەی بێـت) و وردبوونـەوە لـە ژیـانی ڕۆژانـەی، چونکە پێغەمبەر بە کردار و گوفتارەکانی قورئـانی پـیرۆزی لـە واقیعـدا

([1]) بگەڕێوە بۆ صەحیحی مسلم ژمارە: (١٢٩٧)(٢/٩٤٣) بە تەواوی لەوێ دەستتدەکەوێت.

([2]) بگەڕێوە بۆ صەحیحی بوخاری ژمـارە: (٢٢٦) (ص: ٦٠٥) وەبگـەڕێرەوە بـۆ محـصولی ئیمامی رازی (٣/٤٣/٥٢/٢٥٠).

بەرجەستە کردبوو، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان دەق و ژیان بە ڕوون و ئاشکرایی نیشان بدات، چونکە جێبەجێکردنی کردەیی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) بۆ قورئانی پیرۆز و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکانی، ئەو کەلێنانەی نێوان پێکهاتەکانی مەنهەجی خوایی لە قورئاندا و کەلێنەکانی نێوان واقیعی بەپێی ئەندازەی ڕۆشنبیری خەڵکەکە و عەقڵ و توانای فیکری و مەعریفییان و بیرکردنەوەیان لەو سەردەمەدا، بە تەواوی بەرتەسك دەکردەوە، بە مەرجەکانی هەڵکەوتەی واقعی کۆمەڵایەتی و زانستی و زمانەوانی کە لەو کات و ساتەدا باو بوو، بۆیە ڕاویەکانی هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێت) سووربوون لەسەر ئەوەی هیچ شتێکیان لێنەفەوتێت لەو شتانەی کە پەیوەندی بە ژیانی پیغەمبەرەوە هەیە (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) ئەگەر لاوەکی و بچووکیش بێت، چونکە ئەو تاکە جێگرەوە بوو بۆ تێگەیشتن لەو مەنهەجەی کە بابەتە جیاوازەکانی سەردەمی ئەوانی ڕێکخستبوو و پوختی کردبوو بۆ مەنهەجی جێبەجێکردن (تطبیق) بۆ ئەوانەی کە لە دوای ئەوان دێن، بۆیە دەبینین ڕیوایەتەکانیان ئەو ئەندازە زۆرەیان لەخۆگرتووە لە فەرمایشت و کردار و تەقریراتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) و تەوای ئەو بابەتانەیان بۆ گێڕاوینەتەوە کە وا دەکات ئەو وەچانەی بە دوای وەچەی یەکەمدا هاتن، بتوانن پابەند بن پێوەی و شوێنی بکەون و لەوێوە مەنهەجێك لە شوێنکەوتنی قورئانی

پیرۆز پوخت بکەنەوە، کە بریتیە لە شوێنکەوتنی جووڵەی ڕۆژانەی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) لە هاتن و چۆنی و ئاشتی و شەڕی و فێرکردنی و قەزاوەت و بڕیارەکانی و سەرکردایەتییکردنەکەی و فەتواکانی و مامەڵە مرۆڤایەتیەکانی بەشێوەیەکی وا کە شێواز و سوونەتەکانی، یان مەنهەجی مامەڵەکردنی لە واقیعدا ڕوون بکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش تایبەتمەندی ئەو واقیعەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) مامەڵەی لەگەڵ دەکرد و ژیانی تیایدا بەسەردەبرد ـ گومانی تێدا نییە ـ جیاوازە لەگەڵ ئەم واقیعەی ئێمە تێیدا دەژین، لە ڕووی بابەت و پێکهاتە و کێشە و پەیوەندییەکانی خەڵکەکەیەوە بەشێوەیەکی جۆریی (نوعي)، هەروەها لە ڕووی ڕێژەییش کە هەمومان هەست بەو جیاوازییانە دەکەین.

بەڕاستی پێغەمبەری خوا (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) لە ژیان و سوونەتەکانیدا نموونەی لێکدانی مەنهەجی قورئانیی و واقیعی بەرجەستە کردبوو، هەر بۆیە ئەستەمە تێگەیشتن لە زۆرێك لە بابەتەکان بەدوور لە تێگەیشتن لەو واقیعەی کە پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) تیایدا دەژیا و جیهاد و هەوڵ و تێکۆشانی تێدا دەکرد بۆ ئەوەی بیگۆڕێت و چاکسازی تێدا بکات، ئەو تێگەیشتنەش بە خوێندنەوەی واقیعی سەردەمی پێغەمبەریی و ئەوەی

تێیدایەتی، هەروەها خوێندنەوەی هۆکاری هـاتنی فـەرموودەکان و ئـەو ڕووداوانەی پێیانەوە گرێدراون، دەبێت.

ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر جاری وا هەیە ڕا جیاوازەکان دەیانکەنـە چەند قسەیەکی بەش بەش، بە شێوەیەك وای لێـدێت مانـای دژبەیـەکی لێوەردەگیرێت و وەك قسەی پێشەواکانی مەزهەبە جیاوازەکانی لێدێت، ئەگەر ئەو پەیوەندییە مەنهەجییەی نێوانیان کە باسکرا تێبینی نەکرا.

موسڵمانان لە قۆناغی هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز وابەستە بـوو بوون بە ماناکانی خۆچواندن بە پێغەمبەری خـوا (دروودی خـوا لەسـەر خـۆی و بنەماڵەکـەی بێـت) و شـوێنکەوتن و پـەیڕەوکردن و ڕێنمـای وەرگـرتن بــە کـردار و گوفتارەکـانی، بـە هـیچ شـێوەیەك فـەرمانیان پێنەکراوە بە لاساییکردنەوە (التقلیـد)، جـا ئـەو چـوار مانەیـە لـەوەدا یەکدەگرنەوە کە هەموویان کاتێك دەهێنرێنەدی دەخوازن مەنهەجی ئەو کەسە پێیان بزانرێت و بدۆزریتەوە کە شوێنی دەکەویت، کە پێغەمبەرە (دروودی خوا لەسەر خـۆی و بنەماڵەکـەی بێـت)، هـەر لەبـەر ئەوەشـە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) بـە شـوێنکەوتنی ڕێنمـایی پێغەمبـەرانی پـێش خـۆی خوای گەورە دەفەرموێت: {**أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ**}. (الانعام: ٩٠)

ماناى: شوێنى مەنهەجى ئەوان بكەوە لە گوێڕایەڵى و بانگەواز و ڕاگەیاندن و ڕوونكردنەوەى پەیامى خواى گەورە و جێبەجێكردنى، بەڵام فەرمانى پێ نەكرا بە لاساییكردنەوەیان.

ئەمە واى لە هاوەڵانى پێغەمبەر (دروودى خوا لەسەر خۆى و بنەماڵەكەى بێت) كرد كە پێغەمبەر بكەنە پێشەنگ و پێشەوایەكى كردارى كە بە گوێرەى مەرجە واقعییەكانى ژیانیان مەنهەجى لە خۆیدا بۆیان بەرجەستە كردووە. دەكرێت لە هەڵوێستى ئیمامى ئەبوبەكر و ئیمامى عومەر (ڕەزاى خوایان لێبێت) بەرانبەر بە سوننە، هەروەها هەڵوێستى دایكى موسڵمانان و گەورە قورئانزانەكان و هاوەڵە فەقیهەكەن (ڕەزاى خوایان لێبێت) تێبینى ئەوە بكەین.

لە شوێنكەوتن و پەیڕەوكردن و ڕێنمایى وەرگرتن ئاڕاستەكانى مامەڵەكردن لەگەڵ گێڕدراوەو (مأثور)، گوازراوە (منقول)، پەیدابوو، ئەوەى ڕێنمایى پێ وەرگرت ئەوە وەریگرتوو، ئەوەى پێى وەرنەگرت ئەوە لێى لادا، ئەوەیشى خوا تەوفیقى دا و تێگەیشتنى وردى بۆ گێڕدراوەكان (ماثور) كرد و پێكانى پێبەخشى، ئەوەیش كە بەدبەختى و لاڕێیى هەڵبژارد شكستى پێهێنا و لێى لادا.

بۆیە لاى هەندێك لەوانەى لە دواى ئەوان هاتن، پێویستى بۆ ئاسانكارى لەو شوێنەوارانەى كە پەیدا بوون لە ئەنجامى مامەڵەكردنى بەشیى (جزء) لەگەڵ قورئانى پیرۆز و ڕیوایەتەكانى فەرموودە و سوونەتەكان كە بە پارچە پارچەیى و دوور و جودا لە سیاقەكانیان

ڕیوایەت کرابوون، پەیدابوو ـ دوای ئـەوە ـ هەنـدێك پـەنایان بـردە بـەر ماناکردنی ناوەیی (باطني)و ڕاڤەکردنی ئاماژەیی و هێمایی، بە بەڵگـەی ئــەوەی کــە دەرچــەیەکە لــە پابەنــدبوون بــە پیتبەنــدی (حرفیــت) گێڕدراوەکانەوە، یان پابەندبوون بە لایەنە جوزئیەکانـەوە، هەنـدێکیش ڕەتکردنەوەی فەرمودەکانیان زۆر ئاسان کرد، بەڵام زۆرێك لـەو هـەوڵی تەئویلانە هیچ سوودێکیان نەبوو، بەڵکو بابەتەکانیان زیاتر ئـاڵۆز کـرد. پاشان گرفتی بەڵگەیی سووننە (حجية السنة) سەریهەڵدا، بەشـێوەیەکی گشتی، یان بەڵگەیی هەندێك لە جۆرەکـانی، بێجگـە لەوانـە لـە هەنـدێك پاشماوەی بابەتی دیکە کە تائێساش بەدەستیانەوە دەناڵێنین، هەندێك بابەتی هزریی دیکەش کە لە دوای خۆیان لێیان بەجێما، خـۆ ئەگـەر لـە سەرەتاوە مەنهەجی قورئانی ڕوونکرابایەوە لەمەڕ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمایشت و کردارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خـۆی و بنەماڵەکــەی بێــت) و ئــەو شــتانەی ئــەو ڕەزامەنــدی لەبارەیانــەوە دەربڕیوە، ئەو کاتـە دەگونجـا مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئـەو نەقڵکراوانـە ـ بەگـشتی ـ ڕێکبخرێـت و بابەتـە جوزئیـەکان بگەڕێندرێنـەوە بـۆ یاسـا گشتییەکان و ئەوکاتـە لـە چوارچێوەی ئـەو مەنهەجـەدا گشت بابەتـە لاوەکییـەکان تێدەگەیشتین، چـونکە مەنهـەج دەسـتەبەرە (کفیـل) بـە ڕوونکردنەوەی مەبەستەکان و دەرخستنی ئامانجەکان.

لۆژیکی ئەم سەردەمە لۆژیکێکە ـ بە بەردەوامی ـ لێکۆڵینەوە لەمـەڕ ڕێکخەری بابەتییانەی کارەکان دەکات و هەوڵدەدات لە گشت ڕەهەنـدە

جیاوازەکانەوە بەرەو پرۆگرامسازی تەواو بڕوات، ئەم پرۆگرامسازییە پشت بە شیکاری پرۆگرامی و لێککردنەوەو ڕەخنەگرتن و ڕاڤە دەبەستێت، بەڵێ ئەمانە دەکاتە ئامرازی سەرەکی و چوارچێوەی بابەتیی بۆ جوڵانەوەی هزریی لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان و بابەتە گەردوونی و خۆجێییەکان دادەنێت، ئێمەش بەم جۆرە پرۆگرامسازییە دەتوانین دەرباز بین بەرەو گەیشتن بە مەبەستە قورئانییەکان و تەوەر و بەها بەرزەکانی و یاسا گشتییەکانی و جوان لە سوونەتی پێغەمبەر (دروودی خوا لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی بێت) تێبگەین، بەشێوەیەکی مەنهەجیی وا کە بمانپارێزێت لە کەوتنە نێو چوارچێوەی ڕابردووی ڕاوەستا، یان ماناکردنە ناوەوەییەکان، یان ئەو هەوڵە تازەگەرییانەی کار دەکەن لەسەر پەیداکردنی هەندێك چاکسازی ماناکردن بۆ هەندێك بابەتی جێبەجێکراوی ڕابردوو، بۆ دووبارە بەکارخستن و بەرهەمهێنانی لە ئێستادا، وەك بڵێی دەربڕینیان لە ڕابردوودا بە پۆشاکێکی تازەوە.

٥- دووبارە خوێندنەوەی کەلەپووری ئیسلامی.

خوێندنەوەی ئەو کەلەپوورە بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەئامێز و شیکارییانەی مەعریفی و بەراوردکردنی لەگەڵ مەنهەجی بە ڕاستدانان و هەژمووندانانی قورئانی، بۆ ئەوەی دەربچین لەو سێ بازنە باوەی کە بڕیار لەسەر شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ کەلەپوورەکەمان لەم

سەردەمەدا، دەدات: بازنــەی ڕەدکردنــەوەی ڕەهــا، بازنــەی وەرگــرتنی ڕەها، بازنەی هەڵبــژێرکردن بــەبێ پرۆگــرام، چــونکە ئــەم ســێ بازنەیــە ڕێگەمان لێدەگرن لــەوەی کــە بــەردەوام بــین لەســەر ئــەوەی پێویــستە بەردەوام بین لەسەر ئەم کەلەپوورە، هەروەك چۆن یارمەتییمان نادەن بــۆ بــەدیهێنانی دڵنیــابوون و گومــانبڕین و دڵنیــایی لــە هەنــدێك لــەو بابەتانەی کە کەلەپوورەکەمان پێویستی بە دڵنیابوون تیایاندا هەیە.

٦- دروستکردنی پرۆگرامێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری مرۆڤایەتی لەم سەردەم.

هەروەها ئەوەی کە بە کەلەپووری ڕۆژئــاوایی (الــتراث الغربــي)، یــان هزری ڕۆژئاوایی (الفکر الغربي) ناسراوە، پێویستە مامەڵەی موسوڵمانان لەگەڵیدا لەو شێوازەی ئێستای بگۆڕێت، کە لە چوارچــێوە و هەوڵــە لــە یەکـــــدی نزیککـــــەرەوەکان و بەراوردکارییـــــەکان و پاشـــــان ڕووبەڕووکردنەوەکان و ناڕەزاییەکان پەیدا بووە، بۆ ئەوەی بە ڕوحێکی گــەورەو خــۆ لــێ گێلکردنــەوە بــە ڕەهــایی ڕەدی بکاتــەوە و کۆتــایی پێبهێنێت، یان بــە ڕەهــایی و بــە ڕوحێکــی تــەواو ملکــەچ و بــە ناچــاری وەریبگرێت، یان بە بژێرکردنێکی ڕەشۆکی وا کە، یــان بــە لای قــازانجی ئەودا بشکێتەوە، یان بە زیانی ئەو بشکێتەوە، وەریبگرێت.

جا ئەو شەش هەنگاوانە، یان کارە گرنگانە ئەوانەن کە دەکرێت پێیــان بگوترێت هەنگاوەکان بە ئاراســتەی دروســتکردنی (مەنهــەجی یەکخــستنی

مەعریفە)، ئەوەش لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جارە ئێمە خۆمان لە بەردەم دۆخێکی جیهانی وا دەبینینەوە کە کار دەکات بۆ بەکارهێنانی زانست و زانیارییەکان و دۆزینەوە زانستییەکان و دەستکەوتەکانیان، بەشێوەیەك کە بە فڕێدانی هەندێك بیروبۆچوون لەبارەی بوونەوەر کە هەندێکیان وا دەردەکەون پێچەوانەی بیروباوەڕە ئایینیەکان بن بە گشتی و بیروبۆچوونی مەعریفی ئیسلامی ئێمەش بن بەتایبەتی، پەیوەندی نێوان خودای دروستکەر و گەردوون و مرۆڤ دەپچڕێنێت، جا ئەم پێچەوانەییە ڕاست و واقیعی بێت، یان نا، وەڵامدانەوەیان و دەربازبوون لێیان وەك گرفتێکی هزریی، بەوە نابێت هەندێك بابەت لە گوتارە کەلەپوورییەکانمان هەڵبژێرین و نزیکی بکەینەوە لە هەندێك شت کە لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەی ئەوان یەك بگرێتەوە، بۆ ئەوەی بڵێین ئەوەی ئێوە دەیڵێین پێشتر ئێمە وتوومانە و لە کەلەپووری ئێمەدا هەیە، یان بە تەواوی ڕەدی بکەینەوە و مۆری کوفری لێبدەین، نەخێر، هەر لە بنەڕەتەوە هەڵوێستی ئێمە بەرانبەر زانستە گەردوونییەکان هەڵوێستێکی ئایینگەراییانە (لاهوتی)، یان کەشیشیانە (کنهوتی) نییە.

ئێمە داواشمان لێ نەکراوە لاسایی غەیری خۆمان بکەینەوە، چونکە ئەزموونی ئەوان لەگەڵ زانست و دەستکەوتەکانی جودایە لە ئەزموونی ئێمە، ئەگەر قورئان ئایینگەری (لاهوتی) بوایە، ئەوا دروست نەدەبوو بخوێندرێتەوە، تەنها لەیەك لایەن و بە یەك ڕەهەند نەبێت، مانای تەنها بە خوێندنەوەی یەکەم، بەڵام ئێمە فەرمانمان پێکراوە بە دوو جۆر

خوێندنەوە، خۆ ئێمە هەرگیز ململانێ و دژایەتی زانستمان نەکردووە و ڕەدماننەکردۆتەوە و زاناکانمان نەکوشتووە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ئەو سرووشەی (وحي) کە خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەبینێتەوە، هەمان ئەو سرووشەیە کە خۆی لە گەردوون و سرووشتدا دەبینێتەوە، هەریەکێکیشیان بەشێوازی مەنهەجیی تایبەتی خۆی دەخوێنرێتەوە، جا ئەگەر هەندێك لادان پەیدابوو و خرایشە پاڵ زانستەوە، ئەوە پێویستە لەسەرمان زانستی لێ پاك بکەینەوە، ئەگەر لادان لە ڕاڤە و ماناکردن پەیدابوو، پێویستە پارێزگاری لە دەق بکەین و نە هێڵین کاریگەری لەسەری هەبێت.

ئەمە بناغەی (کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکەیە)، چونکە ـ لە ڕابردوودا ـ ئەوەی ڕووبەڕووی ئایین دەبووەوە، تەنها هزرێکی عەقڵی دانراوی ڕووت بوو، بەڵام پڕچەك نەبوو بە زانستی ڕێکخراوی سەردەم و ئەو دەرەنجامانەی کە بوونە هۆی پەیدابوونی چەند بیروباوەڕ و ڕێبازێك کە لە شێوە باوەکە (التقليد) تێپەڕین، کەواتە ئەوەی پێویستە لەسەر ئێمە ـ وەك فەرمانیشمان پێکراوە ـ ستاندنەوەی زانستە لەو بیروباوەڕ و ڕێبازانە و پتکردنەوەیەتی و دووبارە بەکارهێنانەوەیەتی، هەروەها پێویستە ئەو مەعریفە و زانستانەی کە بۆ خزمەتکردنی دەق بەکارهێنرابوون پاڵفتە بکەین و لەو شتانەی کە پێیانەوە لکێندراوە، یان خراونەتە پاڵی، جودا بکەینەوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەکە ڕێکبخرێت و تواناکانی (کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکە) بێنەدی.

کارەکە قورئانیە، هەروەها جیهانییشە

ئـەم کـارە ـ کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـە ڕوونکردنـەوە و دەرخـستنی پڕۆگرامی قورئان لە ڕووی مەعریفییەوە ـ کارێکی جیهانییە و پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە هەیە و بۆ هەمووی گرنگە و هەموو جیهان پێویستی پێیـەتی، ئەگەرچـی هەنـدێك وا بـیری لێدەکەنـەوە کـە کارێکـە لـە چوارچێوەی جوگرافیادا و لەنێو موسوڵمانان پێویستە گرنگی پێبدرێت، بەڵام ئێمە ـ لەم سەردەمەماندا ـ بەشێکی کاریگەر بووین لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆدا، ئەوەش نەك بەهۆی هەڵمـەت و هێرشـی ڕۆشـنبیری ئـەوان بـۆ سەر موسوڵمانان، چونکە ئەوە شتێکی ئاسایی بوو لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ی ڕابردوودا، بەڵکو بەهۆی کاریگەربوونمان لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆدا لە ڕێگەی هەڵمەتی زانستی ئـەزموونی (تجـريبي) و پڕاکتیکـی (عملـي) کـە داخوازی ئەوەمان لێدەکات هەوڵ بدەین (پڕۆگرامی قورئـانی پـیرۆز لـە ڕووی مەعریفیەوە) بەشێوەیەك ڕوون بکەینەوە کە بەرانبەر بێت لەگەڵ هـەوڵ و مانـدوبوونی ڕابردووانـی بـەڕێزمان لـە بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو هەڵمەتــە فیکرییــەی کــە لەگــەڵ هەڵایــسانی شۆڕشــی فەڕەنــسا لــە دەرگاکانمـانی دا، چـونکە ئەوکاتـە بـە هەنـدێك بابـەتی عـەقڵیی ڕووت بــەرەنگارمان دەبوونــەوە و بــە توانــا عەقڵییــە ســنووردارەکانی ئــەو ســـەردەمەی خۆیـــان هاتبوونـــە پێـــشەوە لێمـــان، بـــەڵام ئێـــستا بەرەنگاربوونەوەکـە لەگـەڵ عـەقڵێکی زانـستیی ئەزموونییـە کـە خـۆی سەلماندووە و سەپاندووە، دووبارە زانستە سرووشتی و هەموو زانستە

مرۆڤایەتییەکانی بە پشت بەستن و گەڕانەوە بۆ تاقیکردنەوە و ئەزموون دارشتووەتەوە، جا ئێمەی موسوڵمان، یان دەبێت پەنا ببەینە بەر هەڵوێستی بەرگرییکردنی ئایینگەرایانەی (لاهوتی) بێدەسەڵات - کەسانێکیش هەن وا دەکەن - یان پەنا ببەینە بەر کارکردن بۆ بڕین و چوونە نێو ئەم شێوەیە لە شارستانی و ڕۆشنبیرییەی سەردەم بە دیدێکی قورئانیی گەردوونی گشتگیر، چونکە ئەو زانستە ئەزموونییانە تائێستاش جاری وا هەیە لە کاتی ڕۆیشتن و پێشڕەویاندا تووشی هەڵەنگوین و کەوتن دەبن، هەموویان وابەستەن بە بابەتە بەشی و لاوەکییەکانەوە و ڕەهەندێکی گەردوونیی گشتگیری وایان لەخۆنەگرتووە کە خودای گەورەی پێ بدۆزنەوەو لە هەڵخلیسکان بیانپارێزێت، چونکە ڕەهەندی گەردوونیی تەواو تەنها لە ڕوحی قورئاندا خۆی دەبینێتەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: {**إِنَّ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ إِنْ فِي صُدُورِهِمْ إِلاَّ كِبْرٌ مَا هُمْ بِبَالِغِيهِ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (٥٦) لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ**}. (غافر: ٥٦و٥٧) مانای: بەڕاستی ئەوانەی موجادەلە و گفتوگۆی سەرکەشانە دەکەن و بە نەشارەزایی و بێ بەڵگە لە ئایەتەکانی خوا دەدوێن، ئەوانە تەنها خۆ بەزلزانین لە سینەیاندا هەیە و هیچ بەڵگەی ڕاستیان بەدەستەوە نییە، بۆیە هەرگیز ناگەنە ئامانجی خۆیان، کەواتە پەنا بگرە بە خوا لە شەڕی خوانەناسان، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەر و بینایە (٥٦) بەڕاستی

دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە دروستکردنی خەڵکی زۆر گەورە و گرنگترە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە تێناگەن و نایزانن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە کارێکی گرنگی جیهانییە، ئەوەشمان بۆ دووپات دەبێتەوە کە کارێکی قورئانیی تەواویشە، چونکە لە بەردەم پاڵنەری ئایینی و مۆری پێغەمبەرایەتی و مایەپووچبوونی شارستانیەتی جیهانیی و دەرکەوتنی قەیرانە هزری و مەعریفییە جیهانیی و ناوچەییەکان، قورئانی پیرۆز بە تەنها بەرهەڵستی دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە و ئامادەیە بۆ چوونە نێو جەنگێکی گشتی، بەهۆی ئەوەی کە کتێبی سرووشێکی ڕەهایە و چارەسەری بۆ هەموو ئەم قەیرانانە پێیە، بۆیە بەردەوام دەبێت لە بەخشش و بەخشندەییەکی، دوای ئەوەی ئەوانی دیکە هیچیان پێنەما کە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن، کەواتە ئەمە جەنگی تاقیکردنەوەیە بۆ ئێمە لەبەردەم ئەندازەی تێگەیشتنمان بۆ پرۆگرامێتی قورئانی پیرۆز و توانای ئێمە لەسەر چاکسازی و ڕاستکردنەوەی ڕێبازی شارستانیەتی پێی و دەرهێنانی پرۆگرامە جیاوازەکانی زانستەکان لەو قەیرانانەی کە تێیکەوتوون لە ڕێگەی (کۆکردنەوە لە نێوان دوو خوێندنەوەکە)دا.

زانستە سەردەمییەکان گەیشتوونەتە قۆناغی زۆر پێشکەوتوو لە زانین و هەستکردن بە دیاردەکان، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو دیاردانە بەو شێوەیە نەماون کە زۆربەی زانایانی پێشوو لێی حاڵی بووبوون، یان دیاردەکانی جیهانی پێشوو وەك جاران بەدیناکرێن، ئەو

دیاردانەی کە جاران بەرجەستە بوون، لەبەردەم چاوەکان شێوەکانیان وەك جاران نەماون و وەك جاران نابینێرن، چونکە ئەو هەستانەی کە جاران هۆکاری تێگەیشتن و بینین بوون، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ هاتنی هەستی گەردبینی و میکرۆسکۆب و ئەلیکترۆنی، کە وای کردووە مانا و تێگەیشتنی تازە بۆ ئەو دیاردانە بێنێتە کایەوە، بۆ نموونە: ئەگەر زانایانی پێشوو وا تێگەیشتبن کە گەردیلە (ذرة) بریتیە لە دەنکە لم، یان خۆڵێك کە بە چاو دەبینرێت، ئەوە ئەمڕۆ گەردیلە (ذرة) بە هۆی ئامێری وردبینەوە مانایەکەی گۆڕاوە، لە شتێك کە جاران بە چاو دەبینرا، بۆ شتێك کە بە چاو نابینرێت، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرمووێت: **{فَلاَ أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ (٣٨) ومَا لاَ تُبْصِرُونَ}**. (الحاقە: ٣٧-٣٩). مانای: سوێند بەو شتانەی کە دەیانبینن، بە ئەو شتانەش کە نایانبینن.

پاشان هەر ئەو گەردیلەیە (ذرة) جارێکی دیکە مانایەکەی گۆڕا و بوو بە تەقینەوەو بوو بە وزە، لێرەدا تێدەگەین لە وردیی قورئانی پیرۆز و داناییەکەی لە فەرمایشتەکەیدا کە دەفەرمووێ: **{يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ}**. (لقمان: ١٦)

مانای: لەسەر زمانی لوقمان دەفەرمووێت: ئەی کوڕی ئازیزم: بەڕاستی ئەگەر گوناهێك بە قەدەر زەڕڕەیەك بێت (کە زۆر وردە) و لەنێو بەردێکدا لە ئاسمانەکان، یان لە زەویدا حەشار درابێت (لای خوا

شاراوه نییه) و دهیهێنێته مهیدان، چونکه بهڕاستی خوا هیچ شتێکی لێ شاراوه نییه و زۆریش ئاگاداره.

هـــهروهها کاتێــك زانایـــانی پێـــشوو لـــه (قۆناغـــهکانی مێـــژوو) تێگهیشتبوون بهوهی که بریتیین له بابهت و ڕووداوه یهك له دوای یـهك و دووبارهکان، ئهو تێگهیشتنهشیان لهسـهر بنـهمای بهدوایهکدا هـاتنی شــهو و ڕۆژ بـۆ دروســتبووبوو، ئـهوا ئـهو تێگهیـشتنه زۆر گۆڕانکـاری بهسهردا هاتووه، ئهمڕۆ ئهم قۆناغانـه وا پێناسـه دهکرێن کـه بـریتیین لهگۆڕانکارییـــه چـــۆنێتیهکان، نـــهك تـــهنها گۆڕانکارییـــه چـــهندییه دامـــهزراوهکان لهســـهر بنـــهمای ڕۆژ و مـــانگ و ســـاڵهکان، ئهمهیـــه کـــه مهبهســـت لـــه هۆکـــارێتی زانـــستی (الـــسببية العلميـــة) ســـهردهم ڕوون دهکاتـــهوه، کـــه بـــه پلـــهی یهکـــهم لهســـهر گۆڕانکارییـــه چـــۆنێتییهکان (کیفية)، نهك چهندێتییهکان، دامهزراوه.

پرۆگرامێتی قورئانی پیرۆز و چارهنووسی مرۆڤایهتی

کهواته بابهتی (پرۆگرامێتی قورئانی پیرۆز) تهنها زهرورهتێـك، یـان پێویستییهکی فهلـسهفیی ڕووت نییـه، چـونکه لـه کاتێکدا کـه قورئـان بابهتی (کۆکردنهوهی ههردوو خوێندنهوهکه) پێشکهش دهکات، بهڵگه و ڕێنماییهکانی پێویستیش بۆ ڕزگارکردنی هـزری مرۆڤایـهتی لـه قـهیرانی ئایینگهرایی (لاهوت) پێـشکهش دهکـات کـه ڕفێنـهر و داخـهری عـهقڵی مرۆڤـه و هۆکـاری فهرامۆشـکردنی سرووشتیـشه، ـ لهههمانکاتیـشدا ـ

هەموو ئەو شتانە لە چوارچێوەی بەرنامە و پرۆگرامی دانراوی خۆی دەردەهێنێت کە زانست لە دروستکەرەکەی جودا دەکاتەوە، بۆیە هەریەك لە دوو پرۆگرامەکە شوێنەواری خۆیان لەسەر ژیانی مرۆڤ و ڕێرەوە شارستانییەکەی و بنەما تەشریعییەکانی هەیە، چونکە پرۆگرامێتی قورئانی پیرۆز ـ کاتێك کە بە چاکی لێی ورد دەبینەوە ـ بە گرنگترین پێشەکی بۆ جێگرەوەیەکی شارستانی جیهانی دەژمێردرێت کە ئامانجی باشکردنی حاڵ و دۆخی موسوڵمانان بە تەنها، نییە، بەڵکو ئامانجی باشکردنی حاڵ و دۆخی هەموو جیهانە، ئەمەش کارێکە پێویستی بە زۆرێك لە توێژینەوەی تایبەت و باش لەسەر خودی قورئانی پیرۆز، بە تێگەیشتنێکی شیکارییانەی باش و بە دیدێکی زانستییانە و جیهانییانە و مەنهەجییانە هەیە.

ئەمەیە مەبەستی سەرەکی لە (پرۆگرامێتی قورئان) کە قورئانی پیرۆز بکرێتە کتێبی ڕێنمایی و ڕێنیشاندەری جێنشینبوون و ڕێگەی ڕزگاربوون و دەروازەی دەستپێکردنی ئاوەدانکرنەوە، چونکە لە ڕاستیدا، بەبێ تێگەیشتی قورئانی پیرۆز بە تێگەیشتنێکی مەنهەجیی لە چوارچێوەی یەکپارچەییەکەیی و بینا تەواوەکەیدا و بە بێ تێگەیشتنێکی وا کە لەسەر تێگەیشتنی مەنهەجیی سەردەمیانەمان بۆ دیاردە گەردوونییەکان و یاسا و جوڵانەوەکانیدا ڕەنگبداتەوە، دامەزراندنی ئاوەدانکردنەوەیەکی سەلامەت، ئەستەمە، چونکە پرۆگرامێتی جیهانی سەردەم دەتوانێت شتە زۆرەکان بگەڕێنێتەوە بۆ

یـەك شـت و دیاردەیـەك شـی بكاتـەوە بـە توێژینـەوە و گـەڕان لـەو پەیوەندی و یاسایانەی كە لە ناویدایە و لـە پـشتیەوە هەیـە، تـەنها بـە ڕاڤەكردنێكی سادە و دەرەكی ڕاناوەستێت.

قورئانی پیرۆزی گەورە و پـارێزراو، بـەهۆی یـەكێتی و یەكپارچـەیی بینایەكەیەوە، گونجاوە بۆ ئەم تێگەیشتنە پڕۆگرامیـە، بۆیـە پێویـستە قورئانی پیرۆز بەو شێوە و پڕۆگرامە بخوێنینەوە كە زانایانی گەردوون، گەردوونی گەورەی پێ دەخوێننـەوە، وەكـو باسمـانكرد، بـە عـەقڵێكی زانستییانەی جیهانیی، بە توانای كاریگەری وا بیخوێنینەوە كە بتوانێت ئەو تێكەڵاویە مەنهەجییەی لـە نێـوان (مەنهەجیـەتی قورئـانی پـیرۆز)و (یاسا و پڕۆگرامەكانی گەردوون) تێبگات و كاریان لەسەر بكات.

گومان لەوەدا نییە قەیرانێك هەیە پێویستە جیهان لێ تێپـەڕببێت و بەسەریدا زاڵببێت، ئەم قەیرانەش ئاشكرایە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە عـەقڵی زانـستیی جیهـانی ئـەم سـەردەمە هـەموو كتێبـە ئایینیـەكان ڕەدەكاتەوە، ئەگەر چاو پۆشـیش بكـات لـە هەنـدێك لـە بابەتـەكانیان، ئەوە هـەر سـوورە لەسـەر ڕەدكردنـەوەی مەنهـەجی هەریەكـەیان و لـە یـەكێتی و یەكپارچـەیی بینـای هەریەكـەیان و لــە مەبەستەكانیـشیان تێناگات و ئەوە دووپاتدەكاتەوە كە تایبەتمەندی هەریەكێك لـەو كتێبـە ئایینیانـە پێوسـتە ڕابووەسـتییێت لـە ئاسـتی قەناعەتـە ئیمانییـەكان و پەنهانیەكانی پشتی سرووشتەوە.

کەواتە (کۆکردنەوە لە نێوان هەردوو خوێندنەوەکە) وا دەردەکەوێت لە دیدی ئەواندا شتێکی ئەستەمە، چونکە تا لەنێو ئەو کتێبە ئایینیانەدا بابەتی وا هەبێت پەیوەندی بە پەنهانەوە (الغیب) هەبێت، ئەوا ئەوان ناتوانن بیخەنە نێو تاقیگەکانیانەوە و تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدەن، بۆیە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ئەوەی بیانکەن بە سەرچاوەیەك لەسەر چاوەکانی زانست، چونکە پێیانوایە بەم شتانە زانست بەدرۆ دەکەوێتەوە و بیردۆزەکانی تێکدەشکێن، هەموو ئەو شتانەی کە کتێبە ئاسمانییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن لە بوونەوەرە نەبینراوەکان، یان لە چیرۆکە مێژووییەکان کە ناچنە ژێر تاقیکردنەوەی زانستییە دانراوەکانی سەردەم ـ لە دیدی ئەواندا ـ، کەسیش ناتوانێت سیفەتی زانستی پێ ببەخشێت، بۆیە یونسکۆ پێناسەیەکی تازەی بۆ (معرفة) دەرهێنا، پێناسەی کرد بەوەی (مەعریفە بە هەموو زانراوێك دەوترێت کە ملکەچ بێت بۆ هەستەکان، یان بۆ تاقیکردنەوە).

ئەم جۆرە بۆچوونە لە تێگەیشتنێکی هەڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە تێبینی (کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکەی) نەکردووە، چونکە مەبەست لە (هەردوو خوێندنەوەکە) ئەوەیە کە بگەینە (تێگەیشتنێکی گەردوونی) بۆ بوون و بوونەوەران کە بە تەنها پشت نەبەستێت بە خوێندنەوەی دووهەم (گەردوون)، چونکە ئەگەر تەنها پشت بە خوێندنەوەی دووهەم ببەستین، ئەوە هەر لەسنوور و چوارچێوەی

دانــــراوی هــــزری مرۆڤایـــەتی و بۆچـــوونەکانی لــــەبارەی بـــوون و بوونەوەرانەوە دەسـووڕێینەوە و بیرکردنەوەیـەك ئـەنجام دەدەیـن کـە پشت بە لێکجوداکردنەوەی دیاردەکە و پارچە پارچەکردنی دەبەستێت بە دەرچوون لە مشتومڕی زانـستییانەی سـەردەم و گومـانکردن لێـی و ڕێـژەییبوونی (الجدليـة العلميـة المعاصـرة واحتماليتهـا و نـسبيتها) ص: ٨٠، ف: الثانية.

لێرەدا مەترسییەکانی بە تەنها خوێندنەوەی دووهەم دەستپێدەکات، چونکە ئەویش دەمانگەیەنێتە هزرێکی دانـراوی بەشـیی، نـەك هزرێکـی گـەردوونی گـشتگیر، بـەڵام کـە کاتێـك خوێندنـەوەی دووهــەم لەگـەڵ خوێندنەوەی یەکەم کۆدەکەینەوە، ئەوکاتە بەرز دەبینەوە لە هزرێکـی بەشیی (جزئي) یەکلایەنەی سنووردار بۆ بابەتێکی گشتگیری گەردوونی بە هـەموو ئـەو دیـاردە بینـراو و نەبینراوانەشـەوە کـە لەنێویـدا هەیـە، هەموو ڕەدکردنەوەیەك بۆ ئەوەی ناویان لێناوە پەنهانەکان و ئەوەی لە پشت سرووشتەوەیە، بریتییە لـە ڕەدکردنـەوەی خوێندنـەوەی یەکـەم، ئەو خوێندنەوە گەردوونییەیە کە لە نێو ـ سرووشدایە ـ و بە ناوی خوای بە دیهێنەرەوە ئەنجام دەدرێت، چونکە سرووش خوێندنەوە بەشییەکان لــەخۆدەگرێت، خوێدنــەوەی یەکــەم هــەموو پەنهانــەکان (الغيبيــات) و ئەوەی لە پشت سرووشتەوەیە، وەك بەشێکی بنەڕەتیی لە پڕۆگرامییدا

لەبەرچاو دەگرێت، نەك تەنها وەك بابەتی سەلمێندراو کە پێویستە تەنها باوەڕیان پێبهێنرێت، بەڵکو وەکو بەڵگە لەسەر بوونێکی گەردوونی گەورەتر لە دەرەنجامەکانی خوێندنەوەی دووهەم، ئەمەیە ڕاستییە گەردوونیە تەواوەکان بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت، چونکە بەدوورزانینی پەنهانەکان و دوورخستنەوەیان بریتیە لە بەدوورزانین و دوورخستنەوەی خوێندنەوەی یەکەم، لە کاتێکدا کە بە ئاشکرا بەڵگەکانی ڕاستیبوونی لەسەر ئاستی بوون و دروستکراوە گەردوونییەکان دەبینین، ئەم بابەتانە داستان و ئەفسانەی هەڵبەستراوی پێشینان نین، وەك هەندێك وا خەیاڵ دەکەن، بەڵکو بابەتی جێگیر و سەلمێندراون بە بەڵگەی تەواوەتی لەسەر بوونیان، ئەگەر ئێمە دەست بە ماناکانیانەوە نەگرین، ئەوە ڕەنگە بمانگەڕێنێتەوە بۆ خوێندنەوەی دووهەمی دانراوی تاکلایەنە، ئەو کاتە ڕێگەمان نابێت بۆ زانینی مێژووی گەردوون لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیدا، کەواتە خوێندنەوەی یەکەم داوامان لێناکات کە تەنها باوەڕ بە بوونی خودا بهێنین، بەڵکو ئاڕاستەمان دەکات بەرەو خودایەتی (الله) و تێگەیشن لە دەسەڵاتی بەسەر دروستکرنی گەردوون و گرێدانی دواڕۆژی مرۆڤایەتی بە دروستکردنی هەموو گەردوونەوە، مانای بە پرۆگرامی دروستکردنەوە کە پرۆگرامی بابەتییانەی هەموو ئەو شتانەی

لـەخۆگرتووە کـە بـە پێنـووس فێـری دەبـین، ئـەو کاتـە پرۆگـرامێتی دروستکردن بە (خودای دروستکەرەوە) و پڕۆگرامێتی ئەو شـتانەی کـە قەڵـەم تێبینیـان دەکـات و دەیاننووسـێتەوە، لـە یـەك خوێندنـەوەی گەردوونیدا کۆدەکەینەوە، ئەو کاتـە چوارچێوە ئیمانییـە گشتگیرەکە دێتەدی. ئەگـەر ئـاواش نەکـەین ئـەو کاتـە پرۆگـرامێتی دەبێتـە چـەند تێنووسـێکی هەڵبـژێردراو بـەپێی حـەزە خودیـەکان ـ بـێ بابەتییانـە ـ و لادەدات بۆ خوێندنەوەی دووهەم بە تەنها.

جیهان بۆ ئەوەی لەو قەیرانە فیکـری و شارسـتانیانەی تێیکـەوتووە دەربچێت، پێویستی بە زانینی ڕەهەندە گەردوونییەکان هەیە ـ بە مانـا پەنهانییەکـەی ـ لـەبارەی پێکهاتـەی بـوون و چارەنووسـیەوە، ئەوەیـە کاری خوێندنەوەی یەکەم کە هەندێك پێیانوایە دەبێت دووربخریتەوە لە بازنەی زانـستییەوە، لەبـەر ئـەوەی خوێندنـەوەی ئـەو سرووشـەیە کـە بەدووریان زانیبوو، پێویـستە لەسـەر ئێمـەش مرۆڤایـەتی زۆر بـەجوانی بـۆلای بگەڕێنینــەوە. بەڕاسـتی کارەکـە گرنگـە، ڕووبەڕووبوونەوەکـە گــەورەو فراوانــە، بــەفراوانی ئــەم گەردوونــە، سەرەتاکەیــشی بــە (کۆکردنەوەی هەردوو خوێندنەوەکە) دەسـتپێدەکات و ئامانجەکەیـشی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتییە بۆ ئەوەی خێر و خۆشـی هـەموان بگرێتـەوە و ڕاستی سـەروەر بێـت و هیدایـەت بڵاوبێتـەوە، خـەڵك هـەموو بێنـە نێـو

ئاشتیەوە کـە ڕێگـەی قورئـانی پـیرۆزە و زەوی بـە ڕوونـاکی قورئـان و باوەڕ، ڕۆشن بێتەوە. بەردەوامبوونمان لـە گفتوگـۆی زانـستی بـەمانا و مەبەست و جێبەجێکارییە مەنهەجییەکان وامان لێدەکات بتـوانین ئـەم بەربەستە و گشت بەربەستەکانی بەردەم ڕێگەی قورئانی پیرۆز لاببەین.

مامەڵەکردنی خاوەن تایبەتمەندییـە جیاوازەکـان لەگـەڵ (پرۆگرامـی مـــەعریفی قورئـــان) وامـــان لێـــدەکات کـــە پـــەردە لەســـەر لایەنـــە جۆراوجۆرەکانی لابدەین و قەناعەت بە زانایـان و توێـژەران بکـەین کـە قورئان چەندە ورد و سەلامەتە و چەندە پێویستە بەکاربخرێت و پشتی پێ ببەسترێت.

{واللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ ولَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ} (یوسف: ٢١)

مانای: خوای گەورە زاڵە بەسـەر کـار و فەرمانـەکانی خۆیـدا، بـەڵام زۆربەی خەڵکی بەمە نازانن.

پاشەکی

لەپاشـان، ئـەوەبوو بابـەتی (کۆکردنـەوەی هـەردوو خوێندنەوەکـە) ئەگەر پێشت خۆشە پێی بڵێ بیردۆز (النظرية)، بابەتێك بوو هەندێك لـە گـەورە زانایانمـان وەك: (الحـارث المحاسـبي، أبـي طالـب المكـي، إمـام الحـرمين، فـارابي، غزالـي، ابـن الحـزم و قاضـي عبـدالجبار الهمـداني) بەکورتی باسیان لێـوەکردووە، هـەروەك هەنـدێك لـە ئاماژەکانیـشی لـە مەوســوعە ئوسولییەکانیــشدا باســکراون، چاکــسازییخوازانیش لــە چوارچـێوەی بۆچـوونەکانی لێکنزیککردنــەوە هزرییــەکان (المقاربــات الفكرية) و هزری دەسپێشخەری وەك: شێخ محەممەد عەبدە، محەممـەد ئیقبال و مستەفا سەبری و.. هتد، بانگەشەیان بۆ کردووە، بەڵام پشکی شایستەیان بەرنەکەوتووە بۆ ئەوەی گفتوگۆ و ئـاڵوگۆری زانـستییانەی لەنێو زانایاندا لەبارەوە بکرێت بۆ ئـەوەی بەتـەواوی پێبگـات و لەسـەر پێی خۆی ڕابووەستێت و لایەنەکانی ڕوون ببنەوە.

ئەوەی کە بە (ئیعجازی زانستی) ناسراوە، ڕێگرییەکانی زیـاترکردن لەنێوان عەقڵی موسوڵمان و دەرخستنی وەك پرۆگرام، یـان دیاریکـەری

پرۆگرامی، بەڕاستی بینیم کەلێنــەکان لــە نێــوان کۆکردنــەوەی هــەردوو خوێندنەوەکە و ئیعجازی زانستی، زۆر گەورەن.

لەڕاستیدا لــە دیــارترین و گــرنگترین زانایــانی ســەردەممان کــە ئــەم بابەتەی باس کــردووە، برامــان (محمـد أبوالقاسـم حـاج حمـد)ەیــە، کــە هزرسازێکی سودانییە (خودا ڕەحمی پیێ بکات) کە لــە چوارچێوەیەکی فەلسەفی بەتامدا پێشکەشی کردووە، ئێمــەش ئــەمڕۆ بــەم پۆشــاکەیەوە پێشکەشی ئوممەتی قورئانی دەکــەین، بــە شــوێنکەوتنی هــەنگاوەکانی پــێش خۆمــان. ئومێــدێکی زۆرمــان هەیــە توانیبێتمــان گرنگــی ئــەم بابەتــەمان لــە خولگــەی (پرۆگــرامێتی قورئــانی)دا ا(لمنهجیـة القرأنیـة) ڕوونکردبێتەوە و دەرمانخستبێت کە چەندە بابــەتێکی گــەورەو گرنگــی مەترسیدارە.

ئەم باباتە ـ لەگەڵ ئەو هەوڵەی کە تێیدا خەرجمان کردووە لای خودا حیــسابی دەکـــەین ـ بابـــەتێکی کـــورت و کەمـــە و مەبەســـتمان ئاگادارکردنەوەی توێژەران بوو ـ لە هەموو تایبەتمەندییە جیاوازەکـان ـ لەم بابەتە مەعریفییە گرنگــە، بــۆ ئــەوەی لێهاتووەکانیــان هەریەکــەیان بــەپێی تایبەتمەندییــەی خــۆی لــە هــەموو بابەتــە جیــاوازە فراوانــەکانی بکۆڵنەوە، ئەو کاتە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە بڵاوببێتەوە و یارمـــەتی توێـــژەرەکان دەدات کـــە وەك دیاریکـــەرێکی مەنهـــەجیی پێشکەشی بکــەن، دواتــر ئەمــە یارمــەتی ڕووناککردنــەوە و پێگەیانــدن

دەدات بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لـە گرفتـەکان لـە بـوارە جیاجیاکـانی مەعریفـە: لــە بـواری فەلـسەفەی زانـستە سرووشـتیەکان و خوێندنــە ئایینیەکان ـ ئەگەر ئەم دەربڕینە دروست بێت ـ لەگەڵ زانست و زانیاریە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان و هەندێك بابەتی هزریی دیکە، بۆیە ئێمە هــانی توێــژەرە لێهاتووەکــان دەدەیــن کاربکــەن بــۆ پێگەیانــدن و دەوڵەمەنـدکردنی ئـەم بابەتـە گرنگـە، بـۆ ئـەوەی لەسـەر پێـی خـۆی ڕابووەستێ (إن شاء الله تعالى) ئەگەر پاش ماوەیەکیش بێت.

خوای گەورەش یارمەتیدەر و سەرخەرە.

ليستى سەرچاوەكان

– ابـن الأثـير، المبـارك بـن محمـد الـشيباني: جـامع الأصـول في أحاديـث الرسول، التحقيق محمود الأرناؤوط، رياض عبدالحميد مراد، محمد أديب الجـادر، إشراف: عبدالقادر الأرناؤوط، بيروت، دار ابن الأثير (١٤١٢هـ،١٩٩١م).

– الإصلاحي، محمد اجمل محمد ايوب: مفردات القرأن للفراهي واهميتـه في علم غريب القرأن، المدينة المنورة، مجمع الملـك فهـد لطباعـة المـصحف الـشريف (١٤٢١هـ، ٢٠٠٠م).

– إقبال، محمد: تجديد الفقـه الـديني في الإسـلام، التحقيـق عبـاس محمـود العقاد، مهدي علام (ط٢) القاهرة، لجنة التأليف و الترجمة و النشر (١٩٦٨م).

– الآلوسي، محمود شكري: روح المعاني في تفـسير القـرأن العظـيم والـسبع المثــاني، تــصحيح علــي عبــدالباري عطيــة، بــيروت، دار الكتــب العلميــة (١٤١٥هـ/١٩٩٤م).

– إمام الحرمين، عبدالملك بن عبدالله بـن يوسـف الغيـاثي: غيـاث الأمـم في التياث الظلم (ط٢)، (د. ن) (١٤٠١هـ/١٩٨١م).

– البخـاري، محمـد بـن إسماعيـل بـن ابـراهيم: صـحيح البخـاري، تحقيـق المـصطفى ديـب (ط٣) دمـشق، بـيروت، دار ابـن الكـثير، دار اليمامـة (١٤٠٧هـ، ١٩٨٧).

– البغوي، الحسين بن مسعود بن محمد: التفسير البغـوي، معـالم التنزيـل، تحقيق محمد عبدالله النمر، عثمان جمعة ضميرية، سليمان مـسلم الحـرش (ط٤)، الرياض، دار طيبة (١٤١٧هـ/١٩٩٧م).

- البقاعي، برهان الدين ابراهيم بن عمر بن حسن: نظم الدرر في بيان تناسب الآيات والسور، تحقيق عبدالرازق غالب المهدي، بيروت، دار الكتب العلمية (١٤١٥هـ/١٩٩٥م).
- البيهقي، أحمد بن الحسين بن علي: أحكام القرأن للشافعي، جمع محمد بن زاهد الكوثري، تحقيق عبدالغني عبدالخالق، بيروت، دار الكتبة العلمية (١٤٠٠هـ/١٩٨٠م).
- الترمذي، محمد بن عيسى بن سورة: سنن الترمذي، وهو الجامع الصحيح، تحقيق عبدالوهاب عبدالطيف، عبدالرحمن محمد عثمان (ط٢) بيروت، دار الفكر (١٤٠٣هـ، ١٩٨٣م).
- ابن الجوزي، عبدالرحمن بن علي بن محمد: زاد المسير في علم التفسير، تحقيق احمد شمس الدين، بيروت، دار الكتب العلمية (١٤١٤هـ/١٩٩٤م).
- حاج حمد، محمد أبو القاسم: العالمية الإسلامية الثانية: جدلية الغيب والإنسان والطبيعة، بيروت، دار ابن حزم (١٤١٦هـ/١٩٩٦م).
- الحارث المحاسبي، الحارث بن أسد: الرعاية لحقوق الله، تحقيق عبدالحليم محمود، القاهرة، دار المعارف (١٩٩٠م). ابن حزم، علي بن أحمد بن سعيد: المحلى، القاهرة: دار الآفاق الجديدة، (د. ت).
- ابن حنبل، أحمد بن محمد بن هلال: المسند، تحقيق أحمد بن محمد بن شاكر، القاهرة، دار الحديث (١٤١٦هـ/١٩٨٣م).
- الخطيب، محمد عجاج: السنة قبل التدوين، (ط٤) القاهرة، مكتبة وهبة، (١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م).
- ابن خلاد، الحسن بن عبدالرحمن الرامهرمزي: أمثال الحديث، تحقيق عبدالعلي عبدالحميد، بومباي، الدار السلفية (١٤٠٤هـ/ ١٩٨٣م).

- ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن محمد: المقدمة، تحقيق علي عبدالواحد وافي، القاهرة، دار نهضة، مصر (٢٠٠٤م).
- الخولي، أمين التفسير، نشئته، تدرجه، تطوره، بيروت، دار الكتاب اللبناني (١٩٨٥م).
- الدارمي، عبدالله بن عبدالرحمن بن الفضل: سنن الدارمي، تحقيق: فواز أحمد زمرلي، خالد السبع العلمي، (ط٢)، بيروت، دار الكتاب العربي (١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م).
- دروزة، محمد عزة: تأريخ بني إسرائيل من أسفارهم وأحوال وأخلاق ومواقف اليهود و في عصر النبي (صلى الل) وبيئته من القرأن الكريم، بيروت، المكتبة العصرية (١٤٨٩هـ/١٩٦٩م).
- دروزة، محمد عزة،: القرأن والمبشرون (ط٣)، بيروت، دمشق، المكتب الإسلامي (١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م).
- الذهبي، محمد حسين: الإسرائيليات في التفسير والحديث (ط٣) القاهرة، مكتبة وهبة (١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م).
- الرازي، محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر: تفسير الرازي، تحقيق محمد رضوان الداية، بيروت دار الفكر المعاصر (١٤١١هـ/١٩٩٠م).
- الرازي، محمد بن عمر بن الحسين: المحصول في علم أصول الفقه، تحقيق طه جابر العلواني، الرياض، جامعة محمد بن سعود (١٤٠١هـ/١٩٨١م).
- الرازي، محمد بن عمر بن الحسين: مفاتيح الغيب، القاهرة المطبعة العامرة الشرفية (١٣٢٤هـ).
- الزركشي، محمد بن بهادر بن عبدالله: البرهان في علوم القرأن، تحقيق محمد أبوالفضل إبراهيم (ط٢) منقحة، بيروت، دار المعرفة (١٣٩١هـ/١٩٨٨م).

- الشافعي، محمد بن إدريس بن العباس: الرسالة تحقيق وشرح: أحمد محمد شاكر، القاهرة، مطبعة البابي الحلبي (١٣٠٩هـ).
- صبري، مصطفى: موقف العقل والعلم والعالم من رب العالمين وعباده المرسلين، بيروت، دار إحياء التراث العربي (١٤١٣هـ/١٩٩٢م).
- الطباطبائي، سيد محمد حسين: الميزان في تفسير القرأن، قم، جماعة المدرسين في الحوزة العلمية (١٤١٧ه).
- الطبري، محمد بن جرير بن يزيد: تفسير الطبري، تحقيق بشار عواد معروف، عصام فارس الحرستاني، بيروت، مؤسسة الرسالة، (١٤١٥هـ/١٩٩٤م).
- الطوسي، محمد بن الحسن بن علي، التبيان في تفسير القرأن تقديم آغا بزرك الطهراني، بيروت، دار إحياء التراث العربي (د. ط).
- الطيالسي، سليمان بن داود بن الجارود: مسند أبي داود، الطيالسي، تحقيق: محمد بن عبد المحسن التركين، القاهرة، هجر (١٤٢٠هـ/١٩٩٩م).
- ابن عاشور الطاهر، محمد طاهر ابن حمد بن عبد القادر: تفسير التحرير والتنوير، تونس، الدار التونسية للنشر (١٩٨٤م) (٣٠ج).
- عبد الخالق، عبد الغني: حجية السنة، بيروت: دار القرأن الكريم (١٤٠٧هـ/١٩٨٦م).
- ابن العربي، محمد بن علي بن محمد: أحكام القرأن، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية (١٤١٦هـ/ ١٩٩٦م).
- العلواني، طه جابر: اشكالية الردة، القاهرة، دار الشروق الدولية، (د. ت).
- العلواني، رقية طه جابر: أثر العرف في فهم النصوص قضايا المرأة أنموذجاً، دمشق، دار الفكر (١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م).

- الغزالي، محمد بن محمد بن محمد: إحياء علوم الدين، دمشق، دار قتيبة (١٤١٢هـ/١٩٩٢م).
- الفارابي، محمد بن محمد بن طرفان: التنبيه على سبيل السعادة، تحقيق: جعفر آل ياسين آل سعود، بيروت، دار المناهل (١٤٠٧هـ/١٩٨٧م).
- الفراهي، عبد الحميد: إمعان في أقسام القرأن، دمشق، دار القلم (١٤١٥هـ/١٩٩٤م).
- فياض، محمد جابر: الأمثال في القرأن الكريم، بغداد، دار شؤون الثقافية العامة (١٩٨٨م).
- ابن قيم الجوزية: إعلام الموقعين عن رب العلمين، تحقيق: محمد المعتصم بالله البغدادي، بيروت دار الكتب العربي (١٤١٦هـ/١٩٩٦م).
- ابن القيم الجوزية بدائع الفوائد، محمد منير الدمشقي، بيروت، دار الكتاب العربي (د. ت).
- ابن كثير، اسماعيل بن عمر البصري، تفسير القرأن العظيم، تحقيق: سامي ابن محمد السلامة (ط٢) الرياض، دار طيبة (١٤٢٠هـ/١٩٩٩م).
- ابن كثير، اسماعيل بن عمر البصري: فضائل القرأن، تحقيق: حجازي بن محمد بن شريف، القاهرة، مكتبة ابن تيمية (١٤١٦هـ/١٩٩٥م).
- الماوردي، علي بن محمد بن حبيب: الأحكام السلطانية والولايات الدينية، تحقيق: عصام فارس الحرستاني، محمد ابراهيم الزغلي، بيروت، المكتب الإسلامي(١٤١٦هـ/١٩٩٦م).
- محمد عبده بن حسن خير لله: الأعمال الكاملة للإمام محمد عبده، تقديم محمد عمارة، بيروت، المؤسسة العربية (١٩٨٠م).

- مسلم بن الحجاج بن مسلم: صحيح مسلم بشرح النووي تحقيق محمد فؤاد عبدالباقي، بيروت دار الكتب العلمية (١٤١٥ه/١٩٩٥م).
- ناصف، مصطفى: مسؤولية التأويل، القاهرة، دار السلام للطباعة والنشر و التوزيع (١٤٢٥ه/٢٠٠٤م).
- نعناعة، رمزي: بدع التفاسير في الماضي والحاضر، الرياض مؤسسة الأنوار (١٣٩٠هـ/١٩٧٠م).
- الهيثمي، علي بن ابي بكر بن سليمان: مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، التحقيق حسين سليم اسد الداراني، دمشق، دار المامون للتراث (١٤١٢هـ/١٩٩٢م).
- ابن الوزير، محمد بن ابراهيم بن علي: ترجيح اساليب القرأن على اساليب اليونان، بيوت، دار الكتب العلمية (١٤٠٤هـ/١٩٨٤م).